# گۆڤاری ناوەندی یاسایی

گۆڤارێکی یاسایی وەرزییە، ناوەندی کاروباری یاسایی دەریدەکات

ژمارە 9 ساڵی سێیەم، شوباتی 2024

# مافەکانی منداڵ لەبەردەم هەڕەشەی گۆڕانی کەشوهەوا لەعێراقدا

- هەڵسەنگاندنێکی یاسایی بۆ پێگەی زمانی دایک لە یاسای نێونەتەوەییدا
- مۆڵەتی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە لەلایەن فەرمانبەری گشتی
- عقود الزواج خارج المحاكم الشرعية - الأسباب والمآلات والحلول
- الوضع القانوني للرياضات الالكترونية

# گۆڤاری ناوەندی یاسایی

گۆڤارێکی یاسایی وەرزییە
ناوەندی کاروباری یاسایی دەریدەکات

هەواڵنامەی کتێب

ژمارە
9
ساڵی سێیەم | شوباتی ٢٠٢٤

ناونیشان: هەرێمی کوردستان - سلێمانی
بەختیاری-نزیک سەنتەری گەنجان
ئیمەیڵ: nawandiyasae.puk@gmail.com
تەلەفون: 07701521778

# گۆڤاری ناوەندی یاسایی


خاوەن ئیمتیاز | ناوەندی کاروباری یاسایی (ی.ن.ك)

سەرنووسەر | تەلار لەتیف

بەڕێوەبەری نووسین | د. ئیسماعیل نەجمەدین زەنگنە

07701574091|esmaelnajmadin@gmail.com



■ دەستەی نووسەران

| د.عێباد رۆحی

| د.ڕێبوار محەمەد ساڵح

■ دەستەی ڕاوێژکاری

| حاکم عەبدولکەریم حیدر علی

| پرۆفیسۆر د. سامان فەوزی عمر

| پارێزەر تاریق جامباز

■ نەخشەساز

| سیڤەر صالح

| شاهۆ عبدالرحمن

■ هەڵەچنی عەرەبی

| زبیدة زیاد بشیر

# ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە

١- ئەم گۆڤارە گرنگی دەدات بە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتانەی خوارەوە، چ بە زمانی کوردی یاخود بە زمانی عەرەبی:

- توێژینەوەی زانستی لە بواری یاسا.
- نووسین و بابەتی یاسایی.
- خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی کتێبی یاسا.
- خوێندنەوە و خستنەڕووی نامە و تێزی زانستی لە بواری یاسا.
- بڕیاری دادوەری.
- نواڕین (تەعلیق) لەسەر بڕیارە دادوەرییەکان.
- هەر بابەتێکی دیکەی یاسایی.

٢- پێویستە نووسەر ناو و ئیمەیڵ و تەلەفۆنی خۆی لەگەڵ بابەتەکەدا بنێرێت.

٣- پێویستە بابەتەکە ئۆرجیناڵ بێت و لە شوێنی تر بڵاو نەکرابێتەوە.

٤- گرنگە بابەتەکان پشت بە سەرچاوەی زانستی ببەستن و ڕەچاوی ئەمانەتی زانستی بکەن.

٥- پێویستە شێوازی دانانی سەرچاوەکان بە شێوەی (ئێند نۆت) بێت و بە شێوەی ژمارە بێت کە لە ژمارە – لە کەوانەدا – (١) دەست پێ دەکات بە کۆتا ژمارە لە پێش دەرئەنجام کۆتایی دێت.

٦- پێویستە ڕیزکردنی سەرچاوەکان بە هەمان ڕیزبەندیی ناو بابەتەکە بێت، بە دانانی ژمارە لە کەوانەدا (١) لە لیستی سەرچاوەکان لە کۆتاییدا.

٧- پێویستە ژمارەی سەرچاوەکان لە لیستی کۆتایی سەرچاوەکان لە نێوان دوو کەوانە دابنرێت بۆ نموونە (١). هەروەها دەبێت بە شێوەی دەستی (manually) ژمارەکان بنووسرێت.

٨- پێویستە هەر خشتە و فیگەرێك بەکار دەهێنرێت ژمارەی بۆ دابنرێت بۆ نموونە (خشتەی ژمارە ١).

٩- پێویستە سەرجەم بابەتەکان بە فۆنتی یونیکۆد بنووسرێت.

١٠- جگە لە سەروتار، سەرجەم بابەتەکانی دیکە گوزارشت لە ڕا و بۆچوونی نووسەرەکەی دەکات.

# تعليمات النشر

١- هذه المجلة تهتم بنشر المواضيع الآتية، سواء باللغة العربية أم الكردية:

- البحوث العلمية في مجال القانون.
- الكتابات والمواضيع القانونية.
- قراءة وشرح الكتب القانونية.
- قراءة وعرض الرسائل والأطروحات العلمية في مجال القانون.
- القرارات القضائية.
- التعليقات على القرارات القضائية.
- أية مواضيع قانونية أخرى.

٢- على الكاتب ارسال اسمه وعنوان بريده الالكتروني ورقم هاتفه مرفقا بالموضوع.

٣- ان تكون المواضيع حديثة وغير منشورة في اماكن اخرى.

٤- من المهم ان يستند الموضوع الى مصادر علمية وتراعى فيه الامانة العلمية.

٥- ينبغي ان تكون كتابة المصادر بشكل (ايند نوت) وبأرقام توضع بين قوسين بدءا من الرقم (١) الى آخر رقم قبل الاستنتاجات.

٦- يجب أن يكون ترتيب المصادر بنفس ترتيبها داخل الموضوع وذلك بوضع ارقام بين قوسين (١) في قائمة المصادر بنهاية الموضوع.

٧- يجب كتابة ارقام المصادر بالقائمة النهائية بين قوسين (١) وكذلك كتابتها بشكل يدوي (manually).

٨- يجب وضع ارقام لأي جداول او رموز ترد في الموضوع مثلا (الجدول رقم ١).

٩- يجب كتابة المواضيع بخط يونيكود.

١٠- باستثناء المقال الافتتاحي، فإن جميع المواضيع الأخرى تعبر عن آراء أصحابها.

هەولێنامەی کتێب

# پێڕست

## سەروتار


- چەند سەرنجێك دەربارەی زمانی كوردی وەك زمانی دایك و زمانی فەرمی, **تەلار لەتیف**..............................۹-۱۰


## بابەتە کوردییەکان


- هەڵسەنگاندنێکی یاسایی بۆ پێگەی زمانی دایک لە یاسای نێونەتەوەییدا, **پ.ی.د. عێباد ئیبراهیم ئەحمەد**.........................۱۳-۲۵
- یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراقدا (بەشی دووەم) ، **پ.ی. کاروان اورحمان اسماعیل بابان**..............................۲۷-۴۲
- مافەکانی منداڵ لەبەردەم هەڕەشەی گۆڕانی کەشوهەوا لەعێراقدا، **د.هیوا رشید**..............................۴۳-۴۹
- ئایا چاودێری پەرلەمانی کوردستان (۲۰۰۵- ۲۰۰۹) لە ئاستی پێویستدا بوو(خولی دووەم بە نموونە)۱۹۹۲، **تاریق جامباز**..............................۵۱-۵٦
- کەلێنەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (۱)ی ساڵی (۲۰۲۱)بەشی سێیەم (کۆتایی).۵۷-۷۰
  **د. ابراهیم عمر ابراهیم خۆشناو**
- مۆڵەتی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە لەلایەن فەرمانبەری گشتی لەنێوان دەقە یاساییەکان و جێبەجێکردنە کردارییەکاندا((هەرێمی کوردستان وەک نموونە))، **عەبدولقادر ساڵح عەبدول** ..............................۷۱-۸٤
- مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان:دەرفەت و ئاڵنگارییەکان، **پارێزەر: عیماد حەمید عەلی**..............................۸۵-۹۲
- خوێندنەوەیەک بۆ یاسای ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان، **پارێزەر: سەرخێڵ کامەران محمد**..............................۹۳-۹۹


## المواضيع العربية


- عقود الزواج خارج المحاكم الشرعية - الأسباب والمآلات والحلول، **د. نوري حمه سعيد حيدر**..............................۱.۳-۱۰۸
- ملاحظات حول المادة ( اربعون ) من قانون الأحوال الشخصية رقم ۱۸۸ لسنة ۱۹۵۹ المعدل، **گۆران علی محمد**..............................۱۰۹-۱۱۳
- قانون الدولي الخاص: بين القانون الخاص و العام ، **د: يحيى جلال عبدالله**..............................۱۱۵-۱۲۰
- الوضع القانوني للرياضات الالكترونية، **د.سانا كمال عبدالله**..............................۱۲۱-۱۲۳
- الأطر القانونية لسقوط الأئتمان، **م.م رزگار عبدول محمدامين**..............................۱۲۵-۱۳۳


## تەعلیق لەسەر بڕیارە دادوەرییەکان


- الجريمة المركبة في قانون العقوبات العراقي، **القاضي : عبدالكريم حيدر علي** ..............................۱۳۷-۱۳۹
- چەند سەرنجێک لەسەر بڕیاری دادگای پێداچونەوەی هەرێم ژمارە ۸۳/ دەستەی گشتی شارستانی،**د.ئاوات حاجی**..............................۱٤۱-۱٤۲


## القرارات القضائية


- **القرارات التمييزية في اقليم كوردستان**..............................۱٤۵-۱٦۷
- **القرارات التمييزية الاتحادية** ..............................۱٦۸-۱۷٤


## خستنەڕووی کتێب


- خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی : ( الضمانات السياسية لأستمرار الدولة الفدرالية )..............................۱۷۷-۱۸۵

**نوسینی : پ.د.شۆڕش حسن عمر | خوێندنەوەی : د.ئیسماعیل نەجمەدین**

# سەروتار

## چەند سەرنجێك دەربارەی زمانی کوردی وەك زمانی دایك و زمانی فەرمی

تەلار لەتیف

سالانە ولەڕێکەوتی ٢١ ی شوبات، لەتەواوی جیهاندا یادی ڕۆژێك دەکرێتەوە، ئەو یادەش پەیوەست کراوە بە بەهایەکی گرنگ و جێی بایەخی تەواوی نەتەوە و گەلانی دونیا، گەلان بەبێ جیاوازی، گەلانی سەردەست وژێردەست، ئەویش یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکە..

بۆ نەتەوەی کورد ئەم ڕۆژە گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە زمانی کوردی وەك زمانی دایك ئەگەرچی بەرەو پێشچونی بەرچاوی بڕیوە بەتایبەت لەهەرێمی کوردستاندا، هێشتا ئاڵنگاریەکانی بەردەمی بەتەواوی ڕانەماڵراوە.

لەو پێشکەوتننانە دەکرێت باسی دەستوری کۆماری عێراق بکەین کە لەماددەی ٤ بڕگەی یەکەمیدا بەڕوونی زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی وەك زمانی فەرمی وڵات دەناسێنێت. ئەو دانپێدانانەش بەدەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە زیاتر بەرجەستە دەبێت و ڕێکدەخرێت. بەجۆرێك لەماددەی ٣ی یاسای زمانە فەرمیەکان ژمارە ٧ ی ساڵی ٢٠١٤ هدا، هەمان حوکمی دەستوریی جێگیرکراوەتەوەکاتێك دەڵێت (زمانی عەرەبی و زمانی کوردی، دوو زمانی فەرمین لەعێراقدا).

دواتر هەر لەهەمان ئەو یاسایەدا تەواوی ئەو دیکۆمێنت و بەڵگە و نوسراوکاریانەی نێوان حکومەتی فیدرالی و هەرێم بەمەرج گیراوە دەبێت بەهەردوو زمانی فەرمی بنوسرێن.. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش یاسای زمانە فەرمییەکان لەهەرێمی کوردستان_عێراق ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠١٤ دەرکرا تێیدا سەرباری جەختکردنەوە لەو حوکمە دەستوریەی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وەك دوو زمانی فەرمی دەناسێنێت. مەرجی یاساییە لەهەرێمدا پرۆژە یاساکان لەپەرلەماندا بەکوردی گفتوگۆ بکرێن ویاساکان هەر بەزمانی کوردی لەڕۆژنامەی فەرمی بڵاوبکرێنەوە، سەرباری ئامادەکردن وبڵاوکردنەوەی وێنەیەکی یاساکە بەزمانی عەرەبی، و دەقە کوردییەکە دەبێتە بنەما و سەرچاوە..

هەروەها یاساکەی هەرێم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت هەمو ڕێکارە دادوەریەکان بەبڕیاری دادگاکانیشەوە بەزمانی کوردی بەڕێوەدەچن و دەنوسرێن، لەگەڵ پێدانی دەرفەتی دابینکردنی وەرگێڕ گەر لایەنێکی داوا زمانی کوردی نەزانێت.

سەربارى ئەو پێشکەوتنانە دەکرێت چەند کورتە سەرنجێك تۆمار بکەین دەربارەی بابەتەکە:
•سەربارى ڕوونی و ڕاشکاوی دەستور و یاساکان بەتایبەت لەسەر ئاستی حکومەتی فیدرالی، هێشتا بەکارهێنانی زمانی کوردی ئەو پێگە دەستورییەی پێنەدراوەکە پێویست بوو، یاساکان بەزمانی عەرەبی گفتوگۆ دەکرێن و دەردەکرێن، دیکۆمێنت و بەڵگە و نوسراوکاریی فەرمی بەزۆری بەزمانی عەرەبین.. زمانی کوردی ڕۆڵێکی زۆر کەمی پێدراوە، ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت گەر بوترێت ڕۆڵەکەی خەریکە لە وەرگێڕانی ڕستە و دەستەواژەکانی سەر تابلۆی ناونیشانی دامەزراوە فەرمییەکان و پێگە ئەلیکترۆنیەکانیان قەتیس دەبێت..
•زمانی خوێندن و فێربوون بەکوردی لەسەرئاستی حکومەتی فیدرالی هیچ گرنگی پێنادرێت، مەگەر لەو ناوچانەی زۆرینەی کورد زمانی تێدا نیشتەجێیە، ئەگەرچی ئەمە بۆ گرنگیپێدان و بەرجەستە کردنی مافی خوێندن بەزمانی دایك گرنگە، بەڵام بۆ گرنگیدان و بەهەند وەرگرتنی زمانی فەرمی کوردی لەلایەن زۆرینەی دانیشتوانی عێراقەوە پێویست دەکات لەناوەندەکانی خوێندنی تەواوی هەرێم و پارێزگاکانی عێراق گرنگی تەواوی پێبدرێت، بەجۆرێك بەتەنها کورد زمان داواکراو نەبێت لەعەرەبی بگات و قسەی پێبکات، بەڵکو دەبێت عەرەب زمانیش داواکراو بێت زمانی کورد بزانێت و قسەی پێبکات..
•زمانی کوردی وەك هاوزمانی فەرمی لەعێراقدا هەنگاوی نەبڕیوە بەرەو زمانی دیبلۆماسیی، تاوەکو ئێستا لەعێراقدا زمانی عەرەبی زمانێکی زاڵە لەنێوەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و دیبلۆماسیەکانی عێراق.. ئەگەرچی بۆ چەند خولێك وەزیری بەرپرس لەو مەلەفە کورد زمان بووە ..
•لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، ئەگەرچی ئەو گرنگیپێدانە تەشریعیە بەدیدەکرێت لەمەڕ زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی بنچینەیی لەهەرێمدا، بەڵام لەسەر ئاستی پەروەردە و فێرکردن هەست بەوە دەکرێت جیا لەزمانی عەرەبی، زمانی بیانی کەنمونە زاڵەکەی ئینگلیزییە پانتاییەکی فراوانی گرتووە، بەجۆرێك لەشارەکانی هەرێمی کوردستان دەیان خوێندنگە و ناوەندی پەروەردەیی کراونەتەوە زمانی خوێندن تێیاندا زمانی ئینگلیزییە یان تورکیە یان فەرەنسیە ..هتد.
•زمانی کار یان زمانێك بۆ دەستکەوتنی هەلی کار، لەسەر ئاستی فیدرالی و هەرێمیش تاڕادەیەکی زۆر زمانی کوردی نیە! بەڵکو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی..تد بەشێوەیەکی بەرچاو بەدەستهێنانی هەلی کار بۆ داواکارانی زیاد دەکەن، بەتایبەت دامەزراندن لەکەرتی گشتی نەماوە یان زۆر سنوردار بووە، بەڵکو هەلی کار لەکەرتی تایبەتەوە دێت بەتایبەت کەرتی بازرگانی و گەشتوگوزار ئەو دیاردە زۆرتر بەرچاوە تێیاندا ..

ئەو سەرنجانە پێمان دەڵێن؛ ئێمە تا شوێنی مەبەست زۆرمان ماوە، تەنیا ئەوەی لە دەستور و یاساکاندا باسی بکرێ کە زمانی کوردی یەکێکە لەزمانە فەرمییەکان لەعێراقدا هەنگاوی کۆتایی و تەواو نابێت، بەڵکو پێویستی بەهەنگاوی کرداری دەبێت تاوەکو لەهەمو ئاستەکاندا وەك زمانی فەرمی بەرجەستە بێت، بەشێکی ئەو ئاستانە لەو سەرنجانەی سەرەوە باسکراون و چەندینی دیکەش هەن دەبێت تەیی بکرێن بۆ ئەو مەبەستە.

# بابەتە
# کوردییەکان

هەواڵنامەی کتێب

# هەڵسەنگاندنێکی یاسایی بۆ پێگەی زمانی دایک لە یاسای نێونەتەوەییدا

پ.ی.د. عێباد ئیبراهیم ئەحمەد| دکتۆرا لە یاسای نێونەتەوەییدا|مامۆستا لە زانکۆی جیهان-سلێمانی

"لە جیهاندا تەنیا یەک زمانی فەرمیی هەیە؛ بێجگە ئەو زمانە، هەموو زمانەکانی دیکە، نافەرمین. ئەو تاکە زمانەش، زمانی دایکە."

## پێشەکی

زمان وەکوو بەردی بناغەی ناسنامەی نەتەوەکان پێناسەدەکرێت و گرینگترین کۆڵەکەی مانەوەی هەر گەلێکە. زمانی کوردی کە ملیۆنان کەس لە ئاستی کوردستان و دەرەوەی کوردستان ئاخێوەری هەیە، سەرەڕای دەوڵەمەند بوونی بە وشەدانێکی ناوازە، لە ناو چوارچێوەی سیاسەت و یاسا ناوخۆییەکاندا، لەبەردەم مەترسیەکی زۆر تونددایە. لە لایەکەوە سیاسەتی یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە و یەک زمان وەکوو بەهێزترین مەترسی بەردەوامە و لە لایەکی دیکەشەوە ئاخێوەران و سیاسەتدانەرانی کوردیش بە کەمتەرخەمی یان بە تێوەگلان لە کولتوور و چاندی نەتەوەی سەردەست و دابەستەبوون بە کۆلۆنیالیزمی کەلتووری، بوونەتە بەشێک لە مەترسی بۆ سەر زمانی کوردی؛ هەرچەند دۆخی زمانی کوردی، لە پارچەکانی کوردستان، بە هۆی جیاوازی یاسا و سیاسەتەکان لە گەڵ یەکدی جیاوازە و لە هەرێمی کوردستان تا رادەیەک باشترە؛ بەڵام لەبەر نەبوونی سیاسەتێکی زمانیی و نەبوونی یاسایەکی روون و دیاریکراو، بۆ هەموو بوارەکانی بەکارهێنانی زمان و هەروەها نەبوونی دەستەبەری ئاکارەکی لەبەرانبەر پێشێلکاری یاسا و رێنماییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی، دۆخی ئەم زمانە، لە باشووری کوردستانیش زۆر جێگای هیوا و دڵخۆشی نییە و لە ژێر مەترسیدایە. بەهەستکردن بە ئەم مەترسییە و هاوکات لە گەڵ رۆژی جیهانی زمانی دایک، ئەم نووسراوە لە ژێر تیشکی یاسای نێونەتەوەیی و جاڕنامەی جیهانی مافە زمانییەکاندا، بەگشتی

هەڵسەنگاندنێکی یاسایی بۆ دۆخی زمانی دایک دەکات و هاوکات بۆ پشتگیریی و جەختکردن لەسەر پەروەردە بە زمانی دایک، سەرچاوەکانی دیکەی یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ لە گەڵ جارنامەکەدا، شرۆڤەدەکرێت و لێکدەدرێتەوە.

**پێگەی زمانی دایک لە یاسای نێونەتەوەییدا**

بە پێچەوانەی مافەکانی دیکەی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٤٥ەوە بە شێوەیەکی دوور لە دوو دڵی لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا دانپێدانراون، دانپێدانانی ئاشکرا و دەستەبەرکراو بە مافی زمانەوانی تارادەیەک پشت ئەستوور نیە. ئەمەش لەسەر بنەمای سیاسەتی زاڵی دەوڵەتەکانە بەرانبەر بە فرەجۆری زمانیی و فرەچاندیی لە گەلانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندایە. لە ڕاستیدا مافەکانی زمان یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ کە بەشێکە لە کۆمەڵێک ڕێسا و بنەما و مافی حاشاهەڵنەگر و گشتگیر بۆ سوودمەندبوونی دادپەروەرانە لە مافە مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و چاندییەکانی مرۆڤ.

مافی زمانی دایک و مافە زمانەوانیەکان لەلایەن پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانەوە (ICCPR)، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ جەختیان لەسەر دەکرێت.

لە کاتێکدا زۆربەی یاسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بە ڕەهەندی نەرێنی و لە ڕوانگەی نەرێنیەوە ئاماژەیان بەزمان کردووە، بەو مانەیەی کە ئاستەنگی بۆ زمان سازنەکرێت و جیاکاری لەسەر بنەمای زمان، قەدەغەدەکردێت؛ مادەی ٢٧ی ICCPR بۆ یەکەمجار مافی زمان، وەک مافێک پێناسەدەکات و ئەرکێکی سەپاندووە بەسەر دەوڵەتانی ئەندامدا و پابەندی کردوون کە خۆیان لە ڕەتکردنەوەی مافی زمانی کەمینە زمانەوانییەکان بەدوور بگرن. بەو مەرجەی کە:

لەو دەوڵەتانەی کە کەمینە نەتەوەیی، ئایینییەکان یان زمانەوانییەکان تێیدا بوونیان هەیە، نابێت کەسانی سەر بەو کەمینانە، نابێ لە مافی چێژوەرگرتن لە کولتوری خۆیان، دانپێدانان و پراکتیزەکردنی ئایینی خۆیان، یان بەکارهێنانی زمانی خۆیان، بێبەشبکرێن.

لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕوونی جەختی لەوە کردووە کە مادەی ٢٧ی ICCPR مافی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ دەدات بە تاکەکانی سەر بە کەمینە زمانییەکان بۆ بەکارهێنانی زمانەکەیان لە نێوان خۆیاندا، بە شێوەیەکی تایبەت یان بە گشتی.

هەروەها ICCPR بە ناڕاستەوخۆ مافی زمانی هەموو کەسێکی لە ئەگەری لێپێچینەوەی تاوانکاریدا دەستەبەر کردووە. مادەی ١٤ (٣) ڕادەگەیەنێت:

لە دیاریکردنی هەر تۆمەتێکی تاوانکاریدا، هەموو کەسێک مافی ئەم کەمترین دەستەبەریانەی خوارەوەی بە شێوەیەکی یەکسان هەیە:

١)بەپەلە و بە وردی بە زمانێک کە تێیدەگات، لە سرووشت و هۆکاری ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەی کراوە، ئاگادار بکرێتەوە؛

٢)ئەگەر نەتوانێت لەو زمانە تێبگات یان قسەی

پێبکات کە لە دادگادا بەکاردەهێنرێت، هاوکاری بێبەرانبەری وەرگێڕی هەبێت؛ ئەم بڕگەیە ئەرکێکی ڕەها بە سەر دەوڵەتدا دەسەپێنێت کە بە هەر نرخێک بێت جێبەجێ بکرێت.

هەروەها پەیماننامەی مافەکانی منداڵان (CRC) ڕێسا و ڕاسپاردە وپابەندییەکانی ICCPRای سەبارەت بە مافەکانی منداڵانی سەر بە کەمینە زمانەوانییەکان دووبارە کردووەتەوە. بۆیە کەمینەکان و منداڵانی ڕەسەن مافی بەکارهێنانی زمانی خۆیان هەیە، لەنێو ئەوانی تردا.

پەیماننامەی نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی مافەکانی هەموو کرێکارانی کۆچبەر و ئەندامانی خێزانەکانیان (CMW) مافی لێکدانەوەی ئازاد و ئاگاداربوون بەو زمانەی کە دەتوانن لێی تێبگەن، پاراستووە.

منداڵانی کرێکارانی کۆچبەر و خەڵکی ڕەسەن بە زمانی دایکی خۆیان پەروەردە بکرێن بەپێی پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار (ILO) ژمارە ١٠٧ و ١٦٩ دەتوانن زمانی خۆیان لە قوتابخانەکاندا دامەزرێنن.

پەیماننامەی سێیەمی جنێڤ سەبارەت بە پرسیارکردن لە دیلەکانی جەنگ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەو زمانەی کە دەتوانن لێی تێبگەن زانیارییەکانیان پێبدەن و بە زمانی خۆیان قسە بکەن. لە ئەنجامدا دەتوانرێت بڵێین کە مافی زمان بە ڕوونی بەپێی یاسا نێونەتەوەییە جیاوازەکان دەستەبەرکراوە.

جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافی کەسانی سەر بە کەمینە قەومی، نەتەوەیی، ئایینی و زمانەوانییەکان (UNDM) ساڵی ١٩٩٢، یەکەم بەڵگەنامەیە کە لانیکەم، بە شێوەیەکی بەرفراوان مافی زمانی بۆ کەمینە زمانەوانییەکانی ناساندووە.

بڕیارنامەی ئەنجومەنی گشتی سەبارەت بە فرە زمانی، بەڵگەنامەیەکی دیکەی پەیوەندیدارە کە دەوڵەت بۆ پاراستنی زمانەکان و هاندانی فرە زمانی ئەرکدار دەکات. لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی ئەم بڕیارنامەیە پاراستن و پێشخستنی و پاراستنی هەمەجۆریی زمانییە لەناو خودی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەروەها پێویستی دانپێدانانی مافەکانی خەڵک بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆیان لە سەرانسەری جیهان دووپاتکردوتەوە. ئەم بڕیارنامەیە بە وردی ڕایگەیاندووە و داوا لە هەموو دەوڵەتەکان دەکات هەموو ئەو زمانانە بەرەوپێش ببەن و بیانپارێزن کە خەڵک لە سەرانسەری جیهاندا بەکاریان دەهێنن. دەستپێشخەرییەک کە داوا لە دەوڵەتەکان دەکات ڕێوشوێنی ئەرێنی بگرنەبەر بۆ پێشخستن و پاراستنی هەموو ئەو زمانانەی کە گەلەکەیان قسەی پێدەکەن.

پەیماننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ (ECPH) سەبارەت بە مافی زمان لە مادەی شەشەم (٢) و (٣)دا ڕایگەیاندووە کە:

٢- هەرکەسێک دەستگیر دەکرێت بەپەلە، بە زمانێک کە لێی تێبگات، لە هۆکاری دەستگیرکردنی و هەر تۆمەتێک کە ئاراستەی دەکرێت ئاگادار دەکرێتەوە؛

٣. هەر کەسێک بە تاوانێک تۆمەتبار بکرێت ئەم کەمترین مافانەی هەیە:

أ.بە خێرایی، بە زمانێک کە لێی تێبگات و بە

وردی، لە سروشت و هۆکاری تۆمەتەکە ئاگادار بکرێتەوە؛
ب.یارمەتی وەرگێڕێکی بێبەرامبەری هەبێت ئەگەر نەتوانێت لەو زمانە تێبگات یان قسەی پێبکات کە لە دادگادا بەکاردەهێنرێت؛
سیستەمی مافی مرۆڤی ئەوروپی پێشکەوتنی زۆری دیکەی هەیە سەبارەت بە مافەکانی کەمینە زمانەوانییەکان.
بنەڕەتنامەی یەکێتی ئەوروپا داوا لە یەکێتیەکە دەکات ڕێز لە جۆراوجۆری زمانەوانی بگرێت. جارنامەی ئەوروپی بۆ زمانە ناوچەیی و کەمینەکان (ECRML) بە شێوەیەکی سەرەکی بە مەبەستی پاراستن و پێشخستنی زمانە مێژووییە ناوچەییەکان یان کەمینەکانی ئەوروپا، پاراستن و پەرەپێدانی باو و میراتە کولتوورییەکانی ئەوروپا و دڵنیابوون لە ڕێزگرتن لە مافی بەکارهێنانی زمانێکی ناوچەیی یان کەمینەکان لە ژیانی تایبەتدا و هەروەها لە ژیانی گشتیدا و ژیانی تایبەت، دانراوە و قسەکەران سوودمەند دەبن لەم پاراستنە.
سیستەمی مافی مرۆڤی ئەوروپی چەندین بەڵگەنامەی دیکەی سەبارەت بە مافە زمانییەکان هەیە. پەیماننامەی چوارچێوەی پاراستنی زمانە کەمینەکان ئەرکێک بەسەر دەوڵەتەکاندا دەسەپێنێت کە ڕێوشوێن بۆ پێشخستنی هەمەجۆریی زمانەوانی بگرنەبەر. هەروەها مافی هەموو ئەوانەی کە سەر بە کەمینەیەکی نەتەوەیین بۆ بەکارهێنانی ناوی بنەماڵە و ناوی یەکەمی خۆیان بە زمانی خۆیان دەستەبەردەکات و مافی ئەوەیان پێدەبەخشێت کە بە فەرمی بەم ناوانە بناسرێنەوە. بە هەمان شێوە مافی خوێندن بە زمانی کەمینە لە مادەی ١٤ی هەمان پەیماننامەکەدا هاتووە.
زۆربەی دەوڵەتانی ئەفریقا چوارچێوەی گشتی سیاسەتی زمانیان گرتۆتەبەر کە لە کۆلۆنیالیزمەکەیانەوە بۆیان ماوەتەوە.
بنەڕەتنامەی ڕێکخستنی یەکێتی ئەفریقا (OAU) بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە 'زمانی کارکردنی ڕێکخراوەکە و هەموو دامەزراوەکانی، ئەگەر بتوانرێت، زمانە ئەفریقییەکان، ئینگلیزی و فەرەنسی دەبن'. ئەم جارنامەیە ڕێکخستنی نموونەیی نیشانداوە بە پێشبینیکردنی بەکارهێنانی زمانە ئەفریقییەکان تەنانەت لە ئاستی یەکێتیەکەدا.
بەڵام مادەی ١٧(٢)ی بنەڕەتنامەی ئەفریقا بۆ خۆشگوزەرانی منداڵان باس لە مافەکانی تۆمەتباری هەرزەکار دەکات کە بەپەلە بەو زمانەی کە لێی تێدەگات ئاگادار بکرێتەوە و وەرگێڕی بێبەرانبەر بەدەستبهێنێت بە مەرجێک لەو زمانە تێنەگات کە دادگا بەکاری دەهێنێت.
جارنامەی کولتووری ئەفریقا باس لەوە دەکات کە زمان بەشێکی دانەبڕاوە لە کولتوور و داوا لە دەوڵەتەکان دەکات کە سیاسەتێک پەرەپێبدەن کە بەڕوونی پێویستی بە بەکارهێنانی زمانە ئەفریقییەکان هەیە لە پەروەردەدا، بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی دادپەروەری و ئابووری و گەشەپێدان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پێشکەوتنی کولتووری و خێراکردنی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو دانیشتووان. هەرچەندە لە مادەی ١٩ی

ئەم جاڕنامەیەدا هاتووە کە 'ناساندنی زمانە ئەفریقییەکان لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا دەبێت شانبەشانی کاری خوێندەواری لەنێو خەڵکدا بەگشتی بکرێت.

مادەی دووەمی جاڕنامەی گەنجانی ئەفریقا AYC دان بە مافەکانی گەنجانی گرووپە پەراوێزخراوە نەتەوەیی، ئایینییەکان و زمانییەکان یان گەنجانی بەرەچەڵەک ڕەسەن دەنێت کە زمانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گروپەکەیان بەکاربهێنن.

بە هەمان شێوە، مادەی ٢٠(١)ی AYC دەوڵەتانی ئەندام پابەند دەکات کە:

هـ- بەکارهێنانی داهێنەری گەنجان بۆ پێشخستنی بەها و باوە کولتووریە ناوخۆییەکان بە نوێنەرایەتیکردنیان بە شێوازێک کە لەلایەن گەنجانەوە قبوڵکراو بێت و بە زمانێک و بەو شێوازەی کە گەنجان بتوانن پەیوەندییان پێوە هەبێت.

جاڕنامەی ئەسمارا لە ساڵی ٢٠٠٠ سەبارەت بە زمان و ئەدەبیاتی ئەفریقا رایگەیاندووە:

(١) هەموو منداڵانی ئەفریقا مافی حاشاهەڵنەگریان هەیە کە بچنە قوتابخانە و فێری زمانی دایکی خۆیان بن و هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ پەرەپێدانی زمانە ئەفریقییەکان لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا.

(٢) گەشەسەندنی کاریگەر و خێرای زانست و تەکنەلۆژیا لە ئەفریقا پەیوەستە بە بەکارهێنانی زمانە ئەفریقییەکان.

(٣) زمانە ئەفریقییەکان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگن.

(٤) زمانە ئەفریقییەکان بۆ دژەکۆلۆنیالیزەکردنی مێشکی ئەفریقی و بۆ ڕێنێسانسی ئەفریقا زۆر گرنگن جگە لە هەموو ئەمانە، ڕێنێسانسی کولتووری بووەتە یەکێک لە کارنامە سەرەکییەکانی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەفریقا. لە ساڵی ٢٠٠٦، ئەنجومەنی سەرۆکانی یەکێتی ئەفریقا لە کۆبوونەوەکەیدا لە خەرتومی سودان، کە وەک "ساڵی زمانەکانی ئەفریقا" تەرخانکرابوو و ئەکادیمیای زمانەکانی ئەفریقا (ACALAN) ئەرکی پێدرا بۆ ئەوەی ببێتە ئۆفیسی تایبەتمەندی یەکێتی ئەفریقا.

## جاڕنامەی جیهانی مافە زمانیەکان (UDL)

جاڕنامەی جیهانی مافە زمانیەکان دیارترین بەڵگەنامەیە کە بە تەنیا مامەڵە لەگەڵ مافە زمانییە دەکات. پێشەکی ئەم جاڕنامەیە پشتڕاستی دەکاتەوە کە پەسەندکردنی لەسەر بنەمای ئەو مافە زمانییانە دامەزراوە کە بەپێی پەیماننامە جیاوازەکانی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی دانپێدانراون. لێرەوە دەتوانرێت ئەوەش بڵێین کە ئەم بەڵگەنامەیە لێکدانەوەیەکی گشتگیرە بۆ ئەو مافە زمانەوانیانەی کە بەسەر پەیماننامە نێونەتەوەییە جیاوازەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

مادەی ٣,١ی ئەم جاڕنامەیە هەندێک مافی زمانی وەک "مافێکی کەسیی حاشاهەڵنەگر" ناوزەد کردووە کە:

ئەم جاڕنامەیە ئەمانەی خوارەوە بە مافی کەسیی حاشاهەڵنەگر دەزانێت کە لە هەر بارودۆخێکدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت:

مافی دانپێدانان وەک ئەندامی کۆمەڵگەیەکی زمانی؛
مافی بەکارهێنانی زمانی خۆی چ لە ڕووی تایبەت و چ لە ڕووی گشتی؛
مافی بەکارهێنانی ناوی خۆی؛
مافی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەی زمانی ڕەسەنی مرۆڤ؛
مافی پاراستن و پەرەپێدانی کولتووری خۆی؛
مافی پاراستن و پەرەپێدانی کولتووری خۆی؛
و هەموو مافەکانی دیکەی پەیوەست بە زمان کە لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦ و پەیماننامەی نێونەتەوەیی بۆ مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی هەمان بەرواردا هاتووە.

زۆر گرنگە کە ئەم مافانە 'مافی کەسیی حاشاهەڵنەگر' بن و لە هەر بارودۆخێکدا بەبێ هیچ سنووردارکردنێک بەکاربهێنرێن. مافەکانی 'کۆمەڵگەی زمانەوانی' بۆ بەکارهێنانی فەرمی زمانەکەیان؛ مافی پەروەردە بە زمانی خۆیان؛ مافی هەر کەسێک بۆ ئەنجامدانی هەموو چالاکییەکان لە شوێنی گشتی، لە کایەی کەسی و بنەماڵەیی بە زمانی خۆی و مافی پێکهاتە زمانەوانییەکان بۆ ئەوەی یاساکان بە زمانی خۆیان بڵاوبکرێنەوە، هەندێک لەو مافە زمانەوانییە سەرەتاییانەن کە بەپێی ئەم جاڕنامەیە دەستەبەرکراون. جاڕنامەکە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە مافە زمانەوانییە دانپێدانراوەکانی تاک و گروپەکان بە شێوەیەکی گشتگیر پێناسەدەکات.

هەرچەندە پێگە و بنەما گشتییەکانی سیستەمی مافی مرۆڤ بەرامبەر بە مافە زمانەوانیەکان لە ژێر ڕۆشنایی بنەما گرنگەکانی وەک بناگەی یەکسانی و بناگەی جیاکاری نەکردن، کە لە چەندین بەڵگەنامەی مافی مرۆڤ وەک بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەن (١٩٤٥)، جاڕنامەی جیهانی مافەکان مرۆڤ(١٩٤٨)، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (١٩٦٦) ، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (١٩٦٦) دانپێدانراون، دەتوانرێت دەربهێنرێت، بەڵام بۆ ئەوەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بێ جیاکاری لە نێوان هەموو گروپە زمانییە جیاوازەکاندا مسۆگەر بکرێت، بۆ دەستنیشانکردنی بنەما گشتییەکان کە هاندەر و بەرەوپێشبەردنی پێگە و ڕێزگرتنی هەموو زمانەکان دەبن و بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییان لە ژینگە گشتی و تایبەتەکاندا، و بۆ ڕێگریکردن لە لەناوچوون و تێکچوونی زمانەکان لە بەرامبەر هۆکارە جیاوازەکان کە سروشتی نازمانییان هەیە، وەک هۆکاری مێژوویی، سیاسی، هەرێمی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و هتد، لەبەرچاو دەگیرێن. هەر لەبەر ئەم هۆکارە کۆنفرانسی جیهانی مافی زمان کە لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لە بەرشەلۆنە پایتەختی ئیسپانیا بە سەرپەرشتی یونسکۆ بەڕێوەچوو، جاڕنامەیەکی تایبەت بە مافەکانی زمان دارشت و پەسەندی کرد، کە بنەما گشتییەکانی لەخۆگرتووە بە مەبەستی زامنکردنی ئەو بابەتانەی باسکران زۆر گرنگە.

لە پێشەکی ئەو جاڕنامەیەدا، هاوشێوەی پێشەکییەکانی زۆرێک لە بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ، تا ئێستا لە ئاستی نێونەتەوەیی و تەنانەت هەرێمیشدا چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە بە مەبەستی دانان بە ماف و ئازادییەکانی هەمووان بە یەکسانی و بەبێ هیچ جیاکارییەک لە ژێر ڕۆشناییدا بەڵگەنامە نێونەتەوەیی و ناوچەییە گشتی و تایبەتەکان. هەروەها باسی لەو چالاکییە تایبەتانە کردووە کە بۆ پشتیوانی لە کەمینە زمانییەکانی پەیوەست بە گەلانی ڕەسەن لە شێوەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەیی ئەنجام دراون.

پێویستیی گرنگیدان بە زمانە بەرمەترسییەکان - کە بە شێوەیەکی سەرەکی سەر بە گرووپە ڕەسەنەکانن کە مافی سەروەری نەتەوەییان نییە - و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ پشتگیریکردنیان، جەختی لەسەر کراوەتەوە، و داڕشتن و پەسەندکردنی جاڕنامەی جیهانی مافە زمانەوانیەکان بۆ ناهاوسەنگی زمانەوانی ڕاست لە ژێر ڕۆشنایی دەستەبەرکردنی ڕێزگرتن و پەرەپێدانی تەواوی هەموو زمانەکان و دامەزراندنی بنەماکان بۆ ئاشتی و یەکسانی زمانی دادپەروەرانە لە سەرانسەری جیهان وەک فاکتەری سەرەکی بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دروستەکان پێویستە.

لە برگەی یەکەم تا شەشەمی جاڕنامەی جیهانی مافە زمانەوانیەکان، لە ژێر ناوی پێشەکیدا، باس لە چەمک و تێگەیشتنە گشتی و گشتییەکانی سەرجەم برگەکانی ئەم جاڕنامەیە دەکات، کە بە کورتی خراوەتەڕوو.

برگەی یەکەمی مادەی یەکەمی جاڕنامەکە کۆمەڵگەی زمانەوانی بەم شێوەیە پێناسە دەکات؛ "هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی کە لە مێژوودا لە ژینگەیەکی ناوچەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێ بووە - بەبێ گوێدانە دانپێدانان یان دانپێدانەنان - و خۆی وەک گروپێک بە یەک ناسنامە و زمانێکی هاوبەش وەک ئامرازێکی سروشتی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی و یەکگرتوویی کولتووری لە نێوان ئەندامەکانیدا دەزانێت". پەرەی پێداوە. زاراوەی "زمانی تایبەتی هەرێمێک" ئاماژەیە بۆ زمانی دانیشتووانێک کە لە ژینگەیەکی لەو شێوەیەدا نیشتەجێ بوون».

هەروەها برگەی دووەمی مادەی یەکەم باس لەوە دەکات کە مافی زمان هەم تاک و هەم بەکۆمەڵە؛ و لە پێناسەکردنی تەواوی پانتایی مافی زماندا، جگە لە پانتایی جوگرافی، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە کە پێویستە بۆ گەشەکردن و گەشەسەندنی پشکووتنی تەواوی زمانێک زۆر گرنگە، هەروەها پێویستە لەبەرچاو بگیرێت.

هەروەها برگەی سێیەمی مادەی یەکەم، ئەو گروپانەی کە یەکێک لەو سێ مەرجەی خوارەوەیان هەیە، سەر بە کۆمەڵگەی زمانەوانی دەزانێت:

١)کاتێک بە سنووری ئیداری یان سیاسی لە پێکهاتەی سەرەکی دانیشتووانەکەیان جیا دەکرێنەوە.

٢)کاتێک لە ناوچەیەکی بچووک و داخراودا لەلایەن کۆمەڵگەیەکی زمانی دیکەوە دەناسرێنەوە.

٣)کاتێک دانیان پێدانراوە لەو ناوچە جوگرافییەی کە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگە

زمانییەکانی دیکەدا هاوبەشی دەکەن کە پێشینەی مێژوویی هاوشێوەیان هەیە.
بڕگەی چوارەمی مادەی یەکەم هەم گەلانی کۆچەری و هەم ئەو گەلانەی کە لە ناوچە جوگرافییە پەرشوبڵاوەکاندا دەستنیشانکراون، وەک کۆمەڵگەی زمانەوانی لە ناوچە مێژووییەکانیاندا دەناسێت.
هەروەها بڕگەی پێنجەمی مادەی یەکەم، "گرووپی زمانەوانی" بە هەر کۆمەڵە مرۆڤێک کە یەک زمانیان هەیە و زمانەکەیان لە ژینگەی ناوچەی دانیشتوانی زمانێکی دیکەدا دەستنیشان کراوە، بەڵام پێشینەیەکی مێژوویی یەکسانی لەگەڵ خەڵکی کۆمەڵگەی خانەخوێدا نیە.
هەروەها مادەی دووەم جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مافانە دەکاتەوە کە لە جاڕنامەکەدا هاتووە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی یەکتر و دەستەبەرکردنی زۆرترین دیموکراسی (بڕگەی یەکەمی مادەی دووەم).
مادەی سێیەم ئەم مافانە دەستەبەردەکات: مافی هەموو کەسێک کە وەک ئەندامێکی کۆمەڵگەی زمانەوانی بناسرێت، مافی هەموو کەسێک بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆی بە شێوەیەکی گشتی یان تایبەت، مافی بەکارهێنانی ناوی خۆی، مافی هەموو کەسێک بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەی زمانەوانی، مافی هەموو کەسێک بۆ پاراستن و پەرەپێدانی کولتووری خۆی و هەموو مافەکانی دیکەی پەیوەست بە زمان کە لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (١٩٦٦) و پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (١٩٦٦) وەک مافی کەسی کە ناتوانرێت زەوتبکرێت و حاشای لێبکرێت، دانپێدانراون.(بڕگەی یەکەمی مادەی ٣).
لە بڕگەی دووەمی مادەی سێدا "مافی بەکۆمەڵ"ی گرووپە زمانەوانییەکانی دەستنیشان کردووە و مافی فێربوونی زمان و کولتوور و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری کولتووری و هتد. لەهەمان کاتدا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە مافی تاک و گروپە زمانەوانیەکان بە هیچ شێوەیەک نابێت ڕێگری لە دامەزراندنی پەیوەندیی هاوبەش لە نێوان ئەو جۆرە تاکانە و گرووپە زمانەوانییەکان لەگەڵ دانیشتوانی زمانی خانەخوێدا بکات یان مافی دانیشتوانی میواندار یان ئەندامەکانیان لە بەکارهێنانی زمانەکەیان.
مادەی پێنجەمی ئەم جاڕنامەیە لەسەر بنەمای بنەمای یەکسانی و سەربەخۆیی مافی هەموو پێکهاتە زمانەوانییەکان لە پێگەی خۆیاندا وەک زمانی فەرمی، ناوخۆیی یان کەمینە دەزانێت و هەروەها مادەی شەشەمیش دیاری دەکات کە تەنیا لەسەر بنەمای ئەوەی کە زمانێک زمانی فەرمی حکومەتە یان بە شێوەیەکی باوی بۆ مەبەستی کارگێڕی یان هەندێک چالاکیی کولتووری لە خاکێکدا بەکاردەهێنرێت، وەک زمانی تایبەتی ناوچەکە دادەنرێت.
مادەکانی ٧ تا ١٤ی جاڕنامەی جیهانی مافە زمانەوانیەکان باس لە بنەما گشتیەکانی پەیوەست بە مافە زمانەوانیەکان دەکەن. بەم شێوەیە مادەی حەوتەم پرەنسیپی

سـودمـەنـدبـوونـی هـەمـوو زمـانـەکـانـی لـە هـەلـومـەرجی پێویـست بـۆ گـەشـەسـەنـدن لـە هەموو چالاکیی و ئەرکەکاندا و دەستڕاگەیشتن بـە زمـانـەکانی هـەمـوان وەک ئـامـرازێـک بـۆ هاودەنگی و دیاریکردنی ناسنامە و پەیوەندی و هتد لەبەرچاو گرتووە.

لـە مـادەی هـەشـتـەمـدا مـافی ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردن و بەکارهێنانی زمانی هەموو پێکهاتە زمانەوانییەکان لە چالاکییەکانی ناو کۆمەڵگادا و دەستڕاگەیشتن بە ئـامرازە پێویستەکان بۆ دەستەبەرکردنی گواستنەوە و بەردەوامی زمان، دەستەبەرکردووە.

لە مادەی نۆیەمدا، دان بە مافی هەموو پێکهاتە زمانییەکاندا دەنێت بۆ پاراستن و پەرەپێدان و پێشخسـتنی سیسـتـەمی زمـان بـەبێ هیچ دەستێوەردانێکی زۆرەملێ، هەروەها مادەی ١٠ دان بە مافی یەکسانی هەموو پێکهاتە زمانییەکان و قەدەغەکردنی هەر جۆرە جیاکارییەک لە دژی پێکهاتە زمانییەکان و جەخت لەسەر پێویستیی گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ وەدیهێنانی کاریگەرانەی بنەمای یەکسانی دەکاتەوە.

مادەی ١١ مافی دەستڕاگەیشتن و بەکارهێنانی هـەمـوو ئـامـرازەکانی وەرگـێـڕان بـە پێویـست دەزانێت بۆ دڵنیابوون لە سوودمەندبوون لەو مافـانـەی کە لـەم جاڕنـامـەیەدا خـراوەتـەڕوو. هـەروەهـا مـادەی ١٢ دان بـە مـافی هـەموو کەسێکدا دەنێت بۆ بەکارهێنانی زمانەکە لە هەموو چالاکییەکاندا، لە ژینگەی گشتیدا، بەو مەرجەی زمانەکە زمانی تایبەتی هەرێمی ناوخۆیی و ئەو شوێنە بێت کە ئەو کەسەی تێیدا دەژی، هەروەها مافی بەکارهێنانی زمانی هەموو کەسێک لە شوێنی تایبەتی خۆی و لە ناو خێزانەکەیدا بە فەرمی ناسیووە. مادەی ١٣ دان بە مافی فێربوونی زمانێکی ناوچەیی دیاریکراو و بوون بە فرە زماندا دەنێت. مادەی ١٤ ئەم بنەما گرنگەی دامـەزرانـد کە نابێت ڕێوشوێنـەکانی ئەم جاڕنامەیە بە شێوەیەک لێکبدرێتەوە یان جێبەجێ بکرێن کە سیاسەت یان ڕێکارەکانی دیکەی ناوخۆیی یان نێونەتەوەیی تێکبدات کە گونجاوترن.

سیستەمی زمانە گشتگیر کە لـەم جاڕنامەیەدا خراوەتەڕوو، شەش بەش لەخۆدەگرێت، کە لە بڕگەکانی ١٥ تا ٥٢ی جاڕنامەکەدا خراوەتەڕوو. ئەم بەشـە، بـاس لـە مافی پێکهاتە زمانییەکان دەکات لە ناوچەی فەرمانگە و دامەزراوە فەرمی و حکومییەکان و شێوازی کارلێکەکانی نێوانیان. بەم شێوەیە، مـادەی ١٥ی مافی بەکارهێـنانی زمانی هەموو پێکهاتە زمانییەکان لە هـەرێم و ناوچەی خۆیان وەک زمانێکی فـەرمی (بڕگـەی یەکەمی مادەی ١٥)، ڕەوایەتی و جێبەجێکردنی بەڵگەنامەکانی تۆمارکراو بە زمانە تایبەتەکانیان (بڕگەی دووەمی... مادەی ١٥) و قەدەغەکردنی خۆنمـایشکـردن بـە نـەزانینـو پشـتگوێخستنی زمانـەکـەیان دەسـتنیشـان کـردووە (بڕگـەی ٣ی مادەی ١٥).

جگە لـەوەش هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی زمانەوانی مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی خۆیان پەیوەندی لـەگەڵ بەرپرسانی حکومەت بکەن (مـادەی ١٦) و دەبێت دەستیان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان بگات کە بە زمانی خۆیان نووسراون (مادەی ١٧).

هەروەها زمانی فـەرمی هـەموو ئەنجومەنەکانی

نوێنەرایەتی دەبێت ئەو زمانە بێت کە لە مێژوودا باو بووە لەو ناوچانەی کە نوێنەران نوێنەرایەتیان دەکەن (بڕگەی یەکەمی مادەی ١٩)، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم مافە زمانی پێکهاتە زمانییەکانیش دەگرێتەوە کە لە ناوچەکاندا پەرشوبڵاو بوونەتەوە(بڕگەی دووەمی مادەی ١٩).

هەروەها لە مادەی بیستەمدا مافی بەکارهێنانی ئەو زمانەی کە لە مێژوودا لە خاکێکدا بەکارهاتووە لە دادگاکانی دادوەریدا، بە شێوەی زارەکی یان نووسراو و تەنانەت سوودمەندبوون لە وەرگێڕێکی بێبەرامبەر لە کاتی پێویستدا دیاری کراوە.

مادەی ٢١ هەم مافی تۆمارکردن و ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە لەلایەن نووسینگەی گشتی و مادەی ٢٢ هەروەها مافی ئامادەکردنی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەلایەن بەرپرسانی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتەوە پەسەندکراون بە زمانی ناوچەیی تایبەت بە هەموو پێکهاتە زمانەوانییەکان ناساندووە.

بەشی دووەمی سیستەمی هەمەلایەنەی زمانی کە مادەی ٢٣ تا ٣٠ لەخۆدەگرێت، ڕێسای چۆنیەتی دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتە زمانییەکان لە بواری پەروەردەدا داناوە. لەسەر بنەمای ئەمەش پەروەردە دەبێ بەجۆرێک بێت کە بەشداربێت لە پێشکەوتن و بەرەوپێشبردنی کولتووری و پاراستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی زمانەوانی و خزمەت بە فرەچەشنی زمانەوانی و کولتووری و پەیوەندی هاوئاهەنگی نێوان پێکهاتە زمانەوانییە جیاوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا بکات (مادەی ٢٣).

مادەی ٢٤ دان بە مافی پێکهاتە زمانەوانییەکاندا دەنێت بۆ بڕیاردان لەسەر ڕادەی بوونی زمانی خۆیان وەک زمانی پەیوەندی و خوێندن لە هەموو ئاستەکانی پەروەردە لە هەرێمەکەیاندا، هەروەها مادەی ٢٥ دان بە مافی ئەواندا دەنێت بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە مرۆیی و ماددییە پێویستەکان بۆ گەرەنتیکردنی ئەم مافانە. مادەکانی ٢٦ و ٢٧ مافی خوێندن و فێربوونی زمانی خۆیان یان هەر زمانێکی دیکەی پەیوەست بە باوە کولتوورییەکانیان ناساندووە. هەروەها مافی پەروەردە و زانینی هەمەلایەنە سەبارەت بە میراتی کولتووری (مادەی ٢٨) و سوودمەند هەموو کەسێک لە فێربوون و فێرکردنی زمانی تایبەت بە ناوچەکەی و زمانەکانی دیکە (مادەی ٢٩) بۆ کۆمەڵگە زمانەوانی و کەسانی سەر بە خۆیان دانپێدانراوە.

هەروەها لە مادەی ٣٠ ئەرکێکی گشتی لە بواری پەروەردەدا لەسەر بنەمای پێویستی خوێندن و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئاستی زانکۆ سەبارەت بە زمان و کولتووری هەموو پێکهاتە زمانەوانیەکان دیاری کراوە.

بەشی سێیەمی جاڕنامەکە، ئاماژە بەو ڕێسایانە دەکات کە سەبارەت بە ناوی گونجاوی پەیوەست بە ڕەچاوکردنی مافەکانی زمان دامەزراون. لەسەر بنەمای ئەمەش، هەموو پێکهاتە زمانییەکان مافی خۆیانە سوودمەندبن و ناوی کەسی خۆیان لە هەموو ژینگە و بۆنەیەکدا بەکاربهێنن (مادەی ٣١) و دەتوانن بە شێوەی زارەکی یان نووسراو لە فەزای تایبەت و

گشتی و فەرمیدا بەکاریان بهێنن (مادەی ٣٢) و کۆمەڵگاکانی زمان ناوی خۆیان بێنن بە هەمان ناو کە لە زمانی خۆیاندا هەیانە، و لە ناوی سووکایەتیپێکردن و نارِوون لە وەرگێڕان بۆ زمانەکانی دیکەدا دوور بکەونەوە (مادەی ٣٣) و تەنانەت ئەگەر سیستەمێکی نووسینی جیاواز لە زمانەکەیان پێویست بێت، ئەگەر هەبێت، پێویستە بە وردترین فۆنێتیک تۆمار بکرێت (مادەی ٣٤).

بەشی چوارەمی بڕگەکانی پەیوەست بە سیستمی زمانەوانیی گشتگیر، مادەکانی ٣٥ تا ٤٠ لەخۆدەگرێت، کە باس لە مافە زمانەوانیەکانی پەیوەست بە پێکهاتە زمانەوانییەکان و ئەندامەکانیان دەکات لە میدیای پەیوەندییە جەماوەرییەکان و تەکنەلۆژیای نوێدا.

مافی هەموو پێکهاتە زمانەوانییەکان بۆ سوودوەرگرتن لە ڕادەی بوونی زمانەکەیان لە میدیای پەیوەندییەکانی ناوچەکەیاندا، بەبێ گوێدانە شێوازەکانی پەخشکردن یان گواستنەوە یان بە پانتاییەکەیانەوە (مادەی ٣٥)، دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان، پیشەسازی و ئامێری مۆدێرن و تەکنەلۆژیاکانی پەیوەست بە میدیای پەیوەندی (مادەی ٣٦). مامەڵەکردن بەرامبەر بە زمان و کولتوورەکانی هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان لە میدیای پەیوەندیکردن لە سەرانسەری جیهان (مادەی ٣٨)، مافی دەستڕاگەیشتن بە تەکنەلۆژیای زانیاری و ئامێرەکانی گونجاو لەگەڵ سیستەمی زمانەکەیان (مادەی ٤٠)، لە گرنگترین مافەکانن کە بۆ کۆمەڵگە زمانییەکان لەم بوارەدا دامەزراوە. بێگومان مادەی ٣٩ هەروەها جەخت لەسەر پێویستی هەماهەنگی و هاوسەنگی لە نێوان مافی پێکهاتە زمانەوانییەکان و مافی گرووپەکانی دیکەی ئەم بوارەدا دەکاتەوە.

بەشی پێنجەمی ڕێساکانی پەیوەست بە سیستەمی زمانەوانیی گشتگیر مادەکانی ٤١ تا ٤٦ لەخۆدەگرێت کە باس لە مافە زمانەوانییەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگە زمانەوانییەکان لە چوارچێوەی کولتووریدا دەکەن.

بەگوێرەی مادەی ٤١، هەموو پێکهاتە زمانەوانییەکان مافی پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکەیان بەهەموو شێوازی کولتوورییەوە هەیە و مافی گەشەسەندنی تەواوی لە چوارچێوەی ژینگەی کولتووری خۆیاندا هەیە کە دەستیان بەو بەرهەمانە بگات کە بە زمانی خۆیان کۆکراونەتەوە (مادەکانی ٤٢ و ٤٣). هەروەها مافی دەستڕاگەیشتن بە بەرنامەکانی نێوان کولتوورەکان و چالاکییە پاڵپشتییەکان سەبارەت بە فێرکردنی زمانەکەیان بۆ بیانییەکان هەیە (مادەی ٤٤) و مافی ئەوەیان هەیە زمانەکەیان جێگەی ئیمتیازێکی لە بۆنە و خزمەتگوزارییە کولتوورییەکاندا هەبێت (مادەی ٤٥). جگە لەوەش هەموو پێکهاتە زمانەوانیەکان مافی پاراستنی میراتی زمانەوانی و کولتووری خۆیان هەیە، وەک کۆکراوەی بەڵگەنامە، بەرهەمی هونەری و تەلارسازی، بینای مێژوویی و هتد.(مادەی ٤٦)

مادەی ٤٧ ئاماژە بە مافی هەموو پێکهاتە زمانەوانییەکان دەکات بۆ بەدامەزراوەییکردنی بەکارهێنانی زمانەکەیان لە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکانی ناوچەکانیاندا و

مادەی ٤٨ باس لە مافی هەموو کەسێک دەکات بۆ بەکارهێنانی زمانەکەی بە ڕەوایی یاسایی تەواو لە هەمووەدا مامەڵە ئابوورییەکان، و مادەی ٥٠ دان بە مافی هەموو کۆمەڵگە زمانەوانییەکاندا ناوە کە زمانەکەیان پێگەیەکی ئیمتیازدار لە بانگەشەکاندا هەبێت.

مادەی ٥١ باس لە مافی هەموو کەسێک دەکات بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانییەکان و دامەزراوە تایبەتەکان بە زمانی تایبەتی ناوچەکە و وەرگرتنی وەڵام و خزمەتگوزارییەکان بە هەمان زمان، هەروەها مادەی ٥٢ هەمان مافی بۆ چالاکییە پیشەییەکان دیاری کردووە.

لە بەشی کۆتایی جارنامەکەدا هاتووە کە دەسەڵاتدارانی حکومەت دەبێت ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر بۆ بەدیهێنانی ئەو مافانەی کە لە جارنامەکەدا هاتووە لە دەسەڵاتی دادوەریدا. دەسەڵاتدارانی گشتی دەبێت دڵنیابن لەوەی دامودەزگا فەرمییەکان و ڕێکخراوەکان و هتد لەم جارنامەیە ئاگادار بکرێنەوە. پێویستە دەسەڵاتداران لە سیستەمی یاسادانانیاندا سزاکان لەبەرچاو بگرن بۆ هەر پێشێلکارییەکی مافەکانی زمان کە لەم جارنامەیەدا هاتووە.

**دەرەنجام:**

زمان پرسێکی بنەڕەتییە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا و لە هەموو کایەکانی ژیاندا ڕۆڵیکی ناوەندی دەگێڕێت و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش مافی زمان پێگەیەکی گرنگی هەیە و وەکوو مافێکی بنەڕەتی لە مافەکانی مرۆڤ دەستنیشان کراوە. ئەم مافە بەستراوە بە گەوهەری مرۆڤەوە کە خۆی لە شکۆ و شەرەفمەندی و سەخەریی مرۆڤدا دەبینێتەوە. لەم سۆنگەیەوە دەکرێ بگوترێت ئەم مافە وەکوو مافەکانی دیکەی مرۆڤ حاشاهەڵنەگرە، لە مافەکانی دیکە لێکدانەبڕاوە و خودی مرۆڤیش ناتوانێ دەسبەرداری بێت. هەر جۆرە پێشێلکارییەکی ئەم مافە دەچێتە ناو چوارچێوەی تاوان و ڕەهەندی تاوانکاری دەگرێتە خۆی و دەکرێ لە ئەگەری بەربڵاوی و پلان بۆداڕێژراویدا ببێتە تاوان دژی مرۆڤایەتی و تەنانەت تاوانی ژینۆساید بەرانبەر بەو گەلەی کە مافە زمانییەکانی پێشێلکراوە.

ئەوەی کە ئەم مافە لە زۆربەی بەڵگەنامە، جارنامە و پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا جەختی لەسەرکراوە، ئەوە دەگەیەنێت کە مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە. بۆیە هەموو دەوڵەتەکان و دەسەڵاتی گشتی لە هەموو وڵاتەکاندا بە پێی ئەم سەرچاوە و پەیماننامە نێونەتەوەییانە ئەرکدار و پابەندن بەوەی کە هەموو دەرفەت و دەرەتانێک بە ڕووی زمانە جیاوازەکاندا بکەنەوە تا بتوانن خۆیان بە زیندوویی بهێڵنەوە و گەشە بکەن و ئاخێوەرانی زمان بە بێ هیچ ڕێگرییەک بتوانن زمانی خۆیان بەکاربێنن، بەو زمانە پەروەردە بکرێن و لە هەموو ئاستەکانی یاسادانان، جێبەجێکردنی یاسا و دادوەریدا زمانی خۆیان بەکاربێنن. بۆیە لە سەر ئەم بنەمایە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە زمانی فەرمی لە هەموو جیهان تەنیا زمانی دایکە. لە دەرەوەی زمانی دایک، زمانەکانی دیکە نافەرمین. ئەو زمانانەی کە لە یاساکاندا و لە دەستووەری

وڵاتاندا وەکوو زمانی فەرمی دانیپێدانراوە، تەنیا دەتوانن زمانی ئێداری هاوبەش بن و هیچ هەڤیازییەکیان پێنابەخشرێت. ئەو پێگەیەش دەبێت لەسەر بنەمای پێکهاتنی دیمۆکراتییانەی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکانی یەک نیشتمان بە زمانێک ببەخشرێت کە ببێتە زمانێکی هاوبەشی ئێداری. نابێت ئەم پێگەیە بەکاربهێنرێت بۆ لاوازکردن و پەراوێزخستنی هیچ زمانێک.

هەواڵنامەی کتێب

# یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراقدا
## (بەشی دووەم)

پ.ی. کاروان اورحمان اسماعیل بابان | یاسای دەستووری/ زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

**یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراقی فیدراڵیدا**

هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەماندا ئەماژەمان پێدا، زمان هۆیەکە بۆ ئاخاوتن و مامەڵەکردن لەنێوان کۆمەڵگادا، هۆیەکیشە بۆ پەیوەندی وپێکەوە گرێدانی تاکەکانی کۆمەڵگا لەناو خۆیاندا، وە هۆیەکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بیرو بۆچون.[١] هەندێک لە نوسەران پێناسەی زمانی کوردی دەکەن بەوەی زمانێکی ئارياییە، لە چەند زاراوەیەک پێکدێت کە لەلایەن کوردەکانەوە لەسەرانسەری کوردستان قسەی پێدەکەن، وە دەڵێن زمانی کوردی زمانێکی کۆنە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاڤێستا و دەوڵەمەندە بە ووشە و دەربڕین.[٢]

لەبەشی یەکەمی باسەکەماندا ئاماژەمان دا بەیاسای زمانە فەرمییەکان لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆماری لە عێراقدا، لە بەشی دووەمی باسەکەماندا تیشک دەخەینە سەر یاسای زمانە فەرمییەکان لەعێراق و لە هەرێمی کوردستاندا لەسەردەمی فیدراڵیدا کە بایەخێکی تایبەتی پێدراوە و یاسای تایبەت بەم بوارە دەرکراوە.

لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوو لەعێراقدا و لەساڵی ٢٠٠٣ گۆڕانکاری گەورە بەسەر سیستەمی سیاسی لە عێراقدا هات، بەتایبەتی لە ڕوی دەستوورییەوە، دوای نزیکەی ساڵێک لە ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، ئەنجومەنی حوکمڕانی ئینتیقالی لە ٨ / ٣ / ٢٠٠٤ یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی پەسەند کرد بەناوی یاسای کارگێڕی

١- د. عەبدوڵلا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتییەکان، وەرگێڕانی (جزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٢٠١.

٢- خالص مسور، ڕۆڵی زمانی دایک لە ژیانی گەلاندا، بابەتێکی بڵاوکراوەیە لە گۆڤاری شرمولا لەسەر پێگەی ئەلکترۆنی شرمولا (10/ 11/ 2021) (2023 /20/11) https://shermola.net/?p=753

دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە[٣]، ئامانج لەدەرچوونی ئەم دەستوورە کاتییە وەک لە دێباجەکەدا هاتووە، ڕەنگرێژکردنی ئایندەی عێراقی نوێیە و دانانی میکانیزم بۆ سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەت و ڕەفتاری ڕەگەزپەرستانە و تایەفەگەری و چارەسەری کێشە قۆناغییەکان.[٤]

دەستوورەکانی پێشوو عێراقیان بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دەزانی، بەوەش مافی نەتەوەی کورد و پێکهاتەکانی تریان پێشێل دەکرد، بەڵام ئەم دەستوورە دانینا بەوەی عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و گەلی عەرەب بەشێکی دانەبڕاوی نەتەوەی عەرەبە.[٥]

مادەی نۆیەم لە یاساکە تایبەتە بە فرە زمانی لە عێراقدا و دەقیداوە کە: عەرەبی و کوردی زمانی فەرمی عێراقن و زامنی مافی عێراقییەکانیش دەکات بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بەزمانی دایکیان وەک تورکمانی یان سریانی یان ئەرمەنی لەدامودەزگا پەروەردەییەکانی حکومەت بەپێی ڕێنمایی پەروەردەیی یان بەهەر زمانێکی تر لە دامودەزگا تایبەتەکاندا.[٦] ئەمە بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی و دەستووری بونییەتی لە هەموو بوارەکاندا و لە دامودەزگا فیدراڵییەکاندا، کە ئەمە بەشێک بووە لە کێشەکانی گەلی کورد لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق لە ڕابردودا و دانیان بەم مافە ڕەوایەدا نەدەنا.

دەستووری عێراق بنەمای یەکسانی ڕەچاوکردووە، بە یەکسانکردنی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و هاوتاکردنیان لە کاتی مامەڵە پێکردنیاندا وەکو دوو زمانی فەرمی لە عیراقدا.[٧] لەهەمان کاتدا هەردوو زمانی تورکمانی و سریانی بە دوو زمانی فەرمی ناسیووە لەو یەکە کارگێڕییانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی لە تورکمان و سریانی پێکدێن.[٨]

کێشەی کورد لە ساڵانی ڕابردودا لەسەر ئەم بابەتانە بووە کە جیاوازی نەکرێت لەگەڵ نەتەوەی سەردەست و بەمافەکانی خۆی بگات، لەناویشیاندا مافی زمانی کوردی بووە کە لە هەموو دانوستانەکانی گەلی کورد لەگەڵ ڕژێمە یەک لەدوایەکەکانی عێراقدا پێداگریکراوە لەسەر ئەم خاڵە، بۆیە بە ناچاری لە هەندێک لە دەستوورەکانی عێراقدا دانبراوە بە زمانی کوردیدا.[٩]

لەدەستووری کۆماری عێراقدا ئاماژە بە

٣- بڕگەی أ / مادەی یەکەم، یاسای کارگێڕی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٤.

٤- الدكتور منذر الشاوي، فلسفة الدولة، الذاكرة للنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٢، ص٣٩٠.

٥- (مادەی حەوتەم بڕگەی ب) لە یاسای کارگێڕی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٤.

٦- (مادەی نۆیەم) لە یاسای کارگێڕی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٤.

٧- مادەی چوارەم دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ ٢٠٠٥: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقیەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بە پێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

٨- مادەی دەیەم، یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراقدا ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

٩- سامان فوزی عمر- کاروان اورحمان اسماعیل، مافی بەکارهێنانی زمانی دایک لەنێوان بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی عێراقدا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەشی ٥ ژمارە١، هەڵەبجە، ٢٠٢٠، ل ٦٧.

زمانی کوردی کراوە و بۆیەکەم جار لە مێژوی عێراقدا بە ڕاشکاوی زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی عێراق ناساندووە، کە زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، قسەکردن و وتووێژ و دەربڕین لە بوارە فەرمیەکاندا بەهەریەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمیەکان و داننان بە بەڵگەنامە فەرمیەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان بە هەردوو زمان وهەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پەساپۆرت و پوول[10].

چەندین یاسای تایبەت بە زمان دەرچوون هەندێکیان لە ژێر فشاری کورد و کارکردن بە زمانی کوردی دەرکراون، هەندێکی تریان بۆ پاراستنی زمانی عەرەبی بووە، لەم ڕوانگەیەوە تیشک دەخەینە سەر ئەو یاسایانەی کە لە عێراقدا دەرچون و تایبەتن بە زمان:

**یەکەم: یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤**

پشتبەست بە بڕگەی یەکەمی مادەی ٦١ دەستوور،[11] و بڕگەی سێیەمی مادەی ٧٣ دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥[12] یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤ دەرچوو. لە هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایەدا هاتووە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ٤ دەستوور و ڕێزگرتن لە هەمەجۆر لە نەتەوە و زمانانەی لەعێراقدان و جەختکردنەوە لەسەر پتەوکردنی ڕەهەندە مرۆییەکانی شارستانییەتەکان لە سەردەمی فیدراڵیدا و بەگوێرەی ئاینی ئیسلام کە جەخت ئەکاتەوە لەسەر ڕێزگرتن لە زمانە جیاوازەکان و تا پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق تا بتوانن بە ئازادانە داوای پێداویستییەکانی خۆیان بکەن و داواکانیان بەزمانی ڕەسەنی خۆیان بێت.[13]

ئامانجی دەرکردنی ئەم یاسایە بریتییە لە زامنکردنی ڕێزگرتن لە دەستوور و کاراکردنی لە ڕێگەی ڕێکخستنی بەکارهێنانی زمانە فەرمییەکان لە کۆماری عێراقدا و لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری زمانەوانی، بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق لە یەکتر نزیک بکاتەوە و چەمکە مرۆیی و نەتەوەییەکان قوڵتر و پتەو بکات، هەروەها بە دەستهێنانی ڕۆحی شانازیکردن بە زمانی دایکەوە و بۆ زامنکردنی یەکسانی لە نێوان زمانی عەرەبی و کوردیدا لەڕوی ماف و ئیمتیازاتەوە لەکاتی

---

١٠- مادەی چوارەم دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

١١- ئەنجومەنی نوێنەران ئەم کارانەی خوارەوەی لە ئەستۆدایە یەکەم: دانانی یاسا فیدراڵیەکان

١٢- سەرۆک کۆمار ئەم دەسەڵاتانەی هەیە (سێیەم:پەسەندکردن و دەرکردنی ئەو یاسایانەی ئەنجومەنی نوێنەران دایدەنێن، یاساکانیش بە بەپەسەندکراو دەژمێردرێن پاش تێپەڕبوونی ١٥ ڕۆژ بەسەر ناردنیان بۆ سەرۆک کۆمار.).

١٣- هۆیەکانی دەرچونی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

بەکارهێنانی لەدامەزراوە فیدراڵییەکاندا، هەروەها لەپاڵ پشتگیریکردن و پەرەپێدانی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی جەختدەکاتەوە لەسەر گرنگی پێدان بە زمانەکانی تر لەعێراقدا وەکو تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و سابیئە-مەندائی.[14] دەرکردنی ئەم یاسایە و جێکردنەوەی ئەم مادەیە بەڕای ئێمە کرانەوەیەکی گەورەیە بە رووی زمانە جیاوازەکانی عێراقدا لەدوای چەندین دەیە لە دژایەتیکردنی ئەو زمانانە. بە گوێرەی ئەم یاسایە زمانی سریانی و تورکمانیش زمانی فەرمین لەو یەکە کارگێڕییانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی سریانی و تورکمانن.[١٥] لە هەنگاوێکی تردا بۆ پێدانی مافی بەکارهێنانی زمان بۆ ئەو زمانە ناوچەییانەی‌تر ئەکرێت لە هەر هەرێمێک یان پارێزگایەکدا زمانی ناوچەیی دیکە زیاد بکرێت ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی بڕیاریان دا لەڕێگەی ڕاپرسییەوە.[١٦]

بەو پێیەی کە زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فەرمین لە عێراقدا،[١٧] هەربۆیە بڕیار درا بە دەرچوون و بڵاوبونەوەی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.[١٨]

جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانیشە کە تا ئێستا لە کۆبونەوە فەرمییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دامودەزگا و دامەزراوە فیدراڵییەکاندا کار بەزمانی کوردی ناکرێت و کە کورد دەیتوانی وەک لە هەموو ئەو ناوەندانەدا بە زمانی شیرینی کوردی قسەیان بکردایە و وەرگێڕ لە نێواندا هەبوایە، لە بەر ئەوەی زمانی عەرەبی بۆ ئێمەی کورد زمانی دایک نییە، زۆر کەمن ئەو کەسانەی لە زمانی عەرەبیدا هاوشانی برایانی عەرەب دەتوانن زاڵ بن بەسەر زمانەکەدا، چونکە هەمیشە لە گفتوگۆ و دانوستانەکاندا بە دڵنیایی لە روی زمانەوە باڵا دەستی لایەنی عێراقی زاڵە بەسەر لایەنی کوردیدا، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە دەقی یاسایی هاتووە هەردوو زمانی کوردی عەرەبی لەو جێگایانەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هەردوو زمانەکە بەکاردێن و زمانی فەرمین.[١٩]

مافی بەکارهێنانی زمانی دایک مافێکی پارێزراوە و هەموو هاونیشتمانییەکی عێراقی و بێگانە وە بۆی هەیە مناڵەکانی بە زمانی دایک پەروەردە بکات.[٢٠] کرانەوەیەکی باشە و لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکاندا یەکانگیرە، پێشتر لە عێراقدا زمانە سەرەکییەکانیش قەدەغە بوو جگە لە زمانی عەرەبی، هەرچەندە کورد

---

١٤- بڕگەکانی مادەی دووەم یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

١٥- مادەی 10 یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

١٦- مادەی ١١ یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

١٧- مادەی 3 یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

١٨- مادەی 4 یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

١٩- مادەی 5 یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

٢٠- بڕگەی یەکەم مادەی ١٢/ یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

به درێژایی مێژوی خۆی لە خەباتی بێوچاندا بووە بۆ بەدەستهێنانی مەفە رەواکانی گەلی کورد، هەرگیز سازشی نەکردووە و چۆکی دانەداوە بۆ نەیارانی میللەتی کورد، بۆیە هەمیشە زمانی کوردی جێگەی بایەخ بووە هەرگیز زمانی کوردی فەرامۆش نەکراوە، لە هەموو دانوستانەکانی نێوان حکومەتەکانی عێراق و گەلی کورد یەکێک لە بابەتەکانی گفتوگۆ زمانی کوردی بووە.

تایبەت بە گفتوگۆ، وتووێژکردن و قسەکردن و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی فیدراڵی و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەبێت.[٢١]

ئەمە بەو مانایە دێت کە هەرێم مافی ئەوەی هەیە کە هەموو نوسراوەکانی و ئاراستەکردنی پەیامەکانی بۆ هەموو دامودەزگاکانی بەشەکانی ناوەند و هەرێمەکان و پارێزگاکانی دیکە بە زمانی کوردی بێت، هەروەک دەزانین کە فەرمانبەرانی بەشەکانی عێراق (جگە لە پارێزگاکانی هەرێم) بە زمانی کوردی قسە ناکەن و کوردی نازانن.

ئەمە مانای ئەوەیە کە دەبێت ژمارەیەکی پێویست لە وەرگێڕ دابین بکرێت، لەهەموو فەرمانگەکان لە سەرانسەری عێراقدا، ئەمەش تا ئێستا ئەنجام نەدراوە و ئەنجامیش بدرێت دەبێتە هۆی دواکەوتنی پەیامەکان و نوسراوەکان. وە لەسەر ئەرزی واقع ئەمە پەیڕەو ناکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان هەموو نوسراوەکانی خۆی بە زمانی عەرەبی ئاراستەی حکومەتی فیدراڵ دەکات. خۆ ئەگەر بەکوردی بینێرێت ئەوا ناخوێنرێتەوە و دەبێت بکرێتەوە بە عەرەبی کە ئەمە پێشێلکردنێکی زەق و ئاشکرای مادەی ٤ دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ و پێچەوانەی دەقی مادەکانی (٣، ٥، ٦، ٧)، یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراقە ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤. لە سەرجەم بۆنە فەرمییەکاندا نوێنەرانی هەرێمی کوردستان هەر بە عەرەبی وتووێژەکان ئەنجام دەدەن و قسە دەکەن زۆر جار زمانەکەیان لەو ئاستەدا نییە کە بتوانن زاڵ بن بەسەر کەشی کۆبونەوەکاندا بەتایبەت ئەگەر دانوستان بێت، وەیان ئاراستەکردنی نوسراو کە لە هەرێمی کوردستان بترازێت هیچ فەرمانگەیەکی فەرمی عێراقی نوسراوی کوردی ناخوێنێتەوە و زۆر جار کێشە بۆ هاووڵاتیان دروست بووە بەهۆی ئەوەی نوسراوەکە یان ئەو پشتگیرییەکەی بۆ کراوە بە زمانی کوردی بووە بەو هۆیەوە ناردویانەتەوە تا بە زمانی عەرەبی نوسراوی بۆ بکرێت. جێگەی داخە لەسەر ئەم بابەتەش کورد خۆی هەڵوێستێکی وەرنەگرتووە و بە ناچاری نوسراوەکان ئێستا بە زمانی عەرەبی دەکرێت تەنانەت بۆ ناوچە جێناکۆکەکانی وەکو کەرکوک و خانەقینیش فەرمانگەکان نوسراوی کوردی وەناگرن چونکە ئەو فەرمانبەرە کوردی نازانێت یان حەزی بە زمانی کوردی نییە. بۆیە وەک دەبینین ئەم مادەیە جێبەجێ نەکراوە.

یاساکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان

٢١- مادەی 6 یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب و یەکسانکردنی زمانەکان بەکارهێنانی هەردوو زمانی هاوتا کردووە لەسەر دەرکردنی پارە کاغەزییەکان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە پارە کاغەزییەکان لە 250 دیناری تا 25000 دیناری هیچیان زمانی کوردی تیدا بەکارنەهێنراوە تەنیا 50000 دیناری نەبێت کە لەسەر دیوی پشتەوەی نەک لە پێشەوە، بە زمانی کوردی لەسەری نوسراوە (بانکی ناوەندی عێراق)، ڕەنگە پاساوی هەندێک ئەوە بێت کە پارەکان پێش دەرچونی یاساکە چاپکراون واتە پێش ساڵی 2014، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە لە دوای دەرچونی ئەم یاسایەوە هیچ پارەیەک چاپ نەکراوەتەوە تا گۆڕانکاری تیادا بکرێت ! لەلایەکی ترەوە لە دەستووری عێراقدا جەختی کردۆتەوە لەسەر فەرمی بونی زمانی کوردی و عەرەبی، هەروەها جێبەجێکردنی حوکمی مادەکە یەکسانی هەردوو زمانەکە دەگرێتەوە کە لە هەر بوارێکی دیکەدا بەکاربهێنرێن کە بنەمای یەکسانی بیگرێتەوە، وەک پارە و پەساپۆرت و پوول دەبێت پەیڕەو بکرێت.[٢٢] بەڵام دیارە هەر لەسەرەتای دەرچونی دەستوورەوە ئەم بابەتە بە نادەستووری کاری پێکراوە، بۆیە دەبێت زمانی کوردی جگە لە هێما شارستانییەکان لەسەر پارەی کاغەزی بەتایبەت بونی هەبێت.[٢٣]

جێگەی دەستخۆشییە کە پاسپۆرتی عێراقی لە ئێستادا زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا لە بەرگ و ناوەرۆکدا بەزمانی کوردی زۆرینەی زانیاری و ئاگادارییەکانی تێدا بەیان کراوە، کە لە پاسپۆرتەکانی پێشودا بە هەڵەیەکی زۆری زمانەوانی و چاپەوە بە چەند دێڕێک ڕادەربڕین بوو لە زمانی کوردی. هەرچی پولی پۆستەیە کە لە دەستووردا ئاماژەی پێدراوە، لە ڕاستیدا بەکارهێنانی زۆر سنوردارە و ئەتوانین بڵێین لە حاڵەتی زۆر کەم و ناچاریدا نەبێت بەکار نایەت (هەروەکو لە دادگاکاندا لەلایەن پارێزەرانەوە بەکاردێت)، پۆستەشمان نییە تا لەکاتی نامە ناردندا پول بەکاربهێنین، بۆیە لەبەرچاوی هاوڵاتیان ئامادەیی نییە و نازانرێت لەم بوارەدا ڕەچاوی دەستوور کراوە یان نا. چونکە پول لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەگشتی بەکارهێنانی ڕۆژانەی نییە.

لە پێناوی خزمەتکردن بە زمانی پێکهاتەکانی عێراق و گەشەپێدانی فەرهەنگ و کلتوریان، هەموو پێکهاتەیەکی عێراق مافی پێکهێنان و دامەزراندنی کۆلیج یان پەیمانگا و ناوەندی ڕۆشنبیری یان کۆڕی زانیاریان هەیە.[٢٤]

دوای ٩ ساڵ لە دەرچوونی یاسای ژمارە ٧ زمانە فەرمییەکان لە عێراقدا لە زۆرینەی ناوچەکانی تری عێراق ئەم یاسایە کاری پێناکرێت یان بە کەم و کوڕییەکی زۆرەوە جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆیە ئەمینداریتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە ڕۆژی

٢٢- مادەی چوارەم برگەی دووەم/ هـ، دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

٢٣- بۆیە جەخت ئەکەینەوە لەسەر پارەی کاغەز لەبەر ئەوەی ئێستا کار بە پارەی ئاسن ناکرێت لە عێراقدا.

٢٤- برگەی دووەم مادەی ١٢/ یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤.

(۲۰/ ۲/ ۲۰۲۳) بە نوسراوی ژمارە (ش، ز، ل/ 03/ 8235) نوسراوێکی ئاراستەی نوسینگەی پارێزگای کەرکوک کرد تایبەت بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی لیژنەی فەرمانی دیوانی ژمارە (٥٠ ساڵی ٢٠١٤) و بە پشتبەستن بە ڕاسپاردەی لیژنەی باڵای تایبەت بە (بەدواداچونی جێبەجێکردنی زمانە فەرمییەکان لە عێراقدا) دەبێت لەسەر تابلۆکانی ناوەوە و دەرەوەی فەرمانگە حکومییەکانی پارێزگای کەرکوک هەر چوار زمانی پێکهاتەکانی شاری کەرکوک بەکاربهێندرێت. هەروەها دەبێت وەزارەتی پەروەردە پرۆگرامی خوێندن بە زمانەکانی کوردی و تورکمانی لە خوێندنگەکان چاپ بکات، کە خوێندن تیایاندا بەو دوو زمانەیە و مامۆستای تایبەت بە زمانی کوردی و تورکمانی و سریانی دابینبکات. بۆ ئەو خوێندنگایانەی بەو سێ زمانە دەخوێنن. لە بڕگەی سێیەمی بڕیارەکەدا هاتووە کە دەبێت ئەو بڕیارە کارگێڕییانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ پارێزگای کەرکوك دەردەچن، بە زمانی عەرەبی و کوردی بن. لە بڕگەی چوارەمدا هاتووە، زمانی کوردی لە کۆمپیوتەرەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاسپۆرت و باری شارستانی و نشینگە لە پارێزگای کەرکوك و پارێزگا تێکەڵەکان زیادبکرێن، نوسراوی فۆرمەکانیش لە فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکانی پارێزگای کەرکوك، بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بن.[25]

دەرکردنی فەرمانێکی لەم شێوەیە نیشانە و بەڵگەیە لەسەر جێبەجێنەکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق دوای ئەو چەند ساڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا یاسا و دەستوور لە ناوچە جێناکۆکەکاندا جێبەجێ ناکرێت، بەڵگەشمان بۆ ئەو ڕاستییە لە دەنگدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ساڵی 2003 لەشاری کەرکوک لە بنکەکانی دەنگداندا بێجگە لە زمانی عەرەبی بە هیچ شێوەیەک لە بنکەکاندا زمانی کوردی بەدی نەکرا، مێزی ئەو فەرمانبەرانەی کاری دەنگدەرانیان ڕایی دەکرد تەنیا بە عەرەبی لەسەریان نوسرابوو لە زۆرێکدا لە سەر سێ مێز ئەم نوسراوانەم تێبینی کرد (مسؤول التعریف)، (مصدر الأوراق)، (مراقب صندوق). ئەمە پێشێلکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانە سەرەڕای دەرکردنی فەرمان بۆ جێبەجێکردنی یاساکە.

سەرەڕای ئەوەی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق سزای بۆ سەرپێچیکاران داناوە بە سێ بڕگە، لە یەکەمیاندا ئەگەر فەرمانبەری حکومی پێشێلکاری کرد بە پێی سزای بەرزەفتی فەرمانبەران سزا ئەدرێت، ئەگەر فەرمانبەر نەبوو ئاگادار دەکرێتەوە لەماوەی ١٥ ڕۆژدا سەرپێچییەکە نەهێڵێت، ئەگەر نکولی کرد ئەوا بە پێبژاردنی ٥٠ هەزار دینار کەمتر نەبێت سزا ئەدرێت بۆ هەر ڕۆژێک لە دواکەوتنی لە لابردنی سەرپێچییەکە، هەرکەسێکیش زیانی بەرکەوتبێ لە ئەنجامی

٢٥- نوسراوی ئەمیندارێتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ژمارە (ش، ز، ل/ ٠٣/ ٨٢٣٥) لە ڕۆژی (٢٠/ ٢/ ٢٠٢٣).

ئەو پێشێلکاری و جێبەجێنەکردنی یاسایەدا ئەکرێت داوای لەسەر بجوڵێنرێت.[٢٦] لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە ئەم سزایەش جێی خۆی نەگرتووە و ڕێگر نەبووە لە پێشێلکاری و سەرپێچیکردنی یاساکەدا، چونکە لە حاڵەت و دوو حاڵەت دەرچووە.

**دووەم: یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە ٦ ساڵی ٢٠١٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی یەکەمی مادەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، ڕۆژی ٢٩/ ١٠/ ٢٠١٤ لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی پەرلەمانی کوردستاندا بڕیار درا بە دەرکردنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤،[٢٧] یاساکە لە (٢٧) مادە پێکهاتووە. لە هۆیەکانی دەرچونی ئەم یاسایەدا هاتووە لەبەر ڕۆشنایی مادەی ٤ دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، بۆ زیاتر پێشخستن و بایەخدان بە زمانی دایک و ڕێزگرتنی زیاتر لەسەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووە.[٢٨] دەرچونی یاسایەکی وا لە هەرێمی کوردستاندا گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە، بەتایبەت بونی ئەو هەموو پێکهاتەو زمانە جیاوازانەی هەرێمی کوردستان وەک تابلۆیەکی نەخشێنراوی ڕەنگاو ڕەنگە و پێکەوە ڕەنگە جیاوازەکان جوانتریان کردووە. لەلایەکی ترەوە نەبونی ئازادی زمان لە چەند ساڵی ڕابوردوی مێژوی خوێناوی عێراقدا، کورد هەمیشە لە جەنگی بەردەوامدا بووە بێجگە لە ڕووە سیاسییەکەوە لەڕوی کلتوری و ڕۆشنبیریشەوە درکی بەو مەترسیانە کردووە کە کەوتۆتە سەر زمانی کوردی و زمانەکانی تریش بۆیە دەبوایە هەنگاوێکی لەو جۆرە زۆر زوتر بنرایە هەر هیچ نەبێت لەدوای دەرچونی دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ دەبوایە لەبەر ڕۆشنایی مادەی چوارەمی دەستوور، بیر لە دەرچونی ئەم یاسایە بکرایەتەوە کە هیچ ڕێگرییەکی یاسایی و دەستووری نەبوو، بەڵام وەک دەبینین دوای ١٠ مانگ لەدەرچونی یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە ٧ ساڵی ٢٠١٤، هەنگاو نرا لەهەرێمی کوردستان بۆ دەرچونی یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە ٦ ساڵی ٢٠١٤.

بە پێی یاساکە زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمین لەسەرانسەری عێراقدا، لە کوردستانی عێراقدا زمانی کوردی زمانی سەرەکییە.[٢٩]

فەرمی بونی زمانی کوردی لە هەرێمی

٢٦- بڕگەکانی مادەی 14/ یاسای زمانە فەرمییەکان ژمارە 7 ساڵی 2014.

٢٧- وەقائعی کوردستان، ژمارە ١٨١، ڕۆژی ١٨/ ١٢/ ٢٠١٤.

٢٨- هۆیەکانی دەرچواندنی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

٢٩- مادەی ٢ یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

کوردستاندا خاڵێکی پۆزەتیڤە و دڵخۆشکەرە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەوڵ نەدراوە ئەم زمانە فەرمییە بە تەواوی بچەسپێنرێت تا ئێستاش لە هەندێک دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و دادگاکاندا زمانی عەرەبی زاڵە بەسەر زمانی کوریدا، هەرچەندە بە پێی یاسا هەموو ڕێکارە دادوەرییەکان بە بڕیاری دادگاکانیشەوە، بە زمانی کوردی دەبێت بەڕێوەبچێت و بنوسرێت، وە ئەگەر لایەنێکی داواکەش زمانی کوردی نەزانێت پێویستە دادگا وەرگێڕێکی بۆ دابین بکات،[٣٠] بەڵام زۆرجار ئەمە پەیڕەو ناکرێت و زمانی عەرەبی بەکاردێت بە بیانوی ئەوەی زمانی کوردی زمانی یاسا نییە، تا ئێستاش هەندێک لە توێژەران و لێکۆڵەران بابەتەکانیان بە زمانی عەرەبی ئەنوسن و هیچ خزمەتێک بە زمانی کوردی ناکەن، بەو بیانوەی زمانی کوردی زمانی ئەکادیمی نییە، جێگەی داخە ئەم تێڕوانیە لەسەر ئاستی باڵاش هەیە بۆ زمانی کوردی. لەلایەکی ترەوە هەندێک مامۆستا لەسەر ئەوەی خوێندکاری خوێندنی باڵا لە تاقیکردنەوەدا بە زمانی کوردی وەڵامی داوەتەوە، لە وانەکەدا بە کەوتوو ئەژمارکراوە و سەرئەنجام بووە هۆی دورخستنەوەی خوێندکارەکە لە پرۆسەی خوێندن،[٣١] لە کاتێکدا ئەم ڕێوشوێنە پێچەوانەی مادەی ٤ دەستووری عێراق و مادەی دووەمی یاسای ژمارە ١٠ ساڵی ٢٠٠٨ خوێندنی باڵایە.

یاسای ژمارە 10ساڵی 2008 خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی یاساکە بە بڕیاری ژمارە ٢١ ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوو، لە یاساکەدا هاتووە کە دەبێت کاربکرێت لەپێناوی ئەوەی زمانی کوردی بکرێت بە زمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆییەکاندا و هاندانی وەرگێڕان و دانان و چاپەمەنییە زانستی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان بۆ زمانی کوردی.[٣٢]

بەپێی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستاندا جگە لە زمانی کوردی زمانی پێکهاتەکانی تری وەک تورکمان و سریان و ئەرمەن لەپاڵ زمانی کوردیدا زمانی فەرمین، لەکاتی پێویستداو لەیەکە بەڕێوبەرایەتییەکانی خۆیاندا.[٣٣]

دوای ساڵانێکی دورودرێژ خەبات وتێکۆشان بۆ چەسپاندنی زمانی کوردی، مایەی خۆشحاڵی و دەستخۆشییە لە هەرێمی کوردستاندا پرۆژە یاساو بڕیار و پەیڕەو و ڕێنماییەکان بە زمانی کوردی ئامادەدەکرێن و دەردەکرێن، وە ئەو دەقە یاسایی و بڕیارانە لە ڕۆژنامەی فەرمی هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێنەوە، دەقە کوردییە دەبێتە سەرچاوە و بنەما کە

٣٠- بڕگەی یەکەم و دووەم، مادەی ٦، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

٣١- ناوی خوێندکارەکەو مامۆستاکەش لەلامان پارێزراوە.

٣٢- بڕگەی ١٢ مادەی ٢ ، یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨.

٣٣- مادەی ٣، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

ئەمەش لەخۆیدا باڵاییەک ئەبەخشێتە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا.[٣٤] بە گوێرەی یاساکە زمانی کوردی زمانی ئاخاوتن و نووسینی سەرجەم دامەزراوە دەستووری و فەرمانگەکانی هەرێمە.[٣٥] وە زمانی نوسین و پەیوەندی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی تری عێراقدا زمانی عەرەبی و کوردی دەبێت.[٣٦] هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمە لە عێراقدا و هیچ هەرێمێکی تر دروستنەبووە، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٤ هاتووە کە بێجگە لە هەردوو پارێزگای بەغداد و کەرکوک پارێزگاکانی تر مافی پێکهێنانی هەرێمیان هەیە و حکومەتی کاتی عێراقیش توانای پێشنیارکردنی میکانیزمەکانی پێکهێنانی ئەو هەرێمانەی هەیە، بە مەرجێک پێشکەش بە ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراو بکرێن بۆ سەیرکردن و پەسەندکردنی، بێجگە لە پەسەندکردنی یاساکە لەلایەن ئەنجومەنی نێشتیمانییەوە،[37] ئەو یاسایانەی کە تایبەتن بە پێکهێنانی هەرێمی نوێ، دەبێت ڕەزامەندی خەڵکی پارێزگاکە وەربگیرێت لە ڕێی ڕیفراندۆمەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانرێت هەرێم پێکهێنرێت، بە پەیڕەوکردنی ئەو میکانیزم و ڕێکارانە نەبێت کە دەستووری فیدراڵی دیاریکردووە.

دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت کە بە گوێرەی بڕگەکانی دەستوور دادەمەزرێنرێن،[38] بەڵام بەو مەرجەی دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران لەماوەیەکی دیاریکراودا کە شەش مانگ زیاتر تێنەپەڕبێت بەسەر یەکەم دانیشتنیدا، بە زۆرینەی سادە یاسایەک دەربکات بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێوشوێنە جێبەجێکاریانەی تایبەتن بە پێکهێنانی هەرێمەکانەوە.[39]

لەمبارەیەوە پرۆفیسۆر د. حەسەن چەلەبی پێی وایە باشترە عێراق دابەش بکرێت بەسەر دوو هەرێمدا، ئەوانیش هەرێمی کوردستان بە سنوورە جوگرافییە ڕاستەقینەکەیەوە بەکەرکوک و قەزا و ناوچە کوردییەکانی هەردوو پارێزگاکانی نەینەوا و دیالە، هەروەها ئەو ناوچەیە عەرەبییەی کە باقی پارێزگا و ناوچەکانی تری عێراق لەخۆدەگرێت، یان زیاتر لە هەرێمێک لە عێراقدا دروستبکرێت، وەکو هەرێم بەسرە یان ناوچەی ئەنبار.[٤٠] هەندێکی تر لە یاساناسان پێیان وایە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای عێراقی فرە

٣٤- مادەی ٤ و٥، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.
٣٥- مادەی ٧، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.
٣٦- مادەی ٨، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.
٣٧- (بڕگەی ج / مادەی ٥٣) یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ٢٠٠٤.
٣٨- (بڕگەی دووەم / مادەی ١١٧) دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.
٣٩- مادەی ١١٨ دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.
٤٠- محمد عمر مولود، مجلس الاتحاد في الدول الفدرالية والعراق، مجلة كلية القانون والعلوم السياسية، جامعة كركوك، المجلد ١٠، العدد ٣٨، ٢٠٢١، ص ٦٨.

پێکهاتەیە دەبێ عێراق دابەشبکرێت بۆ چوار هەرێم ئەوانیش هەرێمی کوردستان و بەغداد و فوراتی ناوەڕاست و هەرێمی باشورن.[٤١] لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فیدراڵییەت لە عێراق بەیەک تاکە هەرێم دروستبووە، هەرچەندە دەستووریش ڕێگەی دروستکردنی هەرێمی داوە، بەڵام دوای زیاتر لە هەژدە ساڵ لە جێبەجێکردنی دەستوور نەتوانراوە تاکە هەرێمێکی تر دروستبکرێت. سەبارەت بە نوسینی تابلۆکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە یاسای زمانە فەرمییەکاندا چەند مادەیەک تەرخانکراوە بە نوسینی تابلۆکان بە زمانی کوردی چ تابلۆی سەر فەرمانگە فەرمییەکانی حکومەت چ نوسینگەو نوێنەرایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان وە تابلۆی سەر شەقام و ڕێپیشاندەرەکان کە دەبێت سەرجەمیان بە زمانی کوردی لەسەرەوەی تابلۆکان بە دەرکەوتووتر نوسرابێت و پاشان زمانی عەرەبی و ئەگەر پێویست بوو بە ئینگلیزیش بنوسرێت وەک تابلۆ ڕێپیشاندەرەکان.[٤٢] جێگەی دەستخۆشییە کە ئەو یاسایە بەو شێوەیە بایەخی داوە بە زمانی کوردی و باڵا دەستی کردووە بەسەر زمانەکانی تردا لە هەرێمی کوردستان، کە بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو کورد بێبەش بوو لەوەی زمانی کوردی بە فەرمی لەسەر شوێنە گشتییەکان بونی هەبێت و تابلۆی سەر شەقامەکان و ڕێپیشاندەرەکان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بون.

لەم چوارچێوەیەدا و دوای نزیکەی ١٠ ساڵ بەسەر دەرچونی ئەم یاسایەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی زمانی دایک ٢١/ 2/ 2023، فەرمانیدا بە جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەم یاسایە لە پێناو گرنگیدان بە زمانی کوردی وەک زمانی دایک و ڕاسپاردنی گشت وەزارەتەکان پاڵپشت بە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان/عێراق ژمارە (٦)ی ٢٠١٤ و پاراستنی زمانی کوردی وەک زمانی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ نووسینی تابلۆ بە زمانی کوردی لە سەرجەم دامەزراوە و فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکان، لە پارێزگاری هەولێر دەست بەهەڵمەتێکی گشتگیرکرا بۆ گۆڕینی تابلۆی شوێنە گشتی و بازرگانیەکان بۆ کوردی. وە لەلایەن تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی سنووری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، توانرا نزیکەی (١١٨٧) ڕێکلام و تابلۆی کۆمپانیا، شوێنە گشتی و بازرگانییەکان لە زمانی بیانیەوە بگۆڕدرێن بۆ کوردی، هەروەها سەرجەم خاوەن دوکان و چێشتخانە و هوتێل و مارکێت و ڕێستورانت و کۆمپانیا و شوێنە گشتییەکانی تریش

---

٤١- سامر الناصر، في سبيل المستقبل الدستوري، بحث منشور في مؤلف دراسات دستورية عراقية حول موضوعات اساسية للدستور العراقي الجديد، المعهد الدولي لحقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة دي بول، ٢٠٠٥، ص ١٥٥.

٤٢- مادەی ١٠ و ١١ و بڕگەی یەکەمی مادەی ١٢، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

ئەوانەی تابلۆکانیان نەکردووە بە کوردی ئاگادار کراونەتەوە پابەندی بڕیارەکەبن و تابلۆی شوێنەکانیان بگۆڕن بۆ کوردی.[٤٣]
هەر لەم ڕوانگەیەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی زمانی دایکدا فەرمانێکی دەرکرد تیایدا هاتووە لە پێناو گرنگیدان بە زمانی کوردی وەک زمانی دایک، بڕیاردرا بە ڕاسپاردنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی شارەزاو پسپۆڕانی ئەم بوارە، بە ئامادەکردنی پرۆگرامێکی گونجاوی فێربونی زمانی کوردی بۆ ئەو هاوڵاتییە بیانیانەی بە مەبەستی کارکردن لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ دەبن.[٤٤] دیارە ئەمەش هەنگاوێکی باش و پێویستە کە دەبێت ئەو بیانییانەی بەمەبەستی کارکردن لە هەرێمی کوردستانن زمانی کوردی بزانن بەتایبەتی لەکەرتی گەشتوگوزاری و خزمەتگوزارییەکاندا، تا لێکتێگەیشتن هەبێت و بتوانن داواکارییەکان و ئەرکەکانی خۆیان بە دروستی بەڕێوەبەرن.
ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە کە بە پێی یاساکە پێویستە تابلۆی ئوتۆمبیلەکان بە زمانی کوردی بنوسرێن.[٤٥] بەڵام پێشێلکردنی زەق و ئاشکرای ئەم یاسایە کراوە بێ ئەوەی هیچ لایەنێک هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم پێشێلکارییە بکات، وا بۆ ماوەی ساڵێک و زیاترە دەستکراوە بە گۆڕینی تابلۆکان لە جیاتی بگۆڕێت بۆ زمانی کوردی هەروەک لەم یاسایەدا هاتووە، هەموو تابلۆکان دەگۆڕێن بە پیت و ژمارەی زمانی ئینگلیزی.
لەکاتێکدا یاساکە ئاماژەی داوە بە چێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی ئەکادیمیای کوردی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر.[٤٦] وە لەهەمان کاتدا دەقیداوە لەسەر ئەوەی کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێک ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.[٤٧]
پرسیار ئەوەیە ئەگەر هاوڵاتییەک پشتبەست بە مادەی ١٢ و مادەی ٢٦ ئەم یاسایە ئامادە نەبێت تابلۆی ئوتۆمبیلەکەی بگۆڕێت و بیکات بە تابلۆیەکی ژمارە ئینگلیزی، دەبێت سزای کێ بدرێت وەک سەرپێچیکار خاوەنی ئوتۆمبیلەکە یان لایەنی بەرپرس لە گۆڕینی تابلۆکان کە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆیە؟
سەبارەت بە زمانی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی لە پەروەردە و پرۆسەی فێرکردن و خوێندن زمانی فەرمییە،[٤٨] کە ئەمە داواکاری خەڵکی کوردستان بووە بە درێژایی مێژوی خەباتی

٤٣- سایتی فەرمی پارێزگای هەولێر (٤/ ٧/ ٢٠٢٣) https://www.hawlergov.org/app/node/6440
٤٤- بڕیاری ژمارە (٦٠٤) لە ٢١/ ٢/ ٢٠٢٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
٤٥- بڕگەی دووەم مادەی ١٢، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.
٤٦- مادەی ٢٥، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.
٤٧- مادەی ٢٦، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.
٤٨- مادەی ١٣، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

میللەتی کورد لە عێراقدا، خۆپیشاندانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم ڕاستییە ئەسەلمێنن کە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و قەڵادزێ و پێنجوێن و هەڵەبجە و شارۆچکەکانی تری کوردستان بۆ بەگژاچونەوەی سیاسەتی بە عەرەبکردنی پرۆسەی خوێندن خۆپیشاندانی گەورە ڕێکخرا و چەندین شەهید و بریندار و گرتنی دەیان گەنجی لێکەوتەوە.

دەکرێت بوترێت لەم ڕووەشەوە لەلایەن خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پێشێلکاری بەرانبەر بەم مادەیە ئەنجامدراوە بە دەرکردنی بڕیارێک کە هەندێک لە مامۆستایان پێیان وایە دژی وانەی کوردی و زمانی کوردییە کە بەگوێرەی ئەم بڕیارە وانەکانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی دەبنە وانەی لاوەکی و ئارەزوومەندانە!، هەندێ کەس پێیان وایە ئەم بڕیارە دژی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم و عێراقە، چونکە (پێشتریش حکومەتی بەعس بڕیارێکی لە و شێوەیەی دژی وانەی کوردی دەرکردبوو و وانەی کوردی لە پۆلی دوانزەی ئامادەیی کردبووە وانەیەکی ئارەزوومەندانە)، ئەم کارەی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەناوبردنی زمانی کوردییە و دژی زمانی کوردی و نەتەوەی کوردە، بۆیە پێویستە داواکاری گشتی بێتە سەر خەت و ڕێگری لەم کارە بکات و بەها بۆ زمانی کوردی بگەڕێنێتەوە. دەبێ ئەوەش بوترێت، کە ئەم بڕیارە دژی هەردوو یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقە، لە هەموو مادەکاندا گرنگی زمانی کوردی و عەرەبی خراوەتەڕوو، وە بەها و ڕۆڵی هەردوو زمانەکەی بە یاسا ڕێکخستووە.[٤٩] لە بەشی شەشەمی یاساکەدا چەندین مادە تەرخان کراوە بۆ کارو بازرگانی کە دەبێت زمانی کوردی لە گشت کۆمپانیاو دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت زمانی کوردی بەکاربهێنرێت.[٥٠] جێگەی سەرنجە کە ئەم برگەیە گرنگی پێنادرێت لە پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کارکردن لە کەرتە تایبەتەکاندا چونکە زیاتر گرنگی بە زمانی بێگانە دەدرێت بەتایبەت زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی. بۆیە مەرجی وەرگرتن بریتییە لە زمانی ئینگلیزی نەک کوردی!

هەروەها پێویستە گرێبەستەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکار بە زمانی کوردی بێت و دەکرێت زمانی دیکەش بەکار بهێنرێت، وە یاساکە بەمەرجی داناوە هەموو جۆرە ڕیکلام و بانگەشەو ئاگادارییەکی کاروباری بازرگانی هەرێم بەزمانی کوردی بێت و دەکرێت زمانی دیکەش بەکاربهێنرێت. وە ئەو کاڵاو شتومەکانەی لەهەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێن پێویستە ڕێنمایی بەزمانی کوردی لەسەر بنوسرێن، وە لەسەرخواردن و دەرمانە هاوردەکان دەبێت بەکوردی ڕێنمایی لەسەری بنوسرێت، هەرچەندە ئەم

٤٩- نەریمان خۆشناو، کەس ناتوانێت زمانی کوردی وانەی کوردی بێ بەها و فەرامۆش بکات، بابەتێکی بڵاوکراوەیە لە سایتی کوردیپیدیا، https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20170311145229978‌5&lng=22;

٥٠- مادەی ١٤، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

مادەیە بەلاوازی جێبەجێ دەکرێت ڕەنگە بە ڕێنماییەک یان بە دێڕێک کوردی تیابێت بەڵام بۆ خوێنەرێک بیەوێت هەموو ڕێنمایی دەرمان و خواردنەکان بە کوردی بخوێنێتەوە و لێی تێبگات ئەستەمە بۆیە دەبێت زمانی بێگانە بزانێت تا بەتەواوی لێی تێبگات.[٥١]

لە هەموو کارە میدیایی و کلتوریەکاندا لەهەرێم بەزمانی کوردی دەبێت، بەڵام پێکهاتەکانی دیکە بۆیان هەیە بەزمانی خۆیان ئەو کارانە ئەنجام بدەن، وە ئەگەر هەر کارێکی کلتوری بیانی لەهەرێمدا ئەنجامدرا دەبێت پۆستەر و پڕوپاگەندەی کارەکان زمانی کوردی تیابێت، هەروەها دەبێت هەموو ئەوکارە هونەرییانەی لەهەرێم بەرهەم دەهێنرێت دەبێت کوردی بێت یان وەرگێڕانی کوردی بۆ کرابێت.[٥٢] ئەمەش کارێکی باشە هەم بۆ ئاشنابون بە کلتوری بیانی هەم تێگەیشتنی هاونیشتمانیان لەکارە بیانییەکان.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم یاسایە ئازادی و ڕێپێدانە بە بەکارهێنانی زمانەکانی دیکە، کە بەدرێژایی ڕژێمەکانی پێشوو زمانی کوردی کە دووەمین زمان بووە لە عێراقدا ڕێگە پێنەدراو بوو بەڵام لە سایەی ئەم یاسایەدا زمانی نەتەوەکانی دیکە لەپاڵ زمانی کوردیدا دەبنە زمانی فەرمی بۆ خوێندن و ئاخاوتن وکاروباری کارگێڕی ناوخۆییان لەو یەکە بەڕێوەبردنانەی کە چڕی دانیشتوانەکەی سەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەن.[٥٣]

ئەم یاسایە دەبێت وەک خۆی جێبەجێ بکرێت و ئەوەی سەرپێچی حوکمەکانی بکات سزا دەدرێت، بە شێوەیەک ئەگەر فەرمانبەر بێت سزای بەرزەفتکردنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر کەسەکە فەرمانبەر نەبوو دەبێت ئاگادار بکرێتەوە لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا سەرپێچییەکە ڕاست بکاتەوە، ئەگەر هەر لەسەر سەرپێچییەکەی بەردەوام بوو بۆ هەر ڕۆژێک سزادەدرێت بە پێبژاردنی بڕێک پارە کە لە ٥٠ هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە ١٠٠ هەزار دینار زیاتر نەبێت، وە هەموو زەرەرمەندێک مافی جوڵاندنی داوای هەیە.[٥٤] بەڵام ڕێوشوێنە یاساییەکان ئەوەندە ماندووکەرن کە هیچ کەس بوێری ئەوەی نییە لەسەر ئەو بابەتە داوابەرزبکاتەوە، بۆیە هەق وایە داواکاری گشتی کە نوێنەرایەتی گەل دەکات گرنگی بەم لایەنە بدات و داوا بجوڵێنێت لەسەر ئەو کەس و لایەنانەی پێشێلی دەستوور ویاساکان دەکەن بەو پێیەی زمان پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی و ئایندەمانەوە هەیە.

لەکۆتایدا پێمان وایە پێویستییەکی زۆر

---

٥١- مادەکانی ١٤ و١٥ و١٦ و ١٧ و 18 و 19، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٤.

٥٢- مادەکانی ٢٠ و ٢١، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

٥٣- مادەی ٢٢، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

٥٤- بڕگەکانی مادەی ٢٤، یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

و هەنوکەیی هەیە بۆ چەسپاندنی زمانی کوردی و ڕێزلێگیراوبێت هەروەک لەدەستوور و یاساکاندا هاتووە هەروەکو چۆن لە زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگی بە زمانەکەیان ئەدەن، تەنانەت مافی مانەوە نادەن بە کەسێک فێری زمانەکەیان نەبێت.

بۆ پاراستن و گەشەپێدان و بەرزڕاگرتنی زمانی کوردی پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن لەم بوارەدا هەوڵ بدەن لیژنەی تایبەت دروست بکەن بۆ چاودێریکردن و پاراستنی زمانی کوردی چ لە وەزارەتی پەیوەندیدار و پەرلەمانی کوردستان، لە کەسانی زمانناس و یاساناس پێکبێن، بەتایبەت بۆ دارشتنی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی لەو لایەنانەوە دەردەچن تا لە ڕوی زمانەوە سەلامەت بن. هەروەکو لە یاسای زمانە فەرمییەکانی کوردستان مادەی ۲۵ و لە عێراقیشدا مادەی ۱۳ هاتووە ئەکادیمیای کوردی و کۆڕی زانیاری عێراقی لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕابسپێررێن تاهەستن بەم ئەرکە مێژووییەی سەرشانیان.

جێگەی خۆیەتی جەخت بکرێتەوە لەسەر نوسینی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و نامەکانی ماستەر و دکتۆرا بەزمانی کوردی، هاندان هەبێت بۆ وەرگێڕان لە زمانەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی، پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەم کارەدا هاوکار و هەماهەنگ بێت، چونکە ئێمە ژمارەیەکی زۆرمان خوێندکاری کورد هەیە لە ئێران و لەشارە کوردییەکان بۆ زانکۆکانی ئەوێ ئاساییە نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا بە کوردی بنوسرێت، بۆیە پێویستە وەزارەت لەو بارەیەوە ڕێنمایی پێویست دەربکات لەپێناوی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی و زمانی کوردی بە چەمک و زاراوەکان.

پێویستە هەڵمەتێکی نیشتیمانی دەستپێبکرێت بۆ پاک کردنەوەی زمانی کوردی لەو هەموو چەمک و زاراوە و ووشە سەیر و سەمەرانەی زمانەکانی تر کە بەکارئەهێنرێن بەتایبەت ووشەی عەرەبی و ئینگلیزی. لە هەمان کاتدا هەڵمەتەکە هەموو نوسراوی سەر دوکان و چێشتخانەو چایخانەو قاوەخانەو هەموو شوێنەکان بگرێتەوە، وە بکرێتە مەرج کە ناوەکان وشەی کوردی ڕەسەن بێت و وەکو لەیاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە تابلۆکانیش بکرێنە کوردی ئەگەر بە زمانێکی دیکە نوسران زمانی کوردی بە گەورەتر و بەرجەستەتر لەسەرەوەی تابلۆکە بنوسرێت. هەروەها میدیاو ڕۆژنامەکان کە دەبوو شوێنی فێرکردنی وشەی پاراوی کوردی بوایە بەداخەوە بەهۆی لاسایی کردنەوەی بەرنامە و زاراوەی بیانییەوە ناوی بەرنامەکانیشیان بە کوردی نییە.

وە بە پێوستی دەزانین لایەنی پەیوەندیدار هەستێت بە ئەرکی نیشتمانی خۆی لە پێناوی مانەوە و برەودان بە زمانی کوردی هاندەربێت بۆ جێبەجێکردنی یاسای زمانە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٦ ساڵی ۲۰۱٤، و یاسای زمانە فەرمییەکانی عێراق ژمارە ۷ ساڵی ۲۰۱٤ و جێبەجێکردنی مادەکانی

تایبەت بە مافی زمانی کوردی و بەکارهێنانی بە شێوەی فەرمی لە دەستووری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، کە سەرجەمیان خزمەتێکی گەورە بە مانەوەو گەشەسەندن و پاراوی زمانەکەمان دەکەن.

# مافەکانی منداڵ لەبەردەم هەڕەشەی گۆڕانی کەشوهەوا لەعێراقدا

د.هیوا رشید | یاسای گشتی بەشی یاسا، زانکۆی گەرمیان

پێشەکی

گۆڕانکاری کەش و هەوا لە جیهان دا گەیشتۆتە ئاستێکی کاریگەر و بینراو، وە ئەم ناوچەیەش بەتایبەتی وڵاتی عێراق بە توندی ڕووبەڕووی ئەم دۆخە ژینگەییە دەبێتەوە. وە بە پێی توێژینەوەکان عێراق لە ئاستی پێنجەمین وڵات دێت لە ڕووی کاریگەربوون بە گۆڕانی کەش و هەوا. وە باسمان لەوەکرد کە ئەم گۆڕانکاریە کاریگەری نەرێنی دروست دەکەن لە سەر مافەکانی مرۆڤ بە بێ جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەی و ئاینی و ئاستی هەژاری و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری. لەم وتارەدا بە تایبەت باس لە کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا دەکەین لە سەر چینێکی هەستیار، ئەوانیش منداڵانن، کە بە هۆی پێکهاتەی جەستەی و فسیۆلۆجی و پێویستیان بە گەشەکردن، زۆر کاریگەری ژینگەییان لە سەرە. وەك لە بانگەوازی سکرتاریەتی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کارکردن لە پێناو مافەکانی مرۆڤ دا لە ساڵی ٢٠٢٠ دانراوە بەوەدا کە مافی نەوەکانی داهاتوو زۆر بە توندی کاریگەر دەبن بە گۆڕانی کەش و هەوا.

هەروەك ڕیکخراوی یونسێف (UNICEF) جەختی لەوەکردۆتەوەکە ڕەنگە هیچ شتێك بەقەد گۆڕانی کەش و هەوا نەبێتە هۆی مەترسی لە سەر جیهانی منداڵانی ئێستا و منداڵەکانی ئەوانیش. یونسێف ڕوونی کردۆتەوەکە گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەری لە سەر تەندروستی و گەشەسەندن و خۆشگوزەرانی منداڵان هەیە. بەتایبەت منداڵانی هەژار، و منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، و منداڵانی ئەو ناوچانەی مەترسی توندی گۆڕانی کەش و هەوایان لەسەرە، یان کەمینەکان و گرووپەکان کە زۆرترین کاریگەری نەرێنی ئەم دۆخە تازەیەی کەش و هەوایان لەسەر دروست دەبێت.

بە پێی ڕاپۆرتێکی یونسێف لە ساڵی ٢٠٢٣ عیراق لە ڕیزبەندی ٦١ دێت لە کۆی ١٦٣ وڵات بە

پێی ئیندێکسی مەترسی کەش و هەوا بۆ سەر منداڵان (Childrens Climate Risk Index). بە پێی داتاکانی یونسێف لە ساڵی ٢٠٢٠ تەنها ٦٪ی منداڵانی عیراق ڕووبەڕووی شەپۆلی گەرمای بەرز بوونەتەوە، بەڵام بە پێی پێشبینیەکان بۆ ساڵی ٢٠٥٠ هەموو منداڵانی عێراق بە کچ و کوڕەوە ڕووبەڕووی شەپۆلی گەرمای بەرز و زیانبەخش دەبنەوە.١لە لایەکی تر یونسێف ئاماژەی بەوەکردووەکێشەی کەم ئاوی لە باشووری عێراق بۆتە هۆکاری ئاوارە بوونی خەڵکی، وە زیانی گەیاندووە بە خزمەتکردنی منداڵان. بۆیە یونسێف پێشبینی دەکات کێشەی بێ ئاوی یان کەم ئاوی ببێتە یەکێك لە ئالەنگاریە توندەکان بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٢٤ کە ئەمەش زیانی بۆ مافەکانی منداڵان هەیە، وەکو مافی ژیان و تەندروستی، پەروەردە.٢

## چوارچێوەی یاسای بۆپاراستنی مافەکانی منداڵ

دەتوانین بڵێین مافەکانی منداڵیش بەشێکە لەو مافانەی مرۆڤ کەلە جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و یاسا و ڕێکەوتنامە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ هاتوون، وەکو ڕێکەوتنامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان و ڕێکەوتنامەی مافە رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابوریەکان. وە لە لایەکی تر تایبەت بە مافەکانی منداڵانیش بەهەمان شێوە دانپێدانانی ڕاستەوخۆ هەیە لە چوارچێوەی یاسا و ڕیکەوتنامە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان، وەکو ڕێکەوتنامەی تایبەت بە مافەکانی منداڵ لە ساڵی ١٩٨٩ کە باس لە پاراستنی مافەکانی منداڵ دەکات، وەکو مافی ژیان، تەندروستی و سەلامەتی، دەست گەیشتن بە خۆراك و ئاوی پاك، و مافی دەستگەیشتن بە پەروەردە و فێرکردن، و ڕێکەوتنامەکە باس لە بەرپرسیاری وڵاتان دەکات لە پرسی پیس بوونی ژینگە تاوەکو نەبێتە مەترسی بۆ سەر تەندروستی منداڵان.

لە لایەکی تر لە کۆنفراسی وڵاتان (COP ١٦)لە کانکونی مەکسیك لە ساڵی ٢٠١٠، جەخت لە پێویستی لە بەرچاوگرتنی زیانەکانی گۆڕانی کەش و هەوا کراوە بۆ سەر منداڵان، وە لە لایەکی ترەوە لە ڕێکەوتنامەی پاریس لە ساڵی ٢٠١٥، باس لەوەکراوەکە پێویستە وڵاتان لە کارکردنیان لە پرۆسەی ڕووبەڕوو بوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا، ئەرکەکانیان لە بەرچاوبگرن بۆ ڕێزگرتن، و هاندان، و پاراستنی مافەکانی منداڵان.٣

## دۆخی مافەکانی منداڵ لە سەردەمی گۆڕانی کەش و هەوا

بە گوێرەی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، هەموو مرۆڤێك مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی هەیە. وە ڕێکەوتنامەی تایبەت بە مافەکانی منداڵ ئاماژە بەوە دەکات کە داننان بە مافی یەکسانی و ئازادی و هەموو مافە خۆرسك و پێویستەکانی مرۆڤ بۆ هەموو گرۆی مرۆڤایەتی بە بناغەیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ بەرقەراربوونی ئازادی و ئاشتی و دادپەروەری لە جیهان دا.٤

بۆیە مافی ژیان یەکێکە لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ. بە پێی ڕاپۆرتی ریکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) پێشبینی دەکرێت لە نێوان ساڵی ٢٠٣٠ بۆ ٢٠٥٠ ژمارەی ئەوانەی بە هۆکاری

پەیوەست بە گۆڕانی کەش و هەوا کۆچی دوای دەکەن ساڵانە بۆ ٢٥٠ هەزار مرۆڤ زیاد بکات بە هۆکاری بەدخۆراکی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی وەکو مەلاریا و سکچوون و شەپۆلەکانی گەرما.٥ بێ گومان زۆرینەی قوربانیەکان لە مردن بەو هۆکارانەی ئاماژەی پێکرا منداڵانن بە هۆکاری تایبەتمەندی جەستەی و فیسیۆلۆجی. وە منداڵان ئەگەری ئەوە هەیە بە هۆکاری کارەسات و ڕووداوە سروشتیەکان و نەخوشیەکان توشی زیانی زۆر ببن، وەکو ئەگەری کۆچ کردن و جیابوونەوەیان لە خێزان یان لە دەستدانی دایك و باوك.

هەروەکو لە کۆمێنتی ژمارە ٣٦ ی ساڵی ٢٠١٨ی کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی سەربە نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بە مافی ژیان هاتوە "گۆڕانی کەش وهەوا یەکێکە لە فشار و هەڕەشە توندەکان بۆ سەر توانستی نەوەکانی ئێستا و ئایندە بۆ چێژوەرگرتن لە مافی ژیان". وە مافی تەندروستی و سەلامەتی جەستەیی و دەروونیش کاریگەر دەبێت بە گۆڕانی کەش و هەوا. بۆ نموونە بە هۆکاری بەرزبوونەوەی شەپۆلی گەرما، چەندین نەخوشی بۆ منداڵ دروست دەبێت، وە پیس بوونی ژینگە وەکو پیس بوونی هەوا و ئاو دەبیتە هۆی نەخۆشی سیەکان، و کولێرا و هیتریش، وە ڕوودانی لافاو و کارەساتە سروشتیەکان، وەکو بوومەلەرزە و لافاو ڕەنگە ببێتە هۆکاری زیان گەیاندن و لە نابردنی دەزگا تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکان، بەمەش دەستگەیشتن بە چارەسەری پزیشکی و دەرمان قورستردەبێت و کاریگەری نەرێنی بۆ منداڵ دەبێت. بۆ نموونە بە پێی داتای نەتەوە یەکگرتوەکان تەنها لە ساڵی ٢٠١٨ بەهۆکاری پیس بوونی هەوا زیاتر لە ٨ ملیۆن منداڵ مردون بە مردنی پێش وەختە (premature deaths).٦ لە لایەکی تر مافە کلتووریەکانیش بە هۆکاری ڕووداوە سروشتیەکان و کاریگەریەکانی گۆڕانی کەش و هەوا دەکەونە مەترسیەوە، بە تایبەت کاتێك کۆچ کردن ڕوودەدات لە زێدی باو و باپیرانیان، و خاك و کلتوریان لە دەستدەدەن و تێکەڵی کۆمەڵگا و کلتوری نوێ دەبن. بە هەمان شێوە مافی پەروەردەش پێشێل دەکرێت، کاتێك قوتابخانە و ناوەندەکانی فێربوون زیانیان پێ دەگات بە هۆکاری ڕووداوە سروشتیەکان، یاخود لە دۆخی خراپی خۆراك و برسێتی و نەخۆشی بە هۆکاری پەیوەست بە دەرئەنجامی گۆڕانی کەش و هەوا خێزانەکان منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەردەکەن. بۆ نموونە لە مادەی ٢٩ لە ڕێکەوتنامەی پاراستنی مافەکانی منداڵ هاتووەکە پێویستە پرۆگرامەکانی پەروەردە ئاڕاستە بکرێت بۆ ڕیزگرتن لە سروشت و ژینگە، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە بێتە دی لە دژی گۆڕانی کەش و هەوا.٧

بەپێی پێشبینیەکانی یونسێف لە ساڵی ٢٠٤٠ یەك لە سەر چواری منداڵان، کە دەکاتە ٦٠٠ ملیۆن منداڵ لە جیهان دا، دەکەونە ئەو ناوچانەی کە ڕووبەڕووی گرفتی کەم ئاوی دەبنەوە.٨ لە پەیوەندی نێوان مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە، ڕیپۆرتەری تایبەتی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە هیچ گروپێك بەقەد منداڵان لەبار نین بۆ زیانە ژینگەیەکان(A/HRC/37/5)، ڕێپۆرتەری تایبەتی ئاماژە بەمەترسیەکانی گۆڕانی کەش و

هەوا دەکات لە سەر منداڵان، بە تایبەت ڕەنگە گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەری توندی هەبێت لە سەر بەدەستهێنانی ستانداردێکی باشی تەندروستی جەستەی و دەروونی، پەروەردە و فێرکردن، بڕی خۆراکی شیاو، بوونی خانووی شیاو، لە گەڵ بەدەستهێنانی ئاوی پاك بە بڕی پێویست، بەتایبەت لە وڵاتە تازە پێشکەوتووەکان کە پێشبینی خراپترین کاریگەری دەکرێت لە سەر مافەکانی منداڵان.

لە توێژینەوەیەکی سەبارەت بە پەیوەندی گۆڕانی کەش و هەوا لە گەڵ بە دەستهێنانی کاریگەرانەی تەواوەتی مافەکانی منداڵ، نوسینگەی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان( OHCHR) گەیشتوە بەو دەرئەنجامەی کە منداڵان بەتایبەتی دەکەونە بەر کاریگەریە نەرێنیەکانی گۆڕانی کەش و هەوا وە بەتایبەت تر منداڵی بچووك و ساوا.٩

کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوەکردوەکە یەکێك لە پێداویستیە سەرەکیەکان لە پێناو پاراستنی مافەکانی منداڵ لە ئەستۆی حکومەتەکان، بریتیە لە گرتنەبەری پێوەر و میکانیزمی دامرکانەوە و کەمکردنەوە(Mitigation measures)، بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنیەکانی داهاتووی گۆڕانی کەش و هەوا لە سەر مافەکانی منداڵ، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر پێویستە پێوەری خۆ گونجاندن (Adaption measures) بگیرێتەبەر بە ئامانجی پاراستنی ئەو منداڵانەی کە زۆر ڕوو بەڕووی ئەم زیانانە دەبنەوە بە گۆڕانی کەش و هەوا.

کۆمسیۆنەکە ئەوەی دۆزیوەتەوەکە داوا یاساییەکان لە لایەن منداڵانی ئەمڕۆوە توانای ئەوەیان هەیە کە مافەکانی نەوەی داهاتوو بپارێزێت لە مەترسی و زیانەکانی کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا، وەکۆمسیۆنەکە پێی وایە بنەمای یاسایی بۆ ئەو جۆرە سکاڵا یاساییانە لە زۆربەی وڵاتاندا بوونی هەیە. لە ڕاستیدا منداڵان و نوێنەرەکانیان بەشداری کاریگەریان کردووە لە داوا یاساییەکانی پەیوەست بە ژینگە لە زۆر وڵاتدا وەکو فلیپین ١٠، نەیجیریا١١، و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.١٢

بۆ نموونە لە میانەی کۆبوونەوەی لوتکەی کاری کەش و هەوا(Climate Action Summit) ی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠١٩ ئاماژە بەوەکراوەکە ١٦ منداڵ لە ١١ وڵاتی جیاوازەوە هەستاون بە پێشکەشکردنی سکاڵایەکی یاسایی ناوازە و بە پێز بۆ لیژنەی تایبەت بە لوتکەکە سەبارەت بە مافەکانی منداڵان، کە تیایدا گازندەیان لە حکومەتەکانیان کردووە بە هۆی کارنەکردنیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاریشە ژینگەیەکان.١٣بۆیە منداڵان و گەنجان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە بزووتنەوەکانی دادپەروەری پەیوەست بە کەش و هەوا، وە چەندین گرووپ و دەست پێشخەری دروست بوون لە جیهان دا وەکو( Fridays for Future"," "Extinction Rebellion" "Sunrise.

**ڕۆڵی عێراق لە پاراستنی مافەکانی منداڵ**

دەوڵەتی عێراق لە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤

واژووی لە سەر ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ کردووە، وە لەو کاتەوە هەندێك هەنگاو و دەست پێشخەری کراون، وەکو دروستکردنی کۆمسیۆنی چاودێری مندالأ و پۆرتالی نیشتیمانی تایبەت بە داتای تایبەت بە منداڵ، و هەروەها هەندێك لە گۆڕانکاری و چاکسازی لە یاساکانی پەیوەست بە مافی منداڵ تاوەکو لە گەڵ ڕێکەوتنامە و ستانداردی نێودەوڵەتی بگونجێت.١٤

لە ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ یونسێف ستایشی حکومەتی عێراقی کرد بە هۆی واژووکردنی ڕاگەیاندنی تایبەت بە مافەکانی منداڵ و گەنج و کارکردن بۆ کەش و هەوا، پێش ئەنجامدانی COP٢٨. وە ئەم هەنگاوە بە گرنگ وەسفدەکرێت بۆ پابەندبوونی حکومەتی عێراق بە پاراستنی مافەکانی منداڵ بە پێی ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ، بە ئامانجی پاراستنی مافەکانی منداڵان و گەنجان، لە میانەی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاریشەی گۆڕانی کەش و هەوا، و کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی. ئەم ڕاگەیاندنە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٩ لە ئەنجامی کۆنگرەی کۆپ ٢٥ لە مەدیریدی پایتەختی ئیسپانیا ڕاگەیەندرا.١٥

بە پێی ڕاپۆرتی ڕیکخراوی "کیدز رایتس" ی تایبەت بە داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ کە بارەگاکەی لە هۆڵەندایە، لە ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی یەك ملیار منداڵ لە جیهاندا ڕووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە بە هۆی کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا. وە ڕێکخراوەکە لە توێژینەوەی ساڵانەیدا بە ناونیشانی ئاماژەکانی مافی منداڵ، لیستی ١٨٥ وڵاتی ڕیزبەندکردووە، بە پێی ڕادەی پابەند بوونیان بە ڕێکەوتنامەکانی مافی منداڵ بە پشت بەستن بە زانیاریەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. بە پێی راپۆرتی ڕیکخراوەکە بۆ ساڵی ٢٠٢٢ ئایسلەندا و سوید و فلەندا و هۆڵەندا لە ڕیزبەندی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم دێن لە ڕووی پاراستنی مافەکانی منداڵ، وە وڵاتانی تری وەکو چاد و ئەفغانستان و سیرالیۆن و کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست، دەکەونە کۆتای لیستەکە. وە بە پێی ئیندێکسی ڕیکخراوەکە بۆ ساڵی ٢٠٢٣ عیراق لە ئاستی ١٦٩ دێت بۆ پاراستنی مافی منداڵ لە کۆی ١٩٣ وڵات.١٦ واتە ڕەوشی مافەکانی مندالأ لە ئاستێکی دلأخۆشکەرنیە لە عێراق.

وە بە پێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٢٣ یەك لەسەر چواری منداڵانی جیهان لە ساڵی ٢٠٢٣ دا لە ژێر هێڵی هەژاری دەژین، وە ڕێژەی منداڵان کە کاردەکەن بۆ دوو ئەوەندە و تەنانەت سێ ئەوەندە زیادیان کردووە لە هەندێ لە وڵاتانی جیهان. سەبارەت بە کاریگەری کەش و هەوا ڕاپۆرتەکە ئاشکرای کردووە لە وڵاتانی وەکو بەنگلادش، چین، میسر، ئەندەنوسیا، هیندستان، مەکسیك، پاکستان، فلیپین، کۆماری کۆریا، تایلاند و ڤێتنام، منداڵان بە تایبەتی ڕووبەڕووی زیانەکانی گۆڕانی کەش و هەوا و شۆك و سترێس بوونەتەوە. وە ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە زیانە وێرانکاریەکانی ڕووداوە ژینگەیەکان دەکات، وەکو لافاوی کتوپڕ لە پاکستان لە ساڵی ٢٠٢٢ کە بوە هۆی زیانگەیاندن بە ٢٧٠٠٠ قوتابخانە، وە دوو بوومەلەرزەی بەهێز کە سوریا و تورکیای هەژاند لە ساڵی ٢٠٢٣ ،کە کاریگەری نەرێنی

هەولێرنامەی کتێب

هەبوو بۆ سەر ٣,٧٠٠ ملیۆن منداڵ بە تەنها لە سوریا. لە ڕووی ڕانکینی وڵاتان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ سوید هاتۆتە ئاستی یەکەم لە جیهاندا کە شوێنی ئایسلەندای گرتۆتەوە، وە ڕێکخراوەکە ئاماژەی بەوەکردووەکە سەرجەمی داتاکان بۆ وڵاتان بەرەو ئاستی خراپتر ڕۆیشتوون لە جیاتی گەشەسەندن.١٧

کۆبەند

بۆیە گۆڕانی کەش و هەوا مەترسی بۆ سەر مرۆڤایەتی هەیە، بە تایبەت لەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی کاریگەری توندی ئەو گۆڕانکاریە بوونەتەوە وەکو عێراق. بۆیە لاوازی ڕۆڵی حکومەت لە پرسی کەمکردنەوەی کاریگەریەکان و خۆگونجاندن لە گەڵیدا، دەبێتە هۆی زیاترکردنی مەترسیەکان بۆ سەر مافەکانی منداڵ. بۆنموونە گرفتی کەم ئاوی، و بەرزبونەوەی پلەی گەرما، و بە بیابان بوون، و پیس بوونی سەرچاوە ئاویەکان، و خراپی کوالیتی هەوای شارە گەورەکان، و دەردانی گازە گەرمکەرەکان، و نەبوونی پاڵپشتی بە هێز بۆ ووزە نوێبووەکان، ئالەنگاری زیاتر بۆ مافی مرۆڤ دروست دەکەن، و بە تایبەت منداڵان زیاتر تووشی مەترسی دەبنەوە. بۆیە پێویستە حکومەتی عێراق و هەرێم بایەخی زیاتر بەم پرسە هەستیارە بدەن، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئالەنگاریە ژینگەیەکان و کاریگەریەکانی گۆڕانی کەش و هەوا ببنەوە، تاوەکو مافی مرۆڤ بەتایبەت منداڵان پارێزراو بێت. و لە لایەکی تر پێویستە هاوڵاتیان هۆشیارتربن و منداڵ و گەنجان هۆشیاربکرێنەوە لە ڕێگای ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردن سەبارەت بەم مافانە وچۆنیەتی بەکارهێنانی یاسا بۆ پەنابردن بۆ دادگا بۆ پاراستنی مافەکان، کاتێك دەکەونە مەترسیەوە، یان پێشێل دەکرێن بە هۆکاری کەمتەرخەمی حکومەت لە ڕەچاوکردنیان لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوا. لە لایەکی تریش لاوازی دەزگا ژینگەیەکان لە پاراستنی ژینگە و سەرچاوە سروشتیەکان کە بەم هۆیەوە زیان بە مافەکانی مرۆڤ دەگات، بۆ نموونە کاتێك ڕووبارەکان پیس دەکرێن بە هۆکاری چالاکی مرۆیی، وەکو پیشەسازی بەم هۆیەوە نەخۆشی سەرهەڵدەدات، یان کاتێك مۆلیدە و ئۆتۆمبیلی کۆن گازی ژەهراوی فڕیدەداتە ناو هەوا، و دەبێتە هۆی نەخۆشی سیەکان بۆ نموونە، ئەم کارانە پێشیلی مافی ژیان و تەندروستی مرۆڤ دەکات و بە پلەی یەکەم حکومەت بەرپرسە لە سزادانی ئەو کەس و لایەنانەی پێشێلی یاسا و ڕینمایە ژینگەیەکان دەکەن، بۆیە حکومەت بەرپرس دەبێت بە هۆی کەمتەرخەمی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسیە ژینگەیەکان، بۆیە هاوڵاتی دەبێت دەستە وەستان نەبێت و سکاڵای یاسای لە سەر لایەنی کەمتەرخەم بەرزبکاتەوە چ حکومەت بێت یان کەرتی تایبەت.

---

١.UNICEF, Humanitarian Action for Children.٢٠٢٣. Accessed January ٢٩, ٢٠٢٤. https://www.unicef.org/appeals/iraq

٢.UN CC; E-Learn, An introduction to climate change and human rights. Accessed January ٢٩, ٢٠٢٤. https://unccelearn.org/mod/

٣٩٨١=scorm/view.php?id

UNICEF, Humanitarian Action for.٣ ٢٠٢٣.Children. Accessed January ٢٩, ٢٠٢٤.
https://www.unicef.org/appeals/iraq

WHO, Climate change and Health,.٤ February ١, ٢٠١٨. Accessed January ٢٨, ٢٠٢٤. http://www.who.int/news-room/fact-sheets/detail/climate-change-and-health

UN CC; E-Learn, An introduction to climate.٥ change and human rights. Accessed January ٢٩, ٢٠٢٤. https://unccelearn.org/mod/ ٣٩٨١=scorm/view.php?id

٦.هەمان سەرچاوە.

UNICEF, Thirsting for a Future: Water.٧ and Children in a Changing Climate (New York,٢٠١٧).www.unicef.org/media/٤٩٦٢١/ file/UNICEF_Thirsting_for_a_Future_ENG. pdf.

٨. بروانە : HRC/A/٣٥/١٣)).

Supreme Court of the Philippines, Minors.٩ Oposa v. Secretary of the Department of Environmental and Natural Resources, decision of ٣٠ July ١٩٩٣.

Federal High Court of Nigeria, Gbemre v..١٠ Shell Petroleum Nigeria Limited and Others, judgment of ١٤ November ٢٠٠٥.

United States Court of Appeals for the.١١ Ninth Circuit, Juliana et al. v. United States of America et al, opinion of ١٧ January ٢٠٢٠.

١٢.ئەم سکاڵایە لەم لینکەی خوارەوە بەردەستە:
https://earthjustice.org/blog/ ٢٠١٩-september/greta-thunbergyoung

reliefweb, UNICEF commends the.١٣ Government of Iraq for signing the Declaration on Children, Youth and Climate Action. Accessed on ٢٧ January ٢٠٢٤.
https://reliefweb.int/report/iraq/unicef-commends-government-iraq-signing-declaration-children-youth-and-climate-action-enarku

١٤.هەمان سەرچاوە.

١٥. فرانس ٢٤، منظمە حقوقیە: التغیر المناخی یهدد ملیار گفل فی العالم. ئەم بابەتە بڵاوبۆتەوە لە ١٩ اوکتوبر ٢٠٢٢، لەم لینکە بەردەستە: https://www.france٢٤.com/ ar/٪D٩٪٨٥٪D٨٪D٨٪AC

Kids Rights, KIDSRIGHTS INDEX.١٦ ٢٠٢٣.https://www.kidsrights.org/news/ kidsrights-index-٢٠٢٣--one-in-four-children-will-be-living-below-the-poverty-line-this-year/

١٧.هەمان سەرچاوە.

# ئایا چاودێری پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) لە ئاستی پێویستدا بوو

## (خولی دووەم بە نموونە)

تاریق جامباز | ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان

لە ئەرکە سەرەکییەکانی هەر پەرلەمانێک لە سەرتاسەری دونیا چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە ئینجا لە ئاراستەکردنی پرسیار و داواکاری زانین یا روونکردنەوە یان لێپێچینەوە (لێپرسینەوە) و زۆرجار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان هاتوونەتە پەرلەمان و بەگوێرەی پێویست کاروباریان خستۆتەڕوو و روونیانکردۆتەوە، ئەوەی نەزانراوە پەردەیان لەسەر لابردوە یا بە داتا یا بە بەڵگەی سەلمێنەر بە نووسین ناردوویانە و وەڵامی زارەکی یا بەنووسینی پرسیارەکانی پەرلەمانتارانیان داوەتەوە، بەڵام ئەم لایەنە گرنگە و هەستیارە، مەبەستم (چاودێری پەرلەمانی) نەتوانراوە لەبەر هۆکاری خودی و بابەتی پەرلەمانتاران ئەم مافەی هەیانە و لەبەردەستیان دایە رۆڵی کاریگەریان بگێڕن، وابزانم غەمساردی و کەمتەرخەمی ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ:

١)بە ووردو قوڵی لە بنج و بنەوانی ئەم لایەنە نازانن یا پشتگوێی دەخەن و بایەخی پێ نادەن.

٢)فراکسیۆنەکەی رێگەی نادا، بەرژەوەندی تەسکی لایەنەکە پرسیاری وروژێنەر (محرج) بکرێ.

٣)سەرۆکایەتی پەرلەمان دوای دەخا، گەرما و گەرم لە ماوەی یاسایی ناینێرێ بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٤)دواخستن یان هەر وەڵامدانەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن یا خۆدزینەوە لە پرسیارکە، درێژەدارێکی و وەڵامدانەوەی کە کرۆکی پرسیارەکە بزر دەکرێ.

٥)پرسیارەکە لە ئاستی پێویستدا نییە و هە ر پرسیارێکی سەرپێی و خێرایە، مەبەستێک بەدی ناکات.

٦)نەبوونی باگراوندێکی چاک کە وەڵامەکە لە ئاستی پێویستدا نەبوو ئەوا بە بەڵگە و داتای سەلمێنەر ناچاربکرێ وەڵامێکی راشکاوانە بداتەوە.

٧)سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پەیوەندیدار لە نێوانیاندا وەزیری کاروباری پەرلەمانی بە ئەرکی تەواوی خۆی رانەبێ کە لە ئان و ساتی خۆیدا، پرسیارەکان بگاتە وەزیری پرسیار ئاراستەکراو لە بەدوادا چوون بۆ وەڵامدانەوە لەکاتی یاسایی، دوانەخستنی یا پاشگوێ نەخستنی، گەر هۆکاری گونجاو و بەجێ نەبن لە وەڵامدانەوە بهێنرێنەوە ئەوساش بە زووترین کات وەڵامەکان بدرێنەوە و سەرۆکایەتی پەرلەمان پرسیار و وەڵامەکان لە پاشکۆێکی دانیشتنەکانی پەرلەمان چاپ و بڵاوبکاتەوە وەکو زۆر لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی دونیا و لە خولی دووەم ئەنجامدرا.

**بۆ ئەوەی چاودێری پەرلەمانی کارا تر بکرێ.**

کە بە وردی و قولی چاوێردی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکان کە پەرلەمان دەریکردون بکات ئەمەش بە سەردان و بەدواداچوون و داواکاری داتا و نووسراو و راستەوخۆش بینینی پڕۆژەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان و بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت یا وەزیرە پەیوەندیدارەکان و داوای روونکردنەوە و بەرچاوخستنی ئەو بەرنامە چوار ساڵییەی کە بڕیاری لە پەرلەمان پەسەندکردنی بۆ زانینی رادەی جێبەجێکردنینان و هۆکاری دواکەوتن و لە پلانڕێژی راپەڕاندنیان و...هتد و ئاراستەکردنی پرسیاری راستەوخۆ و لە دانیشتنێکی پەرلەمان (زارەکی) بۆ وەزیری پەیوەندیدار یا بە نووسین و لەماوەیەکی دیاریکراو ئەویش بە نووسین وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. هەروەها سەرۆکی ئەو دەستانەی لە پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخۆن ئەوا پەرلەمان چاودێری ئەوانیش دەگرێتەوە و گەر پرسیاری زارەکی یا بە نووسین (وەڵامەکەی خۆ دزینەوە و لادان و چونە نێو کرۆکی پرسیارەکە) ئەوا مافی هەمان پەرلەمانتارە سەرلەنوێ پرسیارەکە بە روونکردنەوە سەر لەنوێ چ بە زارەکی یا بەنووسین دووپات بکاتەوە. لە پەرلەمانی کوردستان زۆر پرسیاری زارەکی و بە نووسین ئاراستەی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان کراوە و ئەوانیش لە دانیشتنی تایبەتی و کراوە راشکاوانە وەڵامیان داوەتەوە بەڵام لایەنێک پرسیاری ورژێنەری لێ کردبایە ئەوا لایەنەکەی دیکە لە جیاتی وەزیر وەڵامیان دەدایەوە یا وەزیرێکی لایەنەکی دیکە بانگهێشت دەکرا تاکو ئەوانیش پرسیاری وروژێنەری لێ بکەن، لەبەر ئەوەی دەزگای چاودێری دارایی دوانە بوون بۆیە نەدەتوانرا ئەم لایەنە هەستیارە چاودێری بکرێ، تاکو ئێستاش وەزیرێک لێپرسینەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکراوە، بەهۆکاری بارودۆخ و مەترسی سەر ئەزموونەکە یەکێکیان متمانە و بڕوا لێ نەسەندرایەوە، هیچ کامیان دەستیان لەکار نەکێشاوەتەوە لەبەر کەمتەرخەمی یا نەتوانینی ئەنجامدانی کارەکەی بەڕێکوپێکی.

بۆچی پەرلەمانتاران هەر هەموویان وەڵامی راپرسیەکەیان نەداوەتەوە؟

لەم بوارەدا بەر لە دابەشکردنی ئەم فۆرمە لەساڵی (٢٠٠٧) ئەوا توانیم لە خولی دووەم فۆرمێک رێکبخەم کە لە دە خاڵ پێکهاتبوو،

گەرچی کاری مەیدانی زەحمەت و دژوار بوو، بەڵام دەستم بەدابەشکردنی فۆڕمەکان کرد. پەرلەمانتار هەبوو حەوت جار فۆڕمم بۆ بردووە تاکو پڕی کردۆتەوە، دووجار و سێ جار لە ژمارە نایەن بە پاساوی (لەبیرکردن و بزربوون) بە پشوو درێژی و ماوەیەکی زۆر ئینجا توانیم هەندێ لە فۆڕمەکانیان بە پڕکراوەی بگاتەوە دەستم لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی کوردستان یا زەحمەت بوو ناونیشایان بزانرێ و لەبەر نەبوونی دۆسیەی پەرلەمانتارانی خولی یەکەم لە پەرلەمانی کوردستان بۆیە دەبوایە راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ فۆڕمەکەی بدەیتێ یان بۆی رەوانە بکرایە، بۆ فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانیش لەگەڵ پەرلەمانتارێکی پەرلەمانی عێراق فۆڕمەکانمان رێکخست کە هەر (٢٧٥) پەرلەمانتاری عێراقی پڕی بکەنەوە بەڵام پەرلەمانتارەکەی عێراق نەیتوانی فۆڕمەکەیان پێ پڕبکاتەوە. کە ئەم فۆڕمەم دا بە پەرلەمانتارانی خولی دووەم تاکو پڕبکەنەوە گەرچی بۆ جاری دووەم فۆڕمیان دەدرایێ و بە بیریان دەهێنرایەوە بەڵام لە نیوەی ژمارەی پەرلەمانتاران وەڵامیان داوەتەوە و گەرچی وەڵامدانەوەکەی چەند دەقیقەیەکی نەدەویست منیش هەر ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە پشتی پێ دەبەستم و بۆچ وەڵامیان نەداوەتەوە بۆ رۆژگاری بەجێ دەهێڵم چونکە بە دەستە جەمعی کارکردن و رادەربڕین و راپرسی دەگەینە دەرنجام بۆ لابردنی کەموکوڕی و ئەو کەلێن و کەلەبەرانەی هەن و رێگەچارەیان بۆ دابنرێ و جێبەجێش بکرێ.

لە (٢٠٠٩/٤/١٤) دەست بە دابەشکردنی فۆڕمەکە کرا بەسەر ئەندامان

پ١/ زۆرینە بە بەڵێ زۆر کاریگەری هەیە وەڵامیان داوەتەوە تەنیا دوانیان بە نەخێر

پ٢/ زۆرینە بە بەڵێ
دوازدە بە نەخێر
دوویان بە بەتاڵیان بەجێهێشتووە و رایان بەرامبەری نەداوە

پ٣/ زۆرینە بە بەڵێ
دوازدە کەسیش بە نەخێر

پ٤/ زۆرینە بە بەڵێ
یەک بە نەخیر
یەکیش تاڕادەیەک

پ٥/ زۆرینە بە بەڵێ
دوان بە نەخێر وەڵامیان نەداوەتەوە
یەکێکیش مەرجی هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆ.

پ٦/ زۆرینە بە بەڵێ
حەوت کەس بە نەخێر
یەکێکیش وەڵامی نەداوەتەوە

پ٧/ زۆرینە بە بەڵێ
سێ وەڵامیان نەداوەتەوە (٦ نەخێر)
یەک تەنیا هێمای سەرسوڕمان داناوە
یەکێک بە مەرجی جیاواز کردن.

پ٨/ زۆرینە بە بەڵێ
سێ بەنەخێر
چوار وەڵامیان نەداوەتەوە
یەک تاڕادەیەک
یەکێک دەبێت پەرلەمانی کارا بێت.

پ٩/ زۆرینە بە بەڵێ
هەژدە بە نەخێر
یەک وەڵامی نەداوەتەوە

۱ تا رادەیەک، ۲ چاودێری گرنگترە، ٤ پێکەوەبن، ۱ دوو شتی جیاوازن.
پ۱۰/ زۆرینە بە بەڵێ
شازدەیان بە نەخێر
دوانیان وەڵامیان نەداوەتەوە
-تەنیا یەکێکیان بە دوو لاپەڕەی فۆلسکاب وەڵامی داوەتەوە.
-هەندێکیان جگە لە (راست و چەوت) ئاوا رایان دەربڕیوە.
-دەنا ئەوانی دیکە تەنیا بە بەڵێ یا نەخێر (راست و چەوت) وەڵامیان داوەتەوە.
-هەندێکیان پرسیارەکەیان بە بەتاڵی بەجێهێشتووە.

| پرسیار | ژمارە | بەڵێ | نەخێر | نووسین | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| پ۱ | ۹ | ۳۰ | ۳ | | |
| پ۲ | ۹ | ۲۰ | ۱۱ | | |
| پ۳ | ۷ | ۱۹ | ۱۵ | تا رادەیەک | |
| پ٤ | ۱٤ | ۲۳ | ۱ | تا رادەیەک بە مەرج | |
| پ٥ | ۱۷ | ۲۰ | ٤ | | |
| پ٦ | ۹ | ۲۰ | ۸ | | |
| پ۷ | ۱۳ | ۲۰ | ۸ | | |
| پ۸ | ۱۱ | ۲۰ | ٤ | بەتاڵە تا رادیەک | |
| پ۹ | ٥ | ۱٥ | ۲۰ | هەردووکیان دوو شتی جیاوازن<br>تا رادەیەک | |
| پ۱۰ | ٤ | ۲۰ | ۱٥ | | |

**(یەکگرتوو/ ٤) (سەوز/ ۱۸) (سوور/ ۱) (زەرد/ ۸) (فراکسیۆنی نەنوسراو/۳)**
**(شین/ ۱) (ئاشووری/ ۲) (کۆمەڵ/ ٤)**

## رادەربڕین لەبارەی چاودێری پەرلەمانیی
## لە پەرلەمانی کوردستاندا

پ١/ ئایا نەبوونی شەفافیەت لەنەدانی زانیارییەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزیرەکان کاریگەری هەیە لەسەر کاری چاودێری پەرلەمان یان نا؟

پ٢/ ئایا هیچ پەیوەندیی لەنێوان سیستمی پەرلەمانی‌و چاودێری پەرلەمانیدا هەیە؟

پ٣/ ئایا چاودێری دارایی دەتوانێ رۆڵی کاریگەری لەم بوارەدا هەبێ؟

پ٤/ گرنگی بوونی بانکی زانیاری کە ئەندامان زانیاری‌و بەیاننامەی سەرەکی لێ وەرگرن وایان لێدەکات دەوری خۆیان لەچاودێریدا ببینن؟

پ٥/ ئایا ئاڵۆزکردنی یاساو پێڕەوی ناوخۆ بەهۆیەك لە هۆیەکانی لاوازیی چاودێری پەرلەمانی دادەنرێ؟

پ٦/ ئایا ئینتمای حزبی ئەو زۆرینەیەی پشتگیری لە حکومەت دەکات هۆیەکە لەهۆیەکانی لاوازبوونی چاودێری پەرلەمانی؟

پ٧/ خۆ بەستنەوەی حزبە سیاسیەکان بەرادەیەکی زۆر بەوەی کە حزب بەسەر سەرۆکەکانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی دادەسەپێنێ بۆ بەرژەوەندی حزبەکە؟

٨ - ئایا نەشیاوی ئەندام بەهۆیەکی لاوازیی چاودێری پەرلەمان دادەنرێت یان نەء؟

پ٩/ ئایا پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی بۆ رۆڵەکانی ناوچەکەیان گرنگترە لە فرمانی چاودێری؟

پ١٠/ ئایا هیچ کامێکتان داواتان کردووە لەحکومەت یان وەزیرێك بپێچرێتەوە؟

**پارێزەر/ طارق جامباز**
١٤/ ٢٠٠٩/٤

**فراکسیۆن:**
**ئەندامێتی لە چ لیژنەیەکە:**

هەواڵنامەی کتێب

**پاشکۆیەکی پێویست**

پ١/ بەڵێ کاریگەری هەیە چونکە ئەندامی پەرلەمان زانیاری چۆن پەیدا بکات لەسەر وەزارەتەکان ئەگەر وەزارەت نەیدات، بۆ ئەوەی پاشان لە ئەنجامی ئەو زانیاریانە چاودێری حکومەت بکات.

پ٢/ بەڵێ چونکە لە سیستەمی پەرلەمانی بە پێچەوانەی سیستەمی سەرۆکایەتی، پەرلەمان سەرچاوەی شەرعیەتدان و سەندنەوەی متمانەیە لە هەموو دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە سەرۆکەوە، بۆیە لە سیستەمی پەرلەمانی کاری چاودێری کاراترە.

پ٣/ چاودێری دارایی ئەگەر لەلایەن کەسانی بێلایەن و پاک سەرپەرشتی بکرێ و بە یاسا پشتیوانیەکی بەهێز بکرێت بەڵێ دەتوانێت.

پ٤/ بانکی زانیاری سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریە بۆ پەرلەمانتار و رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار.

پ٥/ پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کاراکردنی لیژنەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکی چاودێری.

پ٦/ لە هەرێمی کوردستان بەڵێ، چونکە نایەوێت عەیبی حکومەتەکەی دەرکەوێت.

پ٧/ فراکسیۆنەکان بەرنامەی حزبەکانیان دەبێ جێبەجێ بکەن لە پەرلەمان بەڵام دەبێ جیاوازی بکەن لەنێوان کاری پەرلەمانتاری و کاری حزبی.

پ٨/ ئەندامی کارا= پەرلەمانی کارا.

پ٩/ نەخێر چاودێری گرنگترە چونکە لە ئەنجامی چاودێری لەوانەیە خزمەتگوزاری زیاتر بکات و ناوچەکەی ئەویش بگرێتەوە.

پ١٠/ پرسیارم ئاراستەی وەزیری داد کردووە.

---

**پەراوێز**

-کاتێک وەزیرەکان بانگ دەکرێن خۆیان لە پەرلەمان گەورەتر نیشان دەدەن و بانگ کردنەکە دەبێتە میوانداری.

-لەبەر بێ هیوایی و بێ لێپێچینەوە و بێ دەرەنجام لێپێچینەوەش ئەگەر بکرێ.

-نەخێر چونکە وەزیرەکانی ئێمە خۆیان نەگرتبوو.

-نەخێر لەبەر ئەوەی ئاراستەکردنی پرسیارەکان نەگەیشتۆتە ئەوەی ئەوان لێیان بپێچنەوە.

-بەڵێ بە مەرجی دادوەرەکان بوێر بن.

-بەڵێ لەگەڵ هۆکارانەی سەرەوە نەک بە تەنها.

---

**سەرچاوەکان**

١)پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) پرسیاریارانی حکومەتی کوردستان دەکەن. پاریزەر تاریق جامباز/ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٩- چاپخانەی شەهاب.

٢)پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر.

# کەلێنەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)

## بەشی سێیەم (کۆتایی)

د. ابراهیم عمر ابراهیم خۆشناو | مامۆستا لەبەشی یاسا زانکۆی ڕاپەڕین

لەم و تارەدا (essay) کۆتایی دەهێنین بە خوێندنەوەمان بۆ مادده و بڕگەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) کە کەلێن، نەنگی، و بۆشایی یاسایان تێدا بەدی دەکرێت بەئامانجی پڕکردنەوەیان و لابردنی نەنگیەکان. لەم بەشەی نوسینەکەماندا کە بەشی کۆتاییە گەنگەشەی ئەو دەقە یاسایانە دەکەین کە پەیوەستن بە دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنی موڵک و ماڵی نەگوازراوە، و فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بەبێ زیادکردنی ئاشکرا، و بەکرێدانی موڵک و ماڵی نەگوازراوە، و فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت بەزیادکردنی ئاشکرا و بەبێ بەزیادکردنی ئاشکرا بەپێی ڕیزبەندی بابەتەکان لە یاساکە، و بەمشێوەی خوارەوە.

**دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی نەگوازراوە**
بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (١٦) لەیاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) دەقنوسی داوە بە «**کڕیار پابەندە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ، بەیەکجار بڕی بەرامبەری فرۆشتنی موڵک و ماڵی نەگوازراوە بدات**».
بەتێڕامان لەم دەقە یاساییە بۆمان دەردەکەوێت کە کڕیار پابەندە بە دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشتنی موڵک و ماڵی نەگوازراوە لەماوەی سی ڕۆژدا لەڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی هەواڵەکردنی بنبڕ، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا ئەوەیە کە دەقەکە وڵامی ئەم پرسیارەمان ناداتەوە کەبریتیە لە: ئەگەر ماوەی دیاریکراو تێپەڕی و کڕیار بڕی بەرامبەری نەدایەوە؟ حوکمی چییە؟ لەڕاستیدا بێدەنگ بونی یاساکە لەم پرسە دەتوانین

ناوی بنێین بە کەڵێن، بەهەر حاڵ ئێمە پێمان وایە لەم حاڵەتەدا دەبێت کڕیار بە پاشگەز هەژمار بکرێت، و دەبێت ئەحکامی تایبەت بە پاشگەزی لەسەر جێبەجێبکرێت. هەرچی ماددەی (١٧)یە لەیاساکە دەقی داوە بە دووبارە فرۆشتنەوەی ماڵەکە ئەگەر کڕیار سەرکەوتوونەبوو لە دانەوەی قیستەکانی، بەتایبەت بڕگەی (دووەم) خاڵی (١) کە دەقی داوە بە «**ئەگەر خانووبەرەکە لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە بەناوی کڕیار تۆمار نەکرابێت، ئەوا خاوەنەکەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسا دەیفرۆشێتەوە، لەم بارەشدا کڕیاری (دووەم) بەیەکجار بڕی بەرامبەری کڕینەکە دەدات، و ئەو قیستانەی لە ئەستۆی کڕیاری (یەکەم) مابوونەوە لەگەڵ سوودەکانی دواکەوتن و خەرجییەکانی فرۆشتنی دووەم لە بەهاکەی وەردەگیرێت، و دوای شایستەیەکانی کڕیاری (یەکەم) ڕادەست دەکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە وەک داهاتێک بۆ فرۆشیار تۆماردەکرێت**». پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆ چی کڕیاری یەکەم خەرجییەکانی زیادکردنی ئاشکرای (دووبارە فرۆشتنەوە) لە ئەستۆ دەگرێت؟ بۆچی کڕیاری دووەم لە ئەستۆی نەگرێت، بەواتایەکی تر ئەو چی دەکەوێت ئەستۆ؟ یاخود فەرمانگەکە چی قازانج دەکات لەمە؟ بەرژەوەندی گشتی لە کوێی ئەمەدا جێیدەبێتەوە؟ بۆیە پێمانوایە دەبوایە کڕیاری دووەم ئەو خەرجییانەی لە ئەستۆ بگرتایە چونکە ئێمە (فەرمانگەکە) ئامانجمان لەو پرۆسەیە بەدەستهێنانی ئەو بڕەیە کە لە ئەستۆی کڕیاری یەکەمدا ماوەتەوە لە فرۆشتنی دووەم. کەواتا ئەو بڕەی لە ئەستۆی کڕیاری یەکەم ماوەتەوە لە کڕیاری دووەم وەردەگیرێت، و تەواوکاری پێدەکرێت پاڵپشت بەو دەقە یاسایەی خستمانەڕوو، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتەپێش ئەویش: ئەی ئەگەر ئەو بڕەی لە کڕیاری دووەم وەریدەگرین کەمتربوو لەو بڕەی کەلە ئەستۆی کڕیاری یەکەمدا ماوەتەوە، فەرمانگەکە دەتوانێت چ ڕێکارێک بگرێتەبەر؟ لەڕاستیدا کەلێنی یاسایمان هەیە لەمبارەوە، ئێمە پێمانوایە فەرمانگەکە دەبێت ئەوەی لەئەستۆی کڕیاری یەکەم ماوەتەوە پاڵپشت بە حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حکومی وەربگرێتەوە. هەرچی بڕگەی (دووەم) خاڵی (٢)می هەمان ماددەیە دوو چەمکی یاسایی بەکار هێناون کەلە ڕووی یاسایە بەتەواوی مانایان جیاوازە بەڵام یاسادانەر بەهاو واتا بەکاری هێناون ئەوانیش: گلدانەوە (حجز)⁽⁾، و بارمتەی گرێنتیکار (رهن تاميني)⁽⁾، بەشێوەیەک یاسادانەر پێی وایە کە ماڵە فرۆشراوەکە بەحوکمی یاسا بە بارمتەی گرێنتیکار گلدانەوەی لەسەرە و دەفرۆشرێتەوە، ئێمە پێمانوایە ئەم دوو چەمکە لەشوێنی خۆیان بەکار نەهاتوون چونکە گلدانەوە و بارمتەی گرێنتیکار حوکمی یاسای خۆیان هەیە و جیاوازن، باشتروابوو یاسادانەر ئەم حاڵەتەی بەمافی جیاکاری (حق الامتياز)

لەقەڵەمبدایە لەبەرژەوەندی فەرمانگەکە بۆ بەدەستهێنانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشراو کەلە ئەستۆی کڕیارە.

سەبارەت بە بڕگەی (دووەم) لەماددەی (٢٠) لەیاساکە، دەقی داوە بە « **ئەگەر کڕیچی دو ابکەوێت لە دانەوەی یەکێک لە قیستەکان لە وادەی خۆیدا ئەوا ئەو قیستەی دواکەوتووە پێبژاردنێکی دەخرێتەسەرکە هاوتابێت لەگەڵ نرخی ئەو سوودی دواکەوتنەی بانکە حکومییەکان بە گوێرەی سروشتی بەکارهێنانی خانووبەرەکە وەریدەگرن، و ئەگەر ئەمە دووبارە ببێتەوە ئەوا دەسەڵاتی تایبەتمەند دەتوانێت لە دوای هۆشداریدان بە کڕیچی، قیستەکان هەڵبوەشێنێتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە بڕی بەرامبەری بەکرێدانکە و پێبژاردنێکی هاوتا لەگەڵ نرخی سوودی بانکە حکومییەکان، بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکارلە هەرێم، بەیەکجار وەربگرێتەوە**».

بەتێڕامان لەو دەقە یاسایە دەتوانین بڵێین کە یاسادانەر جیاوازی نەکردوە لە نێوان قیستی یەکەم و ئەوانی دوای یەکەم، ئێمە پێمانوایە دەبوایە جیاوازی بکردایە لەنێوانیان چونکە قیستی یەکەم ناخ و نیەتی کڕیچی نیشاندەدات بۆ ڕادەی جێبەجێکردنی پابەندیەکانی، سەرەڕای ئەوەی بڕی قیستی یەکەم جیاوازە لە قیستەکانی تر بەشێوەیەک بڕەکەی بریتیە لە یەک لەسەر سێی تێکڕای بڕی بەکرێدانەکە جگە لەمەش ئەگەر کڕیچی قیستی یەکەمی نەدا ئەوە بە پاشگەز هەژماردەکرێت. لەلایەکی تر یاسادانەر جیاوازی نەکردوە لە هۆکاری درانگ پێدانی قیستەکان لەلایەن بەکرێگر، بەشێوەیەک هەمیشە هەر قیستێک بەدرانگ کەوت پێبژاردنی دەکەوێتە سەر بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکارەکەی (ئایا بەهۆی هەڵەی بەکرێگرە یان هەڵەی دەرکییە یان هەڵەی فەرمانگەکەیە) بۆیە باشتربوو جیاوازی بکردایە و تەنها ئەو قیستانە پێبژاردنیان بکەوتایە سەر کە بەهەڵەی (هەڵسوکەوتی) بەکرێگر وەدرەنگ کەوتوون. لەلایەکی ترەوە یاساکە دەقی داوە بەوەرگرتنەوەی پێبژاردنەکە بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم، ئێمە پێمان باشە کە ئەو بڕە (پێبژاردنەکە) فەرمانگەکە لە بارمتەی نیەتپاکی جێبەجێکردنی گرێبەستەکە کە بەکرێگر داینا وە وەربگیرێت، ئەگەر بەشی نەکرد ئەوا بەپێی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم لێی وەربگیرێتەوە.

سەرەڕای ئەوتێبینیانە، چەند تێبینیەکی ترمان هەیە لەسەر یاساکە پەیوەست بە گرێبەستی بەکرێدانی موڵک و ماڵی نەگوازراوە کە یاساکە باسی نەکردوون، لەوانە:

١-یاساکە ماوەی دیارینەکردوە بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی بەکرێگرتن لە دوای فەرمانی هەواڵەکردنی بنبڕ، و ئەگەر بەکرێگر دواکەوت لە ئەنجامدانی گرێبەستەکە (واژۆکردنی) حوکمی چی دەبێت؟

٢-چۆنیەتی وەرگرتنەوەی بەکرێدراو لە دوای تەواو بونی ماوەی گرێبەستەکە.
٣-ئەگەر بەکرێگر خەرجی لە بەکرێدراوەکە کرد بۆ نموونە نوێگەری تێداکرد، ئایا فەرمانگەی بەکرێدەر لە دوای تەواو بونی ماوەی گرێبەستەکە پابەندە بە دانەوەی ئەم خەرجیانە؟
٤-ئایا بەکرێگر دەتوانێت گۆڕانکاری لە بەکرێدراوەکە بکات، بۆ نموونە دووکانێکە دیوارێک لەناوەڕاستی دووکانەکە بکات و بیکات بە دووان؟
٥-ئایا بەکرێگر دەتوانێت لەماوەی گرێبەستەکەیدا جارێکی تر بەکرێدراوەکە بەکرێبداتەوە؟ بەتایبەت ئەگەر ماوەی بەکرێدانەوەکەی لە ماوەی گرێبەستەکەی زیاتر بوو.
٦-ئەگەر ماڵە نەگوازراوەکە هاوبەش بوو لەنێوان فەرمانگەیەکی حکومی و کەرتی تایبەت چۆن بەکرێدەدرێت؟

## پاشگەزبوونەوەی کڕیاریان کرێچی

بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (٢١) لە یاساکە دقی داوە بە «**ئەگەر کەسی هەواڵەبۆکراو لەدانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە و خەرجییەکان لە حاڵەتی فرۆشتن، و بڕی بەرامبەری بەکرێدان و خەرجییەکان لەحاڵەتی بەکرێدان پاشگەزببێتەوە، ئەوا......**» لەم دەقەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نەدانی بڕی بەرامبەری فرۆشراو یان بەکرێدان و خەرجیەکانیان بە پاشگەز هەژمار دەکرێت بەشێوەی ڕەها، بەمەش هەر کڕیارێک یان بەکرێگرێک لەکاتی خۆیدا بڕی بەرامبەری نەدا بە پاشگەز هەژمار دەکرێت ئینجا پاساوی هەبێت یاخو نا. ئەم حوکمە نادادی تێدایە ئەگەر هۆکاری نەدانی بڕی بەرامبەر لەدەرەوەی و یستی کڕیار یان بەکرێگر بێت بۆنمونە هەبونی دۆخی نەخوازراو وەک کۆڕۆنا.
هەرچی بڕگەی (دووەم -١)ە لەهەمان ماددە دەقی داوە بە « **ئەگەر دواهەمین کەسی بەشداربووی زیادکردنەکە ئەوەی کە پێش کەسی پاشگەزبووەوە دەستی لە زیادکردن کێشاوەتەوە هەڵگرتنەوەی موڵک و ماڵە نەگوازراوەکە ڕەتبکاتەوە، ئەوا سەرلەنوێ زیادکردن بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژلە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە ئەنجام دەدرێتەوە**» پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەو زیادکردنە بە زیادکردنی یەکەم یان دووەم هەژماردەکرێت؟ چونکە ئەگەر بەزیادکردنی یەکەمان هەژمار کرد ئەوە دەبێت بڕی بەرامبەرەکە بگاتە سەد لە سەدی نرخی خەملێندراو، بەڵام ئەگەر بە زیادکردنی دووەمان هەژمار کرد ئەوە بڕی بەرامبەر بگاتە هەشتا لە سەدی نرخی خەملێندراو ئینجا زیادکردنەکە ئاراستە دەکرێت. بەهەرحاڵ، ئێمە پێمانوایە نە بەزیادکردنی یەکەم هەژماردەکرێت و نە بەزیادکردنی دووەمیش بەڵکو زیادکردنێکی تایبەتە تیایدا ماڵەکە دەفرۆشرێت یان بەکرێدەدرێت بەو نرخەی کەبەشداربوان پێیدەدەن چونکە جیاوازی

نێوان ئەو نرخە و نرخی پێشووتر کە کەسی پاشگەزبووە پێی داوە دەکەوێت ئەستۆی کەسی پاشگەزبوو، بەمەش بەرژەوەندی گشتی فەراهەم دەبێت. پرسیارێکی تر لێرەدا دێتە پێش ئەویش: ئەگەر لەو زیادکرنەی لە دەرئەنجامی پاشگەزبونەوەی کڕیار یان بەکرێگر ئەنجامدەدرێت بەشداربوێک نرخی زیاتری لەنرخی کەسی پاشگەزبوە بە ماڵەکەدا ئایا ئەو زیادەیە دەبێت موڵکی فەرمانگەکە؟ یاخود دەبێتە موڵکی کەسی پاشگەزبۆوە؟ لەڕاستیدا یاساکە حوکمی ئەو حاڵەتەی تێدا نیە، لەبەرامبەر ئەو بێدەنگیەی یاساکە ئێمە پێمانوایە کە پاشگەزبوو کە پاشگەزبۆتەوە لە سەفقەکە وازیهێناوە (تنازل)ی کردووە لەتەواو سەفقەکە بەویستی یەکلایەنەی خۆی، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئامادەشە بە لەدەستدانی بارمتەکەی کە پێشکەشی فەرمانگەکەی کردوە وەک پێداویستیەکی بەشداربکردن لە زیادکردنەکە، بەمەش دەتوانین بڵێین کەکەسی پاشگەزبۆوە هیچ مافێکی بەسەر ئەو موڵکەوە نیە بەڵکو بەتەواوی موڵکی فەرمانگەکەیە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە زیادەکە موڵکی فەرمانگەی فرۆشیارە یان بەکرێدەرە. ئەی لەم دۆخەدا بارمتەکەی کەسی پاشگەزبۆوە چی بەسەر دێت؟ ئایا بۆی دەگەڕێندرێتەوە؟ لەڕاستیدا هیچ دەقێکی یاسایی روونمان نیە لەم بارەوە بەڵام بنەما لەسەر تێگەیشتنی پێچەوانە بۆ دەقی برگەی (سێیەم) لە مادەی (٢١) ()، لە یاساکە دەتوانین بڵێین کە دەبێت بۆ کەسی پاشگەزبوەکە بگەڕێندرێتەوە دوای دەرکردنی خەرجیەکانی هەردوو زیادکردنەکە لێی چونکە فەرمانگەکە لەم پاشگەزبونەوەیە هیچ زیانێکی پێنەگەیشتوە.

بابەتێکی تری گرینگ کە یاساکە دەقی لەسەر نەهێناو، ئەویش: مردنی کڕیار یان بەکرێگر دوای فەرمانی پێسپاردنی بنبڕ و پێش واژۆکردنی گرێبەستەکە (تۆمارکردنی فرۆشراوەکە لەفەرمانگەی تۆماری خانووبەرە لە حاڵەتی فرۆشتن)، ئێمە پێمانوایە ئەم حاڵەتە دەبێت یاساکە ڕێکیبخات چونکە ئەگەری ڕوودانی زۆرە، بەهەرحاڵ لەم دۆخەدا پێویستە ڕێکارەکانی واژۆکردنی گرێبەستە لەڕێگەی میراتگرانی کڕیاری مردوو یان بەکرێگری مردوو بەئەنجام بگەیندرێن چونکە لە گرێبەستی فرۆشتن بەزیادکردنی ئاشکرا وادادەنرێت پایەکانی تەواوکردوە لەبەرواری پێسپاردنی بنبڕەوە هەروەک چۆن دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستانیش هەمان بۆچونی هەیە لەمبارەوە(). ئەی ئەگەر میراتگرەکان ئامادە نەبوون بەتەواوکردنی ڕێکارەکانی فرۆشتن یان بەکرێگرتنەکە؟ پێمانوایە دەبێت بەپاشگەز هەژماربکرێن و کاریگەریە یاساییەکانی پاشگەزیەکەش دەکەوێتە سەر میراتەکە (ترکە) نەک میراتگرەکان.

**فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵە نەگوازراوەکانی دەوڵەت بەبێ زیادکردنی ئاشکرا**

سەبارەت بەبرگەی (سێیەم) لە ماددەی (٢٢) کە دەقی داوە بە: «**شارەوانی تایبەتمەند**

**لەدوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزاردەتوانێت ئەو زەوییانەی بۆ نیشتەجێبوون تەرخانکراون بە بەرامبەرێکی ڕاستەقینە و بەپێی نرخە باوەکانی هاوشێوە و هاوسێیەکانی، خەملێنراولەلایەن لیژنەی خەملاندن بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بفرۆشرێتە ئەوهاونیشتیمانیانەی کە خۆیان یان هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان خانوو یان شووقە یان زەویەکی نیشتەجێبوونیان لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوەزی نیشتەجێکرن وەرنەگرتووە».** بەڵێ ئەم جۆرە فرۆشتنە پێویستی بە لیژنەی خەملاندن و فرۆشتن هەیە، واتا ڕاستە بەبێ زیادکردنی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت بەڵام دەبێت لە ڕێگەی ئەم لیژنانەوە ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەقە یاسایە چەندین تێبینی هەڵدەگرێت، لەوانە:

١-ئەم دەقە جاردانی نەکردۆتە مەرج بۆ فرۆشتنی ماڵەکە، ئەمەش وادەکات چەندان کەس بێبەش بن لەو فرۆشتنە چونکە ئاگادار نابن.

٢-شارەوانی تایبەتمەند دەکرێت ئەم بڕگەیە بە ئاسانی خراپ بەکار بهێنێت بەشێوەیەک ماڵەکە بفرۆشێتە ئەو کەسانەی کە خۆی دەیەوێت، و هاونیشتیمانیانی لێبێبەش بکات.

٣-ئەگەر چەند کەسێک هەبوون و ویستیان ماڵەکە بکڕن بەکامیان دەفرۆشرێت؟ دەقەکە لەم گریمانەیە بێدەنگە بەڵام پێمانوایە لەم دۆخە لیژنەی فرۆشتن زیادکردنێک لەنێوانیان ڕێکبخات.

٤-ئەم دەقە یاسایە کڕیاری پابەند نەکردوە بە دانانی گرێنتی جێبەجێکردنی پا بە ند یە کا نی .

٥-ئەم دەقە یاسایە وادەکات کە هاونیشتیمانیەک کە خۆی خانوو یان شووقە یان زەویەکی نیشتەجێبوونی لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوەزی نیشتەجێکرن وەرنەگرتووە مافی ئەوەی هەبێت کە زەویەکە یان شووقەکە یان خانووەکە بکرێت سەرەڕای ئەوەی هاوسەرەکەی یان منداڵە ناکامەکانی سودمەند بووبن لە وەرگرتنی خانوو یان شووقە یان زەویەکی نیشتەجێبوونی لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوەزی نیشتەجێکرن چونکە دەقەکە ئامرازی «یان»ی بەکار هێناوە (...هاونیشتیمانیانەی کە خۆیان یان هاوسەرەکانیان یان منداڵە ناکامەکانیان خانوو یان شووقە یان زەویەکی نیشتەجێبوونیان لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوەزی نیشتەجێکرن وەرنەگرتووە)، دەبوایە ئامرازی لێکدەری «و» بەکار بهێنایە بەمشێوەیە (هاونیشتیمانیانەی کە خۆیان و هاوسەرەکانیان و منداڵە ناکامەکانیان خانوو و شووقە و زەویەکی نیشتەجێبوونیان لە دەوڵەت یان کۆمەڵەکانی هەرەوەزی نیشتەجێکرن وەرنەگرتووە).

٦-ئەم دەقە یاسایە پێچەوانەیە لەگەڵ

ماددەی (١٤) لە دەستوری عێراق[0]، چونکە ناتوانێت یەکسانی فەراهەم بکات لە نێو هاونیشتیمانیان بەڵکو جیاکاری دەکات لەنێوانیان[0]، بۆیە دەبوایە پێوەری تەواو دانرابا بۆ پێدانی دەسەڵاتێکی لەم چەشنە لەوانە جاڕدان، پێدانی مافی کرێن بە هاونیشتیمانیان بەبێ جیاوازی.

### بەکرێدانی موڵک و ماڵی نەگوازراوە

سەبارەت بە بڕگەی (یەکەم - ب) لە ماددەی (٢٣) کە دەقی داوە بە «**فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، سەندیکا، یەکێتی، ڕێکخراو و کۆمەڵەکان لە هەرێم بۆ مەبەستی وەسوودهێنانی موڵک و ماڵە نەگوازراوەکە وەک فەرمانگە یان بارەگایەک بۆ کارەکانی یان بۆ ئەو مەبەستانەی لە یاساکانیاندا دەقنووسکراون**». بەتێڕامانمان لە چەمکی وەسوودهێنان دەتوانین بڵێین کە یاسادانەر کەوتۆتە هەڵەیەکی یاساییەوە لەڕووی بەکارهێنانی دەستەواژە یاساییەکان چونکە چەمکی وەسوودهێنان بەواتایی (استغلال) دێت لە زمانی عەرەبی، و (استغلال) ی ماڵ واتا هەڵسان بەکۆمەڵێک ڕێکار بۆ بەدەستهێنانی بەرووبومی ماڵەکە بۆ نمونە (استغلال)ی خانوو بە بەکرێدانی دەبێت[0]، بەهەرحاڵ، پێمانوایە کە هۆکاری کەوتنەهەڵەی یاسادانەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی مێژوو و کەرەستەی خاوی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)، کەبریتیە لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت عێراقی ژمارە (٢١) ساڵی (٢٠١٣)ی هەموارکراو، بەدیاریکراوی بڕگەی (یەکەم - ب) لە ماددەی (٢٦) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت عێراقی ژمارە (٢١) ساڵی (٢٠١٣)ی هەموارکراو، کەبەهەمان شێوە یاسادانەری عێراقیش کەوتۆتە هەڵەوە لەم بارەوە[0]. بنەما لەسەر ئەوەی خستمانەڕوو پێشنیار دەکەین کە یاسادانەر چەمکی بەکارهێنان (استعمال) لە جیاتی وەسوودهێنان بەکاربهێنێت.

هەرچی بڕگە (سێیەم)ە لەمادەی (٢٣) دەقی داوە بە «**دەسەڵاتی تایبەتمەند، لەسەر داوای کرێچی، دەتوانێت ماوەی گرێبەستی ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوون نین، و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا بەکرێدراون، درێژبکاتەوە، بەو مەرجەی بڕی بەرامبەری ڕاستەقینە (٣) سێ ساڵ جارێک بەپێی ئەو ڕێکارانەی لەم یاسایەدا دەقنوسکراون، بخەملێنرێتەوە**». بە بۆچونمان ئەوەی ئەو دەقەی لەکەدار کردوە بریتیە لە (....ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوون نین.....) ئێمە پێمانوایە ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوونن نەک هی نیشتەجێبوون نین بەوبەڵگانەی خوارەوە:

١-پێویستی کرێچی خانووبەرەی نیشتەجێبوون وادەخوازێت گرێبەستەکەی بۆ درێژبکرێتەوە بەهۆی نەبونی شوێنی نیستەجێبوون، بەپێچەوانەی کرێچی ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوون نین چونکە ئەمەی دوایی بۆ مەبەستی بازرگانی بەکاری دەهێنێت بەزۆری.

٢-ئەم دەقە میچی ماوەی درێژ کردنەوەی گرێبەستەکەی دیاری نەکردووە چونکە پێویستی کرێچی نیشتەجێبوون وادەخوازێت ئەوە ماوەیە دیاری نەکات (واتا هەتا پێویستی بێت بۆی درێژ بکرێتەوە).

٣-بڕگەی (چوارەم) لە هەمان ماددەی ئاژەبۆکراوی سەرەوە بەهامانشێوەی ئەو بڕگەیە (بڕگەی سێیەم) دەڵێت ((ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوون نین))، کەواتا یاسادانەر بڕگەی سێیەم و چوارەمی دووبارەکردۆتەوە، کەئەمەش شیاو نیە و ناگونجێت لەگەل باش دارشتنی بڕگە یاسایەکان.

لەکۆتاییدا، دیسان هۆکاری کەوتنەهەڵەی یاسادانەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی مێژوو یاساکە کەبرتیە لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (٢٦) لە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت عێراقی ژمارە (٢١) ساڵی (٢٠١٣)ی هەموارکراو[٥]. بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا بیخەمە ڕوو یاسادانەری عێراقی لە هەمواری ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١٦) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت عێراقی ژمارە (٢١) ساڵی (٢٠١٣)ی هەموارکراو ئەم بڕگەیەی (بڕگەی سێیەم) لە یاساکە لابرد. بنەما لەسەر ئەوەی خرایە ڕوو پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری هەرێم بڕگەی (سێیەم) لە مادەی (٢٣) هەموار بکات و دەستەواژەی (ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوون نین) بگۆڕێت بۆ (ئەو خانووبەرانەی هی نیشتەجێبوونن).

**فرۆشتن و بەرکرێدانی موڵک و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت بەزیادکردنی ئاشکرا**

ماددەی (٢٥) لەیاساکە دەقی داوە بە «**بەهای ئەو موڵک و ماڵە گوازراوەی دانراوە بۆ فرۆشتن، لەلایەن لیژنەی خەملاندنی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایە، بەبێ بەشداریکردنی نوێنەری فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە، دەخەملێنرێت، وئەو ڕێکارانەی دەگیرێنەبەر کەلە ماددەی (٩)ی ئەم یاسایەدا دەقنوسکراون بەڕەچاوکردنی سروشتی موڵک و ماڵی نەگوازراوە**». هەرچی ماددەی (٢٦)ە دەقی داوە بە «**لیژنەی فرۆشتن یان بەکرێدانی پێکهێنراو بەپێی حوکمەکانی ماددەی (١٠)ی ئەم یاسایە فرۆشتنی موڵک و ماڵە گوازراوەکە لەئەستۆدەگرێت بەپێ ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:.....**». لەم دوو دەقەیە یاسایەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لیژنەی خەملاندن و لیژنەی فرۆشتن کەپێشتر باسی چۆنیەتی دروستکردنی هەردووکیانمانکرد ڕێککارەکانی فرۆشتنی موڵک و ماڵە گوازراوەکە لەئەستۆ دەگرن، بەڵام ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە دیسان یاسادانەر ئەندامییێتی و ئامادەبونی نوێنەری داواکاری گشتی نەکردۆتەوە مەرج بۆ فرۆشتنی موڵک و ماڵە گوازراوەکە، ئەمەش بەها دانەنانە بۆ ڕۆڵی داواکاری گشتی لە پاراستنی موڵک و ماڵی دەوڵەت و پێچەوانەیە لەگەڵ ئامانجەکانی یاسای داواکاری گشتی بەرکار لەهەرێم بۆیە

پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری هەرێم کە یاساکە هەمواربکاتەوە و ڕۆڵی داواکاری گشتی بەهەند وەربگرێت هەم لە پرۆسەی خەملاندن و هەمیش لە پرۆسەی فرۆشتنی موڵک و ماڵی گوازراوەی دەوڵەت.

بابەتێکی تر کەجێگەی سەرنجمانە ئەویش ئەوەیە کە یاساکە لەکاتی پێکهێنانی لیژنەی خەملاندن و لیژنەی فرۆشتنی موڵک و ماڵی گوازراوە بەهیچ شێوەیەک بەمەرجی دانەناوە کە نابێت ئەندامانی لیژنەی خەملاندن بنەوە ئەندام بۆ لیژنەی فرۆشتنی هەمان موڵک و ماڵەکە بەپێچەوانەی فرۆشتنی موڵک و ماڵی نەگوازراوە کە ئەمەی بەمەرج داناوە[0]، ئێمە پێمانوایە دەبێت ئەمە بە مەرج دابنرێت لەکاتی فرۆشتنی موڵک و ماڵی گوازراوەش هەروەک چۆن مەرجە لەکاتی فرۆشتنی موڵک و ماڵی نەگوازراوەدا چونکە کاریگەری هەیە لەسەر پاکی و بێگەردی پرۆسەکە.

هەرچی بڕگەی (چوارەم)ە لە ماددەی (٢٦) دەقی داوە بە: «**لەو ڕۆژەی دیارکراوە بۆ فرۆشتن لەکات و شوێنی دیاریکراو بانگەواز دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە زیادکردنەکە بە بەهای خەملێندراو، بەمەرجێک بانگەوازەکە وەسفێکی تەواوی ئەو موڵک و ماڵانەی خراوەنەتەڕوو بۆ فرۆشتن، لەخۆبگرێت**». بەتێڕامان لەو دەقە یاساییە بۆمان دەردەکەوت کە زیادکردنەکە بە (١٠٠٪) سەد لە سەدی نرخی خەملێندراو دەست پێدەکات، بەواتای زیادکردنەکە بە سەد لەسەدی نرخی خەملێنردوا دەکرێتەوە و پاشان زیادکردن لە نێوان بەشداربوان دێتە ئاراوە. ئێمە پێمانوایە کە دەستپێکردنی زیادکردنەکە بەو ڕێژەیە خزمەتی پرۆسەکە (زیادکردنەکە) ناکات چونکە زۆربەی جار لەدەرئەنجامی پێشبڕکێی بەشداربون و زیادکردن لەسەر یەکتر نرخی موڵک و ماڵەکە بەرزدەبێتەوە نەک ڕاستەوخۆ بەنرخێکی بەرز دەست پێبکەین چونکە ئەمەی دوای زۆرجار بەشداربوان سارد دەکاتەوە و ئارەزووی کڕینیان کەمدەبێتەوە، لەبواری پراکتیکی ئەمەمان زۆر بینیووە. و تێبینیەکی ترمان لەسەر ئەم دەقە یاسایە ئەوەیە، دەقەکە دیاری نەکردووە کە چەند جار بانگەوازکار بانگەواز دەکات بۆ دەستپێکردنی زیادکردنەکە، و دیاریشی نەکردوە کە چەند دەقیقە دەبێت لیژنەی فرۆشتن چاوەڕوانی بەشداربوان بکات بۆ ئەوەی بێنە شوێنی دیاریکراو (ژوور) بۆ دەستپێکردنی زیادکردنەکە. بۆیە پێمانباشە ئەم بابەتانە ڕێکبخرێن بەدەقی یاسایی یاخود بەڕێنمایی چونکە لەلایەنی پراکتیکیدا ئەم بارودۆخانە دێنەپێشەوە.

هەرچی بڕگە (یەکەم) لە ماددەی (٢٧)ە دەقی داوە بە: «**ئەگەر بڕی بەرامبەری فرۆشتنی موڵک و ماڵەکە لەئەنجامی زیادکردنی ئاشکرا نەگەیشتە بەهای خەملێنراو، ئەوا زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ درێژ دەکرێتەوە و لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکەوە دەستپێدەکات**». بەتێڕامان لەم دەقە دەتوانین چەند تێبینیەک لەسەری تۆمار بکەین، لەوانە: پێمانوایە

ماوەی (١٥) ڕۆژ زۆرە بەتایبەت زۆر جار بەهای ماڵی گوازراوە کەمە، لەلایەکی تر لە ئێستادا دەتوانین بەکورتترین ماوە پرۆسەکە (زیادکردنەکە) بگەینین بەزۆرترین هاوڵاتی ئەویش لەڕێگەی ئامرازە ئەلکترۆنیەکانەوە. تێبینیەکی ترمان لەسەری ئەوەیە، زۆر جار هیچ هاوڵاتیەک بەشداریناکات لە زیادکردنەکە یاخو ئامادە دەبن لە شوێنی دیاریکراو بەڵام هیچ نرخێک بە ماڵەکە نادەن، ئایا ئەمە بە زیادکردن هەژمار دەکرێت؟ بەواتا دەبێت زیادکردنەکە بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ درێژ بکرێتەوە؟ یاخود بەزیادکردن هەژمار ناکرێت؟ لەڕاستیدا دەقە یاسایەکە بێدەنگە لەمبارەوە، ئەمەش بۆشایی یاسایە لە یاساکەدا، ئێمە پێمانوایە بە زیادکردن دادەنرێت با هیچ نرخێکیش نەدەن یاخود هەر ئامادە نەبن چونکە ئەمەش ئەنجامە و ئەنجامەکەشی بریتیە لە ئەنجامێکی نێگەتیف بۆیە بەپێی حوکمی ئەو دەقە یاسایەی خراوەتە ڕوو دەبێت بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ زیادکرنەکە درێژ بکرێتەوە.

هەرچی بڕگەی (پێنجەم)ە لە ماددەی (٢٦) دەقی داوە بە: «**زیادکردنەکە بە ئاشکرایی دەکرێت، دواتر لیژنەی فرۆشتن بڕیار دەدات بە بەرکەوتنی زیادکردنەکە بۆ دوایین کەسی زیادکار، وئەوخستنەڕووەی لە دوای تێپەڕبونی (٥) پێنج خولەک هیچی لەسەرزیاد ناکرێت بە کۆتایی زیادکردنەکە دادەنرێت**». لەم دەقە یاسایەوە پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئەویش: ئەگەر دوو بەشدار بوو یان زیاتر لەیەک کات و ساتدا هەمان نرخیان پێشکەشکرد، و ئەو نرخەش دوایین نرخ بوو، ئایا لیژنەی فرۆشتن بڕیار دەدات بە بەرکەوتنی زیادکردنەکە بۆ کامیان؟

لەڕاستیدا نە ئەم دەقە یاسایە و لامان دەداتەوە و نەهیچ دەقێکی یاسایمان هەیە لەمبارەوە بەڵکو بۆشایی یاساییمان هەیە لەم سۆنگەوە، ئێمە پێمانوایە دەبێت لیژنەی فرۆشتن بڕیار بدات بە بەرکەوتنی زیادکردنەکە بۆ هەموو ئەوانە نرخەکەیان پێشکەشکردوە، و دەبن بەخاوەنی ماڵەکە بەشێوە هاوبەش چونکە ئەو خستنەڕووەی لە دوای تێپەڕبونی (٥) پێنج خولەک هیچی لەسەر زیاد ناکرێت بە کۆتایی زیادکردنەکە دادەنرێت. لێرەدا پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەر ئەم دۆخە ڕێکبخات بە دەقی یاسایی و دەسەڵات بدات بە لیژنەی فرۆشتن لەم دۆخەدا جۆرێک لە زیادکردن ڕێکبخات لەهامان دانیشتندا لە نێوان ئەوانەی نرخی هاوتایان پێشکەشکردوە، بەمەش پێشبڕکێ لەنێوانیان دروستدەبێت نرخ لەسەر یەکتر زیاد دەکەن لەکۆتاییدا بەرژەوەندی گشتی فەراهەم دەبێت.

هەرچی بڕگەی (٣)یە لە مادده (٢٦) دەقی داوە بە: «**ئەگەر خستنەسەر هەبوو، زیادکردنێکی نوێ بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەیەک بەهەمان میکانیزمی یەکەمجار، دەکرێتەوە، دواتر هەواڵە دەکرێت و نابێت**

**جارێکی تر خستنەسەر لەسەر کۆتا بڕی بەرامبەری زیادکردنەکە بکرێت»**. بەتێڕامان لەم دەقە یاسایە چەند پرسیارێک دێتە مێشکمان لەوانە: حوکمی ئەم حاڵەتە چییە ئەگەر هیچ کەسێک بەشداری نەکرد لە زیادکردنە نوێیەکە (دووبارەکە لەئەنجامی خستنەسەرەوە)؟ یاخود حوکمی ئەم دۆخە چییە ئەگەر تەنها کەسی خستوەسەر بەشداری کرد لە زیادکردنە نوێیەکە؟ لەڕاستیدا یاساکە بەڕوونی باسی ئەم دۆخانەی نەکردوە بەڵکو ئێمە دەتوانین لە ڕستەی (.....دواتر هەواڵە دەکرێت...) حوکمی ئەم دۆخە هەڵێنجنین، بەواتا دەبێت لیژنەی فرۆشتن بڕیار بدات بە بەرکەوتنی زیادکردنەکە بۆ کەسی خستوەسەر، سەرەڕای ئەوەی کەسیش ئامادە نەبووبێت لە زیادکردنەکە چونکە نرخی پێدراوەکەی (عطاه) بەوەستا دەمێنێتەوە، و کۆتایی پێنایەت تاکوو نرخێکی لەو بەرزتر بەماڵەکە دەدرێت یاخود تاکو زیادکردنەکە دادەخرێت و کۆتایی دێت().

هەرچی بڕگەی (یەکەم)ە لە ماددەی (٢٨) دەقی داوە بە: «**ئەگەر ئەو کەسەی زیادکرنەکەی بۆ یەکلایی بۆتەوە، پاشگەزبێتەوە و ئامادەنەبێت لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕ، بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە و تەواوی خەرجییەکان بدات، ئەوا موڵک و ماڵەکە دەخرێتە بەردەم دواین کەسی زیادکار، ئەوەی پێش کەسی پاشگەزبووەوە دەستی خۆی لە زیادکردنەکە کشاندۆتەوە، بەو بڕی بەرامبەرەی خستبوویەڕوو»**. لەم دەقەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دەبێت کڕیار لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕەوە بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکە و تەواوی خەرجییەکان بدات بەپێچەوانەوە بە پاشگەز هەژمار دەکرێت. لێرەدا پرسیارێک دەکەین: ئایا فەرمانگەی فرۆشیار دەتوانێت دانەوەی بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکەی بۆ بکات بە قیست؟ لەڕستیدا یاساکە بێدەنگە لەمبارەوە بەڵکو بە ڕەهایی دەقی داوە بەوەی ئەگەر لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ڕێکەوتی هەواڵەکردنی بنبڕەوە بڕی بەرامبەری فرۆشراوەکەی نەدا ئەوا بە پاشگەز هەژمار دەکرێت بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی نەداوە بەفەرمانگەی فرۆشیار بە وەرگرتنەوەی بڕی بەرامبەر بەشێوە قیست. بەهەر حاڵ، پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەر ئەم دۆخە بەدەقێکی ڕوون ڕێکبخات.

هەرچی بڕگەی (دووەم -١) لە مادەی (٢٨) ە دەقی داوە بە: «**ئەگەر دواهەمین کەسی بەشداربووی زیادکردنەکە کە پێش کەسی پاشگەزبووەوە دەستی لە زیادکردن کشاندووەتەوە، هەڵگرتنەوەی موڵک و ماڵە نەگوازراوەکە ڕەتبکاتەوە، ئەوا سەرلەنوێ زیادکردن بۆ ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی جاڕنامەکە ئەنجامدەدرێتەوە»**. بەتێڕامان لەم دەقە یاسایە پرسیارێک دێتە پێشمان ئەویش: ئایا کەسی پاشگەزبووەوە مافی هەیە لە زیادکردنە نوێیەکە بەشداربکات (ئەو

زیادکردنەی لەئەنجامی پاشگەزبونەوەی ئەوەوە ئەنجامدەدرێتەوە)؟ لەڕاستیدا یاساکە لەمبارەوە بێدەنگە، بەواتای ڕێگری لێنەکردوە بەبەشداریکردن تێیدا بەپێچەوانەی هەمان دۆخ لە موڵک و ماڵی نەگوازراوە، لەوێدا ڕێگری لێکردوە بەشداریبکاتەوە، هەروەک چۆن پێشتر خستمانەڕوو[0]. بەهەرحاڵ، ئێمە پێمانوایە پێویستە ڕێگری لێبکرێت بەشداری بکات، و ئەم دۆخەش بەدەقی یاسایی ڕێکبخرێت.

هەرچی ماددەی (٢٩)یە دەقی داوە بە: **«دەکرێت موڵک و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بفرۆشرێن و بەکرێ بدرێن بەبێ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە خۆجێییەکان و بەبێ زیادکردنی ئاشکرا و بە بەهای خەمڵێنراو، لە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوە:**

**یەکەم: ئەگەر فرۆشتن یان بەکرێدانەکە بۆ فەرمانگەکانی دەوڵەت وکەرتی گشتی بێت.**

**دووەم: ئەگەر ئەو موڵک و ماڵانەی دانراون بۆ فرۆشتن تێکچوونیان خێرا بێت یان بەهایان بەرەو کەمبونەوە بچێت.**

**سێیەم: ئەگەر کۆی گشتی بەهای خەمڵێنراو بۆ ئەو موڵک و ماڵانەی دانراون بۆ فرۆشتن لە هەر حاڵەتێک لە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.**

**چوارەم: ئەگەر خەرجییەکانی پارێزگاری لێکردن و چاککردنەوەی ئەو موڵک و ماڵانەی دانراون بۆ فرۆشتن زۆر زیاتر بێت بە بەراورد بە بەهاکەی».**

لەڕستیدا ئەم دەقە یاسایە بۆمان باسی فرۆشتنی ماڵی گوازراوەی دەوڵەت دەکات بەبەدەر لە بنەما گشتیەکان، بەواتای بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەبێ جاڕدان و زیادکردنی ئاشکرا. ئەم دەقە شیاوی چەند تێبینەیەکە، لەوانە:

١-لە پێشەکی ماددەکە یاسادانەی و شەی (بەکرێدان)ی لە پاڵ و شەی فرۆشتن بەکارهێناوە، پێمانوایە ئەو و شەیە لە شوێنی خۆی نیە و یاسادانە سەرکەوتوو نەبوە لە ڕێکخستنی ئەم دەقە چونکە بەکرێدانی موڵک و ماڵی گوازراوەی دەوڵەت یاساکە لە ماددەی (٣٢) ڕێکیخستوە، هەرچی ئەو ماددەیە (٢٩) تایبەتە بە فرۆشتن بەڕاستەخۆ، لەلایەکی ترەوە حکمەی ئەم دەقە (فرۆشت بە ڕاستەوخۆ) ئەوەیە کە ئەو موڵک و ماڵانە یان بەهایان کەمە یان زوو لە ناودەچن هەرچی بەکرێدانە هیچ پەیوەندیەکی نیە بەمانەوە، بۆیە پێشنیار دەکەین بەکرێدان لە چوارچێوەی ماددەی (٣٢) ڕێکبخرێت.

٢-ئەم ماددەیە دەقی داوە بە فرۆشتن بەبێ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامە خۆجێییەکان، لەڕستیدا دەبوایە بڵاوکردنەوەی لە پلاتفۆڕمە ئەلکترۆنیەکانی بەمەرج گرتبا هەرچەند بۆ ماوەیەکی کورتیشبوایە، بۆ ئەوەی دەرفەتی کڕینی یەکسان بۆ هاونیشتیمانیان فەراهەم بکرێت.

٣-ماددەکە دانانی بارمتەی یاسایی و بارمتەی نیەت پاکی جێبەجێکردنی گرێبەستی بەمەرج

نەگرتەوە، پێمانوایە ئەم بابەتە دەبێت بەمەرج بگیرێت و ڕێکبخرێت.

٤-ئەم ماددەیە باسی شێوازی پێدانی بڕی بەرامبەری موڵک و ماڵەکەی نەکردووە.

٥-لەڕستیدا جگە لەو چوار جۆرەی فرۆشتنەی یاساکە دەقی لەسەرداون، چەند جۆرێکی تری فرۆشتن هەن کە پێویستە بەم ڕێگەیە بفرۆشرێن لەوانە:

أ- ئەو موڵک و ماڵە گوازراوانەی کە هیچ نرخێکیان پێنەدراوە لە زیادکردنی ئاشکرا (واتا هیچ کڕیارێکی نەبوە)، یان ئەو نرخەی پێیاندراوە نەگەیشتۆتە میچی یاسایی یان هەر حاڵەتێکی تر کە نەتوانراوە بە زیادکردنی ئاشکرا بفرۆشرێت.

ب- ئەو موڵک و ماڵە گوازراوانەی کە سروشتیان وادەخوازێت تەنها بەلایەنی تایبەت بفرۆشرێن.

هەرچی بڕگەی (یەکەم)ە لەماددەی (٣٢) دەقی داوە بە: «**دەکرێت موڵک و ماڵە گوازراوەکانی دەوڵەت لەکاتی پێویستی، بە بڕیاری دەسەڵاتی تایبەتمەند بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەکرێ بدرێن**». پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا بەزیادکردن بەکرێدەدرێن یان بەبێ زیادکردن؟ و ئایا بڕی بەرامبەری ئەو موڵک و ماڵە چۆن دیاریدەکرێت؟ و چەندین پرسیاری تر. لەڕستیدا یاسادانەر ئەم پرسانەی ڕێک نەخستوە دەبوایە ڕێکی بخستانایە، پێشنیار دەکەین بۆی ڕێکیان بخات بە دەقی یاسایی.

---

(١) دوو جۆر گلدانەوە هەیە، ئەوانیش گلدانەوەی یەدەگی (حجز الاحتياطي)، وگلدانەوەی جێبەجێکردن (حجز التنفيذي). ويقصد بحجز الاحتياطي الاجراء القضائي الذي يهدف منه الدائن منع المدين من التصرف بقسم من الاموال كي لايهربها بالاخفاء او بالتصرف الضار بالدائن ولقاء دين لازال محل النزاع. لاحظ للتفاصيل؛ د.ادم وهيب النداوي، المرافعات المدنية، العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، الطبعة الثالثة، ٢٠١١، ص٣١١. أما حجز التنفيذي هو اجراء يرمي الدائن من ايقاعه منع المدين من قبل المنفذ العدل من التصرف بقسم من امواله بقصد ايفاء حق الدائن من المال المحجوز بعد بيعه. لاحظ للتفاصيل؛ د. عباس العبودي، شرح احكام قانون المرافعات المدنية، الطبعة الأولى، مكتبة السنهوري، بيروت – لبنان، ٢٠١٦، ص٣٥٣.

(٢) عرفت المادة (١٢٨٥) من القانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة (١٩٥١) رهين التاميني بانه " الرهن التأميني عقد به يكسب الدائن على عقار مخصص لوفاء دينه حقاً عينياً يكون له بمقتضاه ان يتقدم على الدائنين العاديين الدائنين التالين له في المرتبة في استيفاء حقه من ثمن ذلك العقار في أي يد يكون". للتفاصيل لاحظ: أ.م. محمد طه البشير، وا. م. د. غني حسون طه، الحقوق العينية، الجزء الثاني، الطبعة الثالثة، العاتك لصناعة الكتاب، ٢٠١٠، ص٣٥١.

(٣) ئەم بڕگەیە دەقی داوە بە " ئەگەر هیچ کەسێک خواستی کڕینی لە حاڵەتی فرۆشتن یان بەکرێگرتنی موڵک وماڵە نەگوازراوەکەی لە حاڵەتی بەکرێدان نەبوو، ئەوا ئەو بارمتەیەی کەسی پاشگەزبووەوە داویەتی دەبێت داهاتێک بۆ خاوەنی موڵک وماڵەکە، ئەگەر بڕی بارمتەکە کەمتر بێت لە خەرجییەکانی هەردوو زیادکردنەکە ئەوا کەسی پاشگەزبووەوە جیاوازی نێوانیان لە ئەستۆ دەگرێت وبەپێی حوکمەکانی یاسای وەرگرتنەوەی قەرزە حکومییەکانی بەرکار لە هەرێم لە موڵک وماڵەکانی دیکەی بەدەستدەهێنرێت".

(٤) دادگای پێداچونەوەی هەرێم لەبڕیارێکیدا بەژمارە (٨- دەستەی شارستانی تێهەڵچونەوە ٢٠٠٨) کە لە (٢٥-٢-٢٠٠٨) دەریکردوە دەڵێت "ئەو فرۆشتنەی کە فەرمانگەی فەرمی لەسەر ماڵکی نەگوازراوە

ئەنجامی دەدات بەدروست وپابەندکار هەژمار دەکرێت سەرڕای ئەوەی کە تۆماریش نەکراوە لە فەرمانگەی تۆماری خانووبەرەی تایبەتمەند، چونکە تۆمارکردن تەنها بریتیە لە جێبەجێکردنی فەرمانی پێسپاردن کەبەهۆیەوەماڵەکە بەکرپار فرۆشراوە، بەمەش بۆ پێداچولەسەرکراو (داوکار) نیە داوای هەڵوەشاندنەوەی تۆماری موڵکی بابەتی داوا بکات".

(٥) ماددەی (١٤) لە دەستوری عێراق (٢٠٠٥) دەقی داوە بەوەی کە "عێراقیەکان یەکسانن بەرامبەر بەیاسا بەبێ جیاوازی بەهۆی ڕەگەز یان توخم یان نەتەوە یان بنەچە یان ڕەنگ یان ئاین یان ڕێباز یان باوەڕ یان بۆچون یان باری ئابوری یان کۆمەڵایەتی".

(٦) لە کەیسێکی هاوشێوەدا دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیاریدا بە نادەستوری بونی ماددەی (٢٥) دووبارە لە یاسای فرۆشتن وبەکرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت عێراقی ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠١٣) هەموارکراو بەژمارە (١٧- ئیتحادی -٢٠٢٣) لە (٨-٣-٢٠٢٣) بڕوانە. /٤٩٧٣.https://www.iraqfsc.iq/news

(٧) لاحظ: أ.م. محمد طه البشير، وا. م. د. غني حسون طه، الحقوق العينية، الجزء الأول، الطبعة الثالثة، العاتك لصناعة الكتاب، ٢٠١٠، ص٤٦.

(٨) برگەی ئاماژەبۆکراو دەقی داوە بە: "دوائر الدولة والقطاع العام والنقابات والاتحادات والمنظمات والجمعيات لغرض استغلال المال غير المنقول المؤجر دائرة او مقرا لاعمالها او لاغرضها المنصوص عليها في القوانين".

(٩) ئەم برگەیە بەمشێوەیە دەقی داوە: "للوزير المختص أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة او من يخوله اي منهما بناء على طلب المستاجر تمديد مدة ايجار العقارات غير السكنية على ان يعاد تقدير البدل الحقيقي كل (٣) ثلاث سنوات".

(١٠) بڕوانە ماددەی (١١) لە یاساکە.

(١١) مادەی (٨٩) لە یاسای شارستانی عێراق بنەمایەکی گشتی داناوە لەمبارەوە، ودەڵێت "لا يتم العقد في المزايدات الا برسو (المزايدة) ويسقط العطاء بعطاء ازيد ولو وقع باطلاً او باقفال المزايدة دون ان ترسو على احد، هذا مع عدم الاخلال بالاحكام الواردة في القوانين الاخرى".

(١٢) برگەی (چوارەم) لە مادەی (٢١) دەقی لەمبارەوە داوە، وتویەتی: "ڕێگە نادرێت کەسی پاشگەزبووەوە بەشداربێت لەو زیادکردنەی پاشگەزبوونەوەکە بۆتە هۆکاری دووبارەکردنەوەی".

## لیستی سەرچاوەکان

١.د.ادم وهيب النداوي، المرافعات المدنية، العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، الطبعة الثالثة، ٢٠١١.
٢.أ.م. محمد طه البشير، وا. م. د. غني حسون طه، الحقوق العينية، الجزء الثاني، الطبعة الثالثة، العاتك لصناعة الكتاب، ٢٠١٠.
٣.د. عباس العبودي، شرح احكام قانون المرافعات المدنية، الطبعة الأولى، مكتبة السنهوري، بيروت – لبنان، ٢٠١٦.
٤.بڕیاری دادگای پێداچونەوەی هەرێم ژمارە (٨- دەستەی شارستانی تێهەڵچونەوە ٢٠٠٨) دەرچوو لە (٢٥-٢-٢٠٠٨).
٥.دەستوری عێراق (٢٠٠٥).
/٤٩٧٣.https://www.iraqfsc.iq/news.٦
٧.القانون المدني العراقي رقم (٤٠) لسنة (١٩٥١).
٨.یاسای فرۆشتن وبەکرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١).
٩.یاسای فرۆشتن وبەکرێدانی موڵک وماڵی دەوڵەت عێراقی ژمارە (٢١) ساڵی (٢٠١٣)ی هەموارکراو.

# مۆڵەتی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە لەلایەن فەرمانبەری گشتی لەنێوان دەقە یاساییەکان و جێبەجێکردنە کردارییەکاندا((هەرێمی کوردستان وەک نموونە))

عەبدولقادر ساڵح عەبدول | راوێژکاری یاسایی | توێژەر لە بواری وەزیفەی گشتی

یەکێک لەو مافانەی یاسادانەر بەفەرمانبەری گشتی داوە و حوکمەکانی لەچوارچێوە دەقە یاساییەکاندا رێکخستووە، بریتییە لەمافی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن لەکاتی وەزیفەدا و بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر، ئەم مافەی یاسادانەر داویەتی بە فەرمانبەر، مافێکی دوو جەمسەرییە و هەریەک لەدەسەڵاتی کارگێڕیی و خودی فەرمانبەرەکە لێی سوود مەند دەبن، دەسەڵاتی کارگێڕیی لەبەرەنجامی بەرزبونەوەی ئاستی شارەزایی و مەعریفەی فەرمانبەرەکە بەهۆی بەدەستهێنانی بڕوانامە نوێیەکەوە سوود لە تواناکانی وەردەگرێت و کاروبارەکانی زیاتر پێشدەکەوێت و دواجار کۆمەڵگا لێی سوودمەند دەبێت، لەبەرامبەریشدا خودی فەرمانبەرەکە سوودمەند دەبێت لەو ماف و جیاوکانەی بڕوانامەکەی پێی دەبەخشێت، بەڵام بێگومان ئەسڵ وایە کەڵک و سوودی دەوڵەت لە بەدەستهێنانی بروانامە لەلایەن فەرمانبەرەکەوە لەپێشتر و تەوەری سەرەکی بابەتەکەبێت، نەک بە پێچەوانەوە.

لەم کورتە باسەدا؛ دەمانەوێت تیشک بخەینە سەر مۆڵەتی خوێندن لەروانگەی دەقە یاساییەکان و دواتریش لەچوارچێوەی جێبەجێکردنە کردارییەکانەوە پاشان خستنەڕووی سەرنجی خۆمان لەم بارەیەوە.

مۆڵەتی خوێندن بریتییە لەڕێگەدان بە فەرمانبەری گشتی بە ترازان لە وەزیفەکەی بۆ ئەو ماوەیەی مۆڵەتی خوێندنەکەی پێدراوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی بەرزتر لەوەی پێشتر هەیبووە، ئەمەش لە دوای ئەوەی لە یەکێک لە پەیمانگا یان کۆلێژ یان خوێندنی باڵا قبوڵ وەردەگرێت جا لە ناوخۆی عێراق بێت یان لە دەرەوەی بێت و لە چوارچێوەی ئەو رێکانەی یاسادانەر دایناوە. هۆکاری پێدانی مافی مۆڵەتی خوێندن بە فەرمانبەر لەلایەن یاسادانەرەوە، بۆ ئەوەیە فەرمانبەرەکە ناتوانێت لەیەک کاتدا

خوێندنەکەی تەواو بکات و لە هەمانکاتدا هەستێ بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی وەزیفەکەی. [1]

مۆڵەتی خوێندن چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانەش؛ بەمافێکی دەستوریی دادەنرێت بەگوێرەی ماددەی (105) لە دەستووری عێراقی ساڵی 2005 و هەروەک ئەم مافەش سەرچاوەی گرتووە لەوپێگە یاساییەی بە فەرمانبەرەکە دراوە، لەلایەکی دیکەوە ماوەی مۆڵەتی خوێندن بە خزمەتێکی کرداریی (الخدمة الفعلية) دادەنرێت و مەبەست لە خزمەتی کرداریش بریتییە **لە ئامادەبوونی کەسیی (شخصی) فەرمانبەر لە شوێنی کارەکەی و ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی پێی سپێراوە لە ماوەی کاژمێرە بڕیار لێدراوەکانی کارکردنیدا** هەروەک دادگای پێداچوونەوەی فیدراڵی عێراق لێکدانەوەی بۆکردووە. [2] بەبڕوای ئێمە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە فەرمانبەر لە مۆڵەتی خوێندندا جیاواز لەمۆڵەتەکانی دیکە تەنها سروشتی کارەکەی پابەندییەکانی دەگۆڕێت و ئەگەرهاتوو وەک پێویست ئەرکەکانی خوێندنەکەی ئەنجام نەدا دواتر نەیتوانی ئەو بڕوانامەیە بەدەستبهێنێ گرێبەستی لەسەرکردووە لەگەڵ فەرمانگەکەیدا، ئەوا لەم بارەدا هەموو ئەوەی بۆی خەرجکراوە لەمووچە و دەرماڵە و خەرجی دیکە لێی وەردەگیرێتەوە و ماوەی مۆڵەتەکەی بۆ دەکرێت بەمۆڵەتی بێ مووچە، بێگومان لە جۆرەکانی دیکەی مۆڵەتەدا بابەتی لەم جۆرە بوونی نییەو لەو مۆڵەتانەدا فەرمانبەر لە پابەندییە وەزیفییەکانی دادەبڕێت دەچێتە حاڵەتی وچان دانەوە. لەلایەکی دیکەوە مۆڵەتی خوێندن بە دەقی یاسا بۆ مەبەستەکانی سەرمووچەو پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی ئەژمار دەکرێت، هەروەها کاتێک فەرمانبەر مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێت و سەرکەوتوو دەبێت لە بەدەستهێنانی بڕوانامەکەیدا، ئەوا لە حاڵەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، یەک ساڵ پێشخستن (القدم) بە فەرمانبەرەکە دەدرێت بۆ مەبەستی پلەبەرزکردنەوە.

## ڕیشەی یاسایی مۆڵەتی خوێندن

مۆڵەتی خوێندن ڕیشە یاساییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماددەی (پەنجا) لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە(24)ی ساڵی 1960 ی هەموارکراو، ئەم ماددەیە تا ساڵی 2009 شەش جار بڕگە جیاوازەکانی هەموارکراوەتەوەکە، ئەمەش لەڕێگەی یاسای ژمارە (111)ی ساڵی 1965 و یاسای

---

١- اياد عبداللطيف سالم، الإجازات الأعتيادية، ط١، ٢٠٠٩، ص ٢٦٢

٢-(( إن مصطلح الخدمة الفعلية و حسب قانون قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ المعدل تعني حضور الموظف شخصيا الى مقر العمل وأداؤه لواجباته المكلف بها خلال الساعات المقررة...)) قرار رقم ١٠٩٦/ الهيئة المدنية: ٢٠١٨ ت/ ١٢٢٥ في ٢٠١٨/٢/١٤ منشور في القاضي قاسم فخري الربيعي، مبادئ محكمة التمييز الإتحادية/ القسم المدني، الجزء الثالث، ط١، مطبعة الكتاب، بغداد، ٢٠٢١، ص ١٥٣.

ژمارە (95)ی ساڵی 1968 و یاسای ژمارە (72)ی ساڵی 1977 و یاسای ژمارە (78)ی ساڵی 1978 و هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) بە ژمارە (355)ی ساڵی 1985 و ژمارە (206)ی ساڵی 1988، بەڵام لە ساڵی 2009 یاسادانەری عێراقی کۆتایی بە هەموو ئەو هەموارکردنانە هێناو ماددەکەی بە تەواوی هەڵوەشاندەوە، ئەمەش بەیاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2009 و ئەمەی دوایی جێگەی گرتۆتەوە.

## گرفتی بەرکاربوونی یاسای ژمارە(14)ی ساڵی 2009

ماددەی (50)ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە(24)ی ساڵی 1960 بە هەموو ئەو هەموارکردنانەی بەسەریدا هاتبوو لە هەرێمی کوردستان کارپێکراو بووە پاڵپشت بەبڕیاری ژمارە (11)ی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان لەبەر ئەوەی هیچ یەک لەو هەموارکردنەوانە نەکەوتبوونە دوای کشانەوەی ئیدارات لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتەی عێراقەوە لە 23/10/1991، بەڵام گرفت لەبەرکاربوونی یاسای ژمارە (14) ی ساڵی 2009 بوو کە ماددەی (50)ی هەڵوەشاندبووە و ماددەیەکی نوێی لە شوێنیدا دانابوو، بێگومان لەم بارەشدا بەگوێرەی بڕیاری ئاماژەپێکراوی پەرلەمانی کوردستان پێویست بوو یاسای بەرکاربوونی بۆ دەربچێت، بەڵام وەزارەتی دارایی هەرێم بێ ڕەچاوکردنی ئەم بڕیارە لەساڵی 2012 ڕێنمایی ژمارە (11)ی ساڵی 2012ی دەرکردو بەهاوپێچی ئەم ڕێنماییە، هەستا بە ئاراستەکردنی ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(14)ی ساڵی 2009 بەسەر سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کە بریتی بوو لە ڕێنمایی ژمارە (165)ی ساڵی 2011 ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراقی فیدراڵ، ڕێنمایی ژمارە (11) ی ساڵی 2012 ی وەزارەتی دارایی هەرێم بە نووسراوی ژمارە (5381 لە 26/3/2012) دەرچووبوو، وێنەیەکیش لەڕێنماییەکە درابوو بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان، بەڵام کتومت دوای شەش ساڵ لەدەرچوونی ئەو ڕێنماییەی وەزارەتی دارایی هەرێم، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لەنووسراوێکیدا بە ژمارە(1721 لە 27/3/2018) کە تایبەت بووە بە پلانی مۆڵەتی خوێندن و ئاراستەی گشت وەزارەتەکان کراوە، لەو وێنەیەی لەبەشی خوارەوەی نووسراوەکەدا دراوە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێم، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژە بەوە دەکات یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2009 لە هەرێم بەرکار (نافذ) نییە!، واتە ئەو یاسا و ڕێنماییەی وەزارەتی دارایی هەرێم ئاراستەی سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراوی کردبوو بەپێی ڕێنمایی ژمارە(11)ی ساڵی 2012 و ماوەی شەش ساڵ کاری پێکرابوو، یاساکەی بەرکار نەبووە و بێگومان بەم هۆیەشەوە ڕێنماییەکەیشی کە ژمارە (165)ی ساڵی

2011 یە بەرکار نابێت !! لەکاتێکدا بەبڕیاری ژمارە(61)ی ڕێکەوتی 9/9/2013 دەرچوو لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەکەوێت کارکراوە بە ڕێنمایی ژمارە(165)ی ساڵی 2011 ی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق و بڕیاردراوە تا ڕێکەوتی 9/9/2013 کار بەو ڕێنماییە بکرێت و بۆ داهاتووش کار بکرێت بەڕێنمایی نوێ بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن و لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا باس لە بەرکاربوون یان بەرکار نەبوونی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2009 نەکراوە.

## ڕێکخستنی یاسایی مۆڵەتی خوێندن

بەگەڕانەوە بۆ ئەحکامی ماددەی (50) لەیاسای ڕاژەی شارستانی، دەردەکەوێت یاسادانەر پێدانی مۆڵەتی خوێندنی بەشێوەیەکی گشتی شەتەک داوە چەند مەرجێکەوە لەوانەش مەرجی هەبوونی دوو ساڵ خزمەتی کرداریی (الخدمە الفعلية) لەلایەن فەرمانبەرەکەوە لەگەڵ هەبوونی بڕوانامەیەکی دانپیانراو بە جۆرێک شیاوی بکات بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی باڵاتر، بۆ نمونە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس پێویستە فەرمانبەرەکە بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت یان بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، پێویستە فەرمانبەرەکە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت و... هتد، هەروەها مەرجی تەمەنیش کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی دیاریکراو نابێت تەمەنی فەرمانبەرەکە زیاتر لە تەمەنێکی دیاریکراو، سەرەرای هەموو ئەوانەش مەرجی پێکەوگونجاوێتی ئەو بڕوانامەی فەرمانبەرەکە بەدەستی دەهێنێ لەگەڵ پسپۆڕی فەرمانبەرەکەدا و هەروەها مەرجی ئەوەی پێدانی مۆڵەتەکە تەنها ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە کەوتونەتە پلە یەک تا پلە دە لە خشتەی مووچەی فەرمانبەران و نابێت پلە تایبەت بێت، لەهەمانکاتدا مەرجە فەرمانبەرەکە دەستەبەرییەکی خانووبەرەیی یان کەسی پێشکەش بکات بارتەقای هەموو ئەو مووچە و دەرماڵەی بۆی خەرج دەکرێت لە ماوەی خوێندنەکەی لەگەڵ ئەو خەرجی و مینحە و یارمەتیانەی پێی دەدرێت لە ماوەی مۆڵەتەکەیداو خوێندنەکەی دەیخوازێت، هەروەها بەڵێن بدات بۆ ئەو ماوەیەی یاسادانەر دایناوە لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی خزمەت بە فەرمانگەکەی بکات، لە کۆتاییشدا مەرجە ئەو زانکۆیەی فەرمانبەرەکە تیایدا دەخوێنێ لە دەرەوەی وڵات زانکۆیەکی دانپێدانراو بێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە. ئەمە سەرەرای ئەوەی پێویستە ژمارەی ئەو کورسیيانەی تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای پێویستی بێت بە پسپۆڕییە زانستی و پیشەییەکان [3]

٣-م.م. علاء سامح لطفي و م. سلمى غضبان حسين المعموري، التنظيم القانوني للإجازة الدراسية لموظف الخدمة الجامعية، بحث منشور في مجلة العلوم السياسية التي تصدرها كلية القانون والعلوم والساسية بجامعة ديالى، المجلد العاشر، العدد، الأول، ٢٠٢١، ص٣٨٥.

لەبەرەنجامی ئەوەی لەپێشەوە باسکرا و بەگەڕانەوە بۆ ماددەی (2/دووەم) لە پێڕەوی پێدانی مۆڵەتی خوێندن لە هەرێمی کوردستان ژمارە (11)ی ساڵی 2021 پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، ساڵانە پلانێکی ناوەندی بۆ ژمارەی کورسیەکانی خوێندن و پسپۆڕییەکان و جۆری بڕوانامەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دابنێن و نابێت لە دەرەوەی ئەو پلانە مۆڵەتی خوێندن بدرێت، جگە لەو زەمالە فەرمییانەی کە لەلایەن وڵاتان و زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی هەرێم دەبەخشرێن و وەزارەت ڕایاندەگەیەنێت، یان ئەو زەمالە فەرمییانەی کە لەلایەن وڵاتان و زانکۆ و دامەرزاوەکانی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی هەرێم دەبەخشرێن یان رادەگەیەنرێن، و باوەڕپێکراون لەلایەن وەزارەت. بەگەڕانەوەش بۆ حوکمەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە(24)ی ساڵی 1960، یاسادانەر لە ماددەی (50/هەشتەم) پێویستی کردووە لەسەرەتای هەموو ساڵێکدا وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت پێداویستی خۆی لە کورسی خوێندن بداتە وەزارەتی پلاندانان و ئەمەی دواییش پێویستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاپلانێکی ناوەندی دابنێن و تیایدا ئەو کورسیانە دەستنیشان بکەن تەرخانکراون بۆ وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەپێی پێداویستی دەوڵەت بەو پسپۆڕییە زانستی و پیشەییانە...

لێرەدا و لەبەرەنجامی خوێندنەوەی ئەو مەرجانەی لەپێشەوە باسکران، سێ سەرنجی بنەڕەتی تۆمار دەکەین کە بەبڕوای ئێمە دەبنە کۆتوبەندی یاسایی بۆ بابەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی نوێ لە لایەن فەرمانبەری گشتی و لە کاتی وەزیفەدا، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم:** پێویستە هەموو بەدەستهێنانێکی بڕوانامە لەڕێگەی مۆڵەتی خوێندن لەچوارچێوەی ئەو پلانەدا بێت لەلایەن وەزارەتی پلاندانان و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵانە دادەڕێژرێت، ئەم دوو وەزارەتە لە سەرجەم رووەکانی ئەکادیمی و پیشەیی و هەروەها پێداویستی بەرەپێشچوونی کەرتی حکومی پلان دادەڕێژن و ڕێگەپێدراونییە هیچ وەزارەت و لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت لە دەرەوەی ئەم پلانەوە مۆڵەتی خوێندن بدات بە فەرمانبەر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر، هەروەک لە ماددەی (2/ دووەم)ی پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمیشدا هاتووە نابێت لە دەرەوەی ئەو پلانە مۆڵەتی خوێندن بدرێت، کەواتە ئەم پلانە دەبێت بناغەی سەرەکی هەموو مۆڵەت پێدانێک بە فەرمانبەر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر و بێگومان لەم پلانەشدا بەرژەوەندی گشتی و پێداویستی وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان ڕەچاوکراوە. بەم جۆرەش دەردەکەوێت هیچ وەزارەت و لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت لە دەرەوەی ئەو پلانە بۆیان نییە مۆڵەتی خوێندن بە فەرمانبەر بدەن.

**دووەم:**پێویستە ئەو بڕوانامەیەی فەرمانبەرەکە بەدەستی دەهێنێ پەیوەندیدار بێت بەو پسپۆڕییە وەزیفییەی پێی دامەزراوە و ڕۆژانە پیادەی دەکات، چونکە لەسەر بنەمای ئەم پسپۆڕییە وەزیفییە پلان دادەڕێژرێت و پێداویستی وەزارەتەکان دیاری دەکرێت، بۆ نموونە ئەو فەرمانبەرەی هەڵگری ناونیشانێکی ژمێریارییە و لەسەرەتادا و لەسەر بنەمای بڕوانامەکەی بە ناونیشانی ی. ژمێریار دامەزراوە و ناونیشانە وەزیفەکانی لەسەر ئەم بنەمایە وەرگرتووە، ئەوا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر دەبێت بڕوانامەیەک بەدەست بهێنێ پەیوەندی بە ناونیشانە وەزیفییەکەیەوە هەبێت، چونکە دەبێت ئەم بڕوانامە نوێیە خزمەت بە توانای زانستی و کرداری فەرمانبەرەکە بکات کاتێک بە بڕوانامە نوێیەکەوە دەستبەکار دەبێتەوە دواجار لەم بەرەنجامەشەوە هەم فەرمانگەکەی و هەم هاوڵاتیانیش سوودمەند دەبن لێی، بەڵام ئەگەرهاتوو هەمان فەرمانبەر بڕوانامەی لەبواری یاسادا بەدەستهێنا لە کاتێکدا ناونیشانی ژمێریاری بوو، ئەوا لەم بارەدا سەرەرای ئەوەی ئەم بڕوانامەی دوایی ناکۆکە لەگەڵ ناونیشانە وەزیفییەکەیدا، لەهەمانکاتدا ئەگەر بێتوو بڕوانامە نوێیەکەی بۆ ئەژمار بکرێت ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی یاسایی دەبینەوە :

١-میلاکی دامەزراوەکە تێکدەچێت، چونکە ناونیشانێک لەپلەی وەزیفی ژمێریاری فەرمانگەکە چۆڵ دەبێت و فەرمانبەرەکە ناونیشانی (ی. یاسایی) لە پلەی حەوتەم وەردەگرێت ئەگەرهاتوو ئەو ناونیشانە لەمیلاکاتی فەرمانگەکەدا چۆڵ هەبوو، بەپێی بە دواداچوونی ئێمە بۆ وردەکاریی بابەتی ڕێکخستنی میلاکاتی دامەزراوە فەرمییەکان بەو شێوە کۆنکرێتییە ڕێکنەخراوە یاسادانەر دەقی لەسەرهێناوە.

٢-ئەو فەرمانبەرە ژمێریارییەی ناونیشانەکەی دەگۆڕێت بۆ ناونیشانی فەرمانبەری یاسایی، دەبێت لەسەرەتاوە دەست پێبکاتەوە لەرووی ناونیشانە وەزیفییەکانەوە چونکە یەکەم ناونیشانی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا وەردەگرێت، ئەمەش وەک ئەوەیە فەرمانبەرەکە لەناونیشانە نوێیەکەی تازە دەستبەکاربووبێت، بێگومان ئەم گۆرانکارییەش لە ناونیشانە وەزیفییەکاندا لەرووی توانستی فەرمانبەرەکەوە گرفت دروست دەکات و لەسەرەتادا کەم ئەزموونی کەم توانا دەخاتە ناو کەرتی گشتییەو، لەبەرامبەریشدا فەرمانبەرێکی خاوەن ناونیشانی وەزیفی ژمێریاری بە ئەزموون و بە تواناش دەرخاتە دەرەوەی پێداویستی پسپۆری ژمێریایی فەرمانگەکەوە.

٣-ئیشکالیەتێکی دیکەی ئەم بابەتە ئەوەیە ئەگەرهاتوو فەرمانبەرە ژمێریارییەکە چەند ساڵێک بوو دامەزرابوو ناونیشانە وەزیفییەکەی و پلە و مەرتەبەی لەپێشەوە بووە، ئەوا لە حاڵەتی گۆڕینی ناونیشانەکە بۆ ی. یاسایی ڕووبەڕووی ئیشکالیەتی

لێکدابڕانی ناونیشانی وەزیفی و پلەو مەتەرتەبەی فەرمانبەرەکە دەبینەوە، بۆ نمونە ئەگەر فەرمانبەرە ژمێریارەکە لە پلە پێنج مەرتەبەی دوودا بوویێت، ئەوا لەکاتی هەموارکردنەوەی بڕوانامەکەی بۆ بڕوانامەی یاسایی، ناونیشانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناونیشانەی فەرمانبەری یاسایی لە پلەی حەوتی خشتەی مووچەدا شایستەی دەبێت و بریتییە لە ناونیشانی (یاریدەدەری یاسایی)، لێرەدا پلەو مەرتەبەی فەرمانبەرەکە و ناونیشانە وەیزفییەکەی لە یەکتر دابڕن کە ئەمشە سەرێچی یاسای مووچەی فەرمانبەرانە و کارێکی دروست نیە.
بەڵام بۆ ئەو دۆخانەی فەرمانبەرەکە لە بواری پسپۆری خۆیدا مۆڵەتی خوێندن وەردەگرێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر و لەم بەرەنجامەشەوە ناونیشانە وەزیفییەکەی لەپلەو مەرتەبەکەی جیا دەکاتەوە، بۆ نمونە ئەگەرهاتوو فەرمانبەرێکی دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی ناونیشانی وەزیفی ( سەرۆکی تێبینەرانی هونەریی) بوو کە دەکەوێتە پلە پێنجی خشتەی مووچەی فەرمانبەران و دواتر لە کۆلێژی ئەندازیاری / بەشی کارەبا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێنا، ئەوا لەم بارەدا ناونیشانە وەزیفییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پلەی حەوتی خشتەی مووچە و ناونیشانەکەی دەبێت (یاریدەدەری ئەندازیاری)، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە، یاسادانەری عێراقی بە گوێرەی یاسای ژمارە (103)ی ساڵی 2012 ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (22)ی ساڵی 2008، بابەتێکی نوێی هێناوەتە نێو چوارچێوەی یاسا وەزیفییەکانەوە و ناوی لێناوە خێراکردنی پایەبڵندکردن (تسريع ترقية)، بە جۆرێک فەرمانبەرەکە لەبری ئەوەی لەرێگەی پلەبەرزکردنەوەوە ناونیشانە وەزیفییەکەی بەرز بکرێتەوە کە لەم بەرەنجامەوە ناونیشانە وەزیفییەکە و پلەو مەرتەبەی فەرمانبەرەکە یەکناگرنەوە، لەم بارەشدا ئەم دۆخە سەرێچی دەبێت حوکمەکانی یاسای مووچە وەک پێشتر روونمان کردووە، بۆ چارەسەری ئەم بابەتەش یاسادانەر رێگەی داوە بەوەی دوو ساڵ جارێک ناونیشانی وەزیفی فەرمانبەرەکە بەرز بکرێتەوە بەو مەرجەی ناونیشانی وەزیفی لە چوارچێوەی میلاکدا هەبێت بەجۆرێک گونجاوبێت لەگەل پەیکەربەندی فەرمانگەی فەرمانبەرەکە و هەروەها فەرمانبەرەکە بۆ هەر جارێک پایەبڵندکردنەوەی خولێکی پێشکەوتن لەچوارچێوە پسپۆرییەکەی خۆی ببینێ بەومەرجەی ماوەکەی لە دوو هەفتە کەمتر نەبێت، بەم جۆرەش یاسادانەری عێراق چارەسەری بابەتی لێکدابڕانی ناونیشانی وەزیفی و پلەو مەرتەبەی کردووە لەو بارودۆخەی فەرمانبەرەکە بڕوانامەیەکی بەرزتر لەرێگەی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن بە دەستدەهێنێ و لەکاتی ئەژمارکردنی بڕوانامەکەی ناونیشانە وەزیفییەکەی و پلەو مەرتەبەکەی لێک دادەبڕێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هیچ چارەسەرێکی لەم

باره نەکراوە و ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین لە هەرێم کار بەو یاسای هەموارکردنەوەیە ناکرێت، بەم هۆیەشەوە دەیان هەزار فەرمانبەر لە هەرێم هەیە ناونیشانی وەزیفییان لە پلەو مەرتەبەیان دابڕاوە کە ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ حوکمەکانی یاسای مووچە.

**سێیەم:** بەگەڕانەوە بۆ حوکمەکانی ماددەی (50) لە یاسای ڕاژەی شارستانی و جێبەجێکردنە دادوەرییەکان، پێویستە بەدەستهێنانی بڕوانامە لە کاتی وەزیفەدا و لەلایەن فەرمانبەرەوە لەڕێگەی مۆڵەتی خوێندنەوە بێت بەو مەرج و وردەکارییەی لەپێشەوە باسکرا، بەپێچەوانەوە ئەژمار کردنی بڕوانامە بۆ فەرمانبەر ئەگەر بە مۆڵەتی خوێندن بە دەستی نەهێنابێ، ئەوا ئەم ئەژمارکردنە بە پلەی یەکەم سەرپێچی ئەحکامی ماددەی (50)ی یاسای ڕاژەی شارستانی یان پێڕەوی ژمارە (11)ی ساڵی 2021 ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمە، لەم بارەیەشەوە دادوەریی کارگێڕیی لە چەندین بڕیاریدا دووپاتی ئەم بابەتە دەکاتەوە، دادگای کارگێڕیی باڵا لە عێراق لە بڕیارێکیدا جەخت لەوە دەکاتەوە:" بەڵگەیەکی یاسایی بوونی نییە ئیدارە پابەند بکات بە ئەژمارکردنی ئەو بڕوانامەیەی فەرمانبەر بەدەستیهێناوە بەبێ مۆڵەتی خوێندن "[4]. یان لەفەتوایەکی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتدا هاتووە:" ئەو بڕوانامەی خوێندنەی کە فەرمانبەر بەدەستیهێناوە لە کاتی ڕاژەدا و بێ مۆڵەتی خوێندن، بۆی ئەژمار ناکرێت".[5] بنەما لەسەر ئەوەی لەپێشەوە باسکرا، بەگوێرەی یاسای ڕاژەی شارستانی و هەروەها پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران تاکە ڕێکارێکی یاسایی بۆ بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیەی فەرمانبەر بەدەستی دەهێنێ، بریتییە لەوەی لەڕێگەی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنەوە بێت بەو جۆرەی ڕوونکرایەوە. بەدەر لەوەی لەپێشەوە باسکرا، دادوەریی کارگێڕیی لە عێراق ڕێگەی بەوەداوە دەسەڵاتی کارگێڕیی بڕوانامە بۆ فەرمانبەر ئەژمار بکات ئەگەرهاتوو لەڕێگەی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنەوە بەدەستی نەهێنابێت بەو مەرجەی بڕوانامەکە پەیوەندی بەو ناونیشانە وەزیفییەوە هەبێت فەرمانبەرەکە هەیەتی، ئەم دەسەڵاتەیشی وەک دەسەڵاتێکی مەزندەکردن (السلطة التقديرية) داوە بە دەسەڵاتی کارگێڕیی، بەو مانایەی دەسەڵاتە کارگێڕییەکە بەهیچ شێوەیەک پابەندنییە (غير ملزم) بەئەژمارکردنی بڕوانامەی ئەو فەرمانبەرەی لە دەرەوەی وەزیفە بەدەستیهێناوە بێ

٤- ((لايوجد سند من القانون يلزم الإدارة بإحتساب الشهادة الدراسية التي يحصل عليها الموظف بدون اجازة دراسية)) قرار رقم ٧٥٢/ قضاء موظفين- تميز/٢٠١٩ منشور في قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٩، ط١، مطبعة الوقف الحديثة، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠٢٠، ص ٤٠٥

٥- ((لاتحتسب الشهادة الدراسية للموظف الحاصل عليها اثناء الخدمة دون اجازة دراسية.)) قرار رقم قرار رقم ٦٠/ ٢٠١٤ منشور في قرارات وفتاوای مجلس شوری الدولة لعام ٢٠١٤، ط١، منشورات مجلس شوری الدولة، بغداد، ٢٠١٥، ص١١٥

وەرگرتنی مۆڵەتی خویندن، لەم بارەدا دەسەڵاتە کارگێرییەکە تەواوی دەسەڵاتی خۆی هەیە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی دەتوانێت بڕیار لەم بابەتە بدات، بەڵام ئەگەرهاتوو ئەو بڕوانامەیەی فەرمانبەرەکە بەدەستهێنابووە پەیوەندی بەناونیشانی وەزیفی فەرمانبەرەکەوە نەبوو، ئەوا لەم بارەدا نابێت دەسەڵاتە کارگێرییەکە بۆی ئەژمار بکات، وەک لە بڕیارێکی دادگای کارگێڕی باڵادا هاتووە :" مەرجە بۆ ئەژمارکردنی ئەوبڕوانامەیەی خوێندن کە فەرمانبەر لەکاتی راژەدا بەدەستی دەهێنێت، دەبێت پەیوەندی بە کاروبارەکانی وەزیفەکەیەوە هەبێت".[6]

لە هەرێمی کوردستان بەپێی گشتاندنی ژمارە (8)ی ساڵی 2012 ئەو فەرمانبەرەی لە کاتی بەیانیاندا دەخوێنێ و بڕوانامەی بەرزتر بەدەست دەهێنێت، ئەوا ماوەی خوێندنەکەی بۆ هیچ مەبەستێک بۆ ئەژمار ناکرێت و هەموو مووچە و دەرماڵەکان و هەر بڕە پارەیەکی دیکەیان بۆ خەرجکرابێت لێیان وەردەگیرێتەوە وبەپێی یاسا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، بەو مانایەی گشتاندنەکە خوێندنی فەرمانبەر لەبەیانیان بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەسەرپێچی بەرزەفتکاریی (المخالفة الانضباطية) داناوە بەم هۆیەشەوە فەرمانبەرەکە سزا دەدرێت. لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (6/چوارەم) لە یاسای چاکسازی ژمارە (2)ی ساڵی 2020 ئەو ماوەی خزمەتانەی لەگەڵ خوێندن یەکدەگرنەوە واتە فەرمانبەرەکە لەگەڵ دەوامەکەیدا خوێندوویەتی ئەوا هەڵدەوەشێنەوە جگە لە حاڵەتی مۆڵەتی خوێندن و خوێندنی ئێواران.

## جێبەجێکردنەکان لە هەرێمی کوردستان

ئەوەی لەپێشەوە باسکرا، بریتی بوو لە رووە یاساییەکەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر لەلایەن فەرمانبەری گشتی و لەرێگەی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنەوە، وەک دەرکەوت بابەتەکە بنەمایەکی مەحکەمی یاسایی بۆ دارێژراوە و بەوردی تەواوی لایەنەکانی رێکخراوە، بەڵام جێبەجێکردنە کردارییەکان تارادەیەکی زۆر لەو بنەڕەتە یاساییە ترازاون و زۆر ئیجتیهاد و رێکاری نوێ گیراوەتەوەبەر کە تەواو ناکۆکن لەگەڵ حوکمەکانی یاسا و پێرەوەکە، ئەمەش لەسەر ئاستی عێراق و هەم لەسەر ئاستی هەرێم بەرچاو دەکەویت، بەڵام بە داخەوە لە هەرێمی کوردستانەوە بە تەواوی دۆخەکە تەنگی بە دەقە یاساییەکان هەڵچنیوە و بۆ رێکخستنی بابەتەکەش چەندین گشتاندن و رێنمایی و بڕیار و نووسراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییەوە دەرچوون وەک لە خوارەوە روونی دەکەینەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش جێبەجێ کردارییەکانی هەرێم لەم

---

٦- ((يشترط لاحتساب الشهادة الدراسية التي يحصل عليها الموظف اثناء الخدمة ان يكون لها علاقة باعمال وظيفته)) قرار رقم ٨٢٤/ قضاء الموظفين- تمييز/٢٠١٥ منشور في قرارات مجلس الدولة وفتاواه لعام ٢٠١٧، ط١، منشورات مجلس الدولة، بغداد، ٢٠١٨، ص ٤٥١.

کورتە باسەدا بە نموونە هێنراونەتەوە:

بەگەڕانەوە بۆ ئەو ڕێنمایی و گشتاندنانەی وەزارەتی لەم بارەیەوە دەری کردووە، تەنها لە ماوەی 13 ساڵی ڕابردوودا لەپاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی ئێمە کردوومانە، دەردەکەوێت لە ساڵی 2010 ەوە تا ئێستا (8) ڕێنمایی و (8) گشتاندن لەلایەن وەزارەتی دارایی هەرێمەوە دەرچووە دەربارەی پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ئەژمارکردنی ئەو بڕوانامەیەی فەرمانبەر لە کاتی وەزیفەدا بەدەستی دەهێنێ لەگەڵ ئەژمارکردنی ئەو دەرماڵانەی فەرمانبەرەکە لەبەرەنجامی بڕوانامە نوێیەکەوە شایستەی دەبێت، ئەمە جگە لە دەرچوونی پێڕەوی ژمارە (11)ی ساڵی 2021 لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بەپێدانی مۆڵەتی خوێندن بە فەرمانبەران و هەروەها ڕێنمایی ژمارە (5)ی ساڵی 2021 ی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم لەم بارەیەوە، بەم جۆرەش دەردەکەوێت لە ماوەی (13) ساڵدا و لە هەرێمی کوردستان، پەیڕەوێک و (9) ڕێنمایی و (8) گشتاندن بۆ ڕێکخستنی بابەتی مۆڵەتی خوێندن و ئەژمارکردنی بڕوانامەی بەدەستهاتووی فەرمانبەر لە کاتی وەزیفەدا و شایستەبوونی بە دەرماڵەکان دەرچووە، بەم جۆرەی خوارەوە:

ڕێنمایی ژمارە (13)ی ساڵی 2010 و ڕێنمایی ژمارە (11)ی ساڵی 2012 و ڕێنمایی ژمارە (13)ی ساڵی 2014 و ڕێنمایی ژمارە (11) ی ساڵی 2018 و ڕێنمایی ژمارە(11)ی ساڵی 2019 و ڕێنمایی ژمارە (27)ی ساڵی 2020 و ڕێنمایی ژمارە (17)ی ساڵی 2022 و ڕێنمایی ژمارە (3)ی ساڵی 2023 و گشتاندنی ژمارە (8)ی ساڵی 2012 و گشتاندنی ژمارە (1) ی ساڵی 2014 و گشتاندنی ژمارە (12) ی ساڵی 2015 و گشتاندنی ژمارە (16)ی ساڵی 2015 و گشتاندنی ژمارە(7)ی ساڵی 2021 و گشتاندنی ژمارە (16)ی ساڵی 2022 و گشتاندنی ژمارە(19)ی ساڵی 2022 و گشتاندنی ژمارە(6)ی ساڵی 2023 و پێڕەوی ژمارە(11)ی ساڵی 2021 ی ئەنجومەنی وەزیران و ڕێنمایی ژمارە (5)ی ساڵی 2021 ی دەرچوو لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

بێگومان لە تێڕوانینێکی یاساییەوە ئەگەر سەیری ئەم ژمارە زۆرە لە ڕێنمایی و گشتاندن بکەین کە بە یاسای لاوەکی (التشریع الفرع) دادەنرێن، دەردەکەوێت لەم بوارەدا بنەمایەکی یاسایی مەحکەم بابەتەکەی ڕێکنەخستووە و تەنانەت وەزارەتەکانیش وەک پێویست پابەند نەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، هەروەک لەگشتاندنی ژمارە (12) ی ساڵی 2015 ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمدا هاتووە، بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە لەڕوانینێکی یاسایی و دواتر بەراورد کردنی بەجێبەجێکردنە کردارییەکان.

بەدەرچوونی پێڕەوی ژمارە (11)ی ساڵی

2021 ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم هەوڵدرا کۆتایی بهێنرێت بەو دۆخەی هاتبووە ئاراوە دەربارەی بەدەستهێنانی بڕوانامە لەلایەن فەرمانبەرانەوە لە کاتی وەزیفەدا و لە دەرەوەی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن، بەڵام رەنگە ئەمەش وەک پێویست بارەکەی کۆنترۆڵ نەکردبێت، چونکە لە دواهەمین نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا بەژمارە (16920 لە 24/12/2023) دەرچووە و ئاراستەی هەریەک لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پلاندانانی هەرێم کراوە، بڕیار دراوە بەراسپاردنی هەر سێ وەزارەتی ناوبراو بەسەرۆکایەتی وەزیری دارایی بەمەبەستی پۆلێنکردن و هەلسەنگاندنی حاڵەتەکانی ئەو بڕوانامانەی بەبێ مۆڵەتی خوێندن بەدەستهاتوون لەگەڵ ناردنی ژمارەی حاڵەتەکان و بواری پسپۆری و ناوی وەزارەتەکان بۆ ئەوەی لەرووی زانستی و کارگێڕی و یاساییەوە هەڵبسەنگێندرێن و دواتر ئەنجامی هەلسەنگاندنەکە بخرێتە بەردەم کۆبونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران تاکو بڕیاری کۆتایی لێ بدرێت.

سەرنجدان لەو رێنمایی و گشتاندنانەی وەزارەتی دارایی هەرێم دەری کردوون دەربارەی بەدەستهێنانی بڕوانامە لەکاتی وزیفەدا، دەردەکەوێت ئەم وەزارەتە وەک بابەتێکی بنەڕەتی مامەڵەی لەگەڵ دۆخەکاندا کردووە حوکمی جۆراوجۆری دارشتووە لە کاتێکدا ئەو دۆخانە دۆخی نائاسایی بوون و دروست نەبووە فراوان بوون لەو جۆرە دۆخانە بکرێت (لایجوز التوسع في الإستثناءات) وەک لە خوارەوە روونی دەکەینەوە :

**١-رێنمایی ژمارە (11)ی ساڵی 2018**

لەم رێنماییەدا، وەزارەتی دارایی هەستاوە بەرێکخستنی دۆخی ئەو بڕوانامەی (ماستەر و دکتۆرا) یانەی لەلایەن فەرمانبەرانەوە بەدەستهاتوون لەدەرەوەی هەرێم و بەبێ مۆڵەتی خوێندن و لەسەر ئەرکی خۆیان، بەشێوەی مۆڵەتی کۆکراوە یان مۆڵەتی بێ مووچە، لە کاتێکدا بەدەستهێنانی ئەو دوو جۆرە بڕوانامەیە لەڕووی ئەکادیمی و زانستییەوە پێویستی بەوە هەیە فەرمانبەرەکە بە تەواوی خۆی یەکلا بکاتەوە (تفرغ تام) وەک لە رێنمایی ژمارە (26)ی ساڵی 1990ی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق و رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمدا هاتووە، هەروەها ئەم رێنماییە پێچەوانەی رێنماییەکانی پێشتووتری وەزارەتی دارایی هەرێمە کە رێگەی بەوە نەداوە مۆڵەتی بێ مووچە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە بەکار بێت وەک لە خاڵی ژمارە(8)ی رێنمایی ژمارە (4)ی ساڵی 2015 دا هاتووە، لەم بارەیەشەوە دادوەری کارگێڕی لەعێراق ئەژمارکردنی مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی بێ مووچەی بەجۆرێک (تحایل) داناوە لەسەر دەقە یاساییەکان، لەسەر ئەم بنەمایەش دەردەکەوێت وەزارەتی دارایی هەستاوە بەرێکخستنی بابەتێک کە یاسادانەر دەقی لەسەرهێناوە و هەروەها رێکخستنەکەیشی پێچەوانەی یاسا و رێنماییەکانە.

هەوارنامەی کتێب

### ٢-ڕێنمایی ژمارە (27)ی ساڵی 2020

وەزارەتی دارایی لەم ڕێنماییەدا هەستاوە بەڕێکخستنی بابەتی بەدەستهێنانی بڕوانامە لەلایەن فەرمانبەرەوە لە خوێندنی ئێواراندا و لەم بارەیەشەوە چەندین حوکمی جۆراوجۆری بۆ داناوە بەمەبەستی ئەژمارکردنی ئەو بڕوانامەیەی لە خوێندنی ئێواراندا بەدەستدەهێنرێت، وەک وەرگرتنی لاری نەبوون و پێکەوەگونجاوێتی بڕوانامەکە و ئەوپسپۆڕییەی فەرمانبەرەکە هەیەتی، لە کاتێکدا دروست نییە وەزارەتی دارایی بابەتێکی نائاسایی وەک خوێندنی ئێواران بەم جۆرە ڕێکبخات، چونکە یاسادانەر بە یاسا بابەتەکەی ڕێکخستووە و دروست نییە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەم جۆرە ڕەچاوی دەقە یاساییەکان نەکات.

### ٣-گشتاندنی ژمارە(7)ی ساڵی 2021

لەم ڕێنماییەدا، وەزارەتی دارایی بڕیاریداوە بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕوانامانەی بەبێ مۆڵەتی خوێندن بەدەستهاتوون، ئەمەش پاڵپشت بەیاسای چاکسازی، لە کاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی بڕوانامەکە لەدەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتی داراییە و دەکرێت ئەم وەزارەتە ئەژمارکردنی بڕوانامەکە هەڵوەشێنێتەوە نەک خودی بڕوانامەکە، هەرچەند بەپێی بە دواداچوونەکانی ئێمە ئەم گشتاندنە کاری پێ نەکرا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی وەک پێشتر ڕوونکرایەوە یاسای چاکسازی لە ماددەی (6/چوارەم)دا ماوەی خزمەتانەی هەڵوەشاندۆتەوە کە لەگەڵ خوێندن یەکدەگرنەوە، واتە فەرمانبەرەکە لە دەوامی بەیانیاندا خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەدەستهێناوە بێ ئەوەی مۆڵەتی وەرگرتبێت، لێرەشدا بەروونی دەردەکەوێت یاساکە بڕوانامەکەی هەڵنەوەشاندۆتەوە بەڵکو ماوەی خوێندنەکەی هەڵوەشاندۆتەوە.

### ٤-گشتاندنی ژمارە (16)ی ساڵی 2022 و (19)ی ساڵی 2022

لەم گشتاندنەدا وەزارەتی دارایی جەخت لەوە دەکاتەوە ئەگەرهاتوو فەرمانبەر بڕوانامەی بەرزتری بەدەستهێنا لەڕێگەی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنەوە ئەژمارکردنی بڕوانامەکەی بوو بەهۆی بەرزکردنەوەی پلەکەی، ئەوا لەم بارەدا بڕوانامەکەی بۆ ئەژمار ناکرێت. چونکە وەک ڕێنماییەکە جەختی لەسەر کردۆتەوە پلەبەرزکردنەوە ڕاگیراوە، بنەمای ئەم گشتاندنە بۆ بڕیاری ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا ئەو بڕیارە بڕیارێکی نایاساییە، بۆیە هەموو ئەو حوکمانەیشی لەسەر بنەمای ئەم بڕیارە نایاساییە دەردەچن بەنایاسایی دەمێننەوە، لەم گشتاندنەدا، دەردەکەوێت حوکمەکانی پێچەوانەی یاسای مووچەیە، چونکە ئەگەرهاتوو فەرمانبەرێکی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەپلە حەوتدا بوو، دواتر لەڕێگەی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێنا ئەوا لەم بارەدا بە حوکمی یاسا دەبێت بچێتە پلە شەش چونکە بەپێی ماددەی (4/یەکەم/ح)

لە یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (22)ی ساڵی 2008 یەکەم دامەزراندنی ئەو فەرمانبەرەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە پلە شەش مەرتەبەی یەکدا دەبێت، بەڵام وەزارەتی دارایی جێبەجێکردنی ئەم دەقەی بە پلەبەرزکردنەوە داناوە و بەم جۆرەش فەرمانبەرەکە بەشێوەیەکی نایاسایی لە پلە حەوتدا دەمێنێتەوە لە کاتێکدا هەڵگری بڕوانامەی ماستەرەو بەم جۆرەش پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ یاسای مووچە، هەروەک ئەم گشتاندنە لەگەڵ حیکمەتی پێدانی مۆڵەتی خوێندن یەک ناگرێتەوە کە ماف و جیاوک بە فەرمانبەرەکە دەدات.

ئەوانەی لەپێشەوە باسکران، چەند نموونەیەک بوون لە ناوەرۆکی ئەو گشتاندن و ڕێنماییانەی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەرچووە لەم بارەیەوە، بەبڕوای ئێمە بەشێکی ئەو ڕێنماییانە لەبری ئەوەی ناوەرۆکێکی دیسپلینکاری هەبوویێت و لێپرسینەوەی لەم بارەیەوە بکردایە لە وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، کەچی بە پێچەوانەوە وەزارەتەکە تەسلیمی دۆخەکە بووە حوکمی بەگوێرەی دۆخەکان داڕشتووە بێ ڕەچاوکردنی دەقە یاساییە فەرمانکارەکان (النصوص القانونية الآمرة)، دواهەمین نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەپاش دەرچوونی پێرەوی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ بۆ چارەسەرکردنی ئەو بڕوانامانەی بەبێ مۆڵەتی خوێندن بەدەستهاتوون باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حکومەت و وەزارەتەکان لەبری جێبەجێکردنی دەقە یاساییەکان و پێرەوی تایبەت بەم بوارە، چارەسەری ئەو دۆخانە دەکەن کە بەپێچەوانەی یاساوە هاتوونەتە ئاراوە و هیچ مافێک بۆ فەرمانبەرەکان ناخاتەوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەم جۆرە حاڵەتانە بەردەوام ڕوو لە زیادبوون بن و بنەبڕ نەبن، چونکە هەمیشە چاوەڕێ دەکرێت لە دەرەوەی دەقە یاساییەکان بڕیارێکیان بۆ دەربچێت.

لە کۆتاییدا؛ بەپێویستی دەزانین ئاماژەوە بدەین کە بارودۆخی مۆڵەتی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە لەسەر ئاستی عێراق ڕەنگە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت لەگەڵ ئەو دۆخەی لە هەرێم دەگوزەرێت، ئەمەش بەگەڕانەوە بۆ ئەو بڕیارە دادوەرییانەی لەلایەن دادگای دادوەری فەرمانبەرانی عێراق و دادگای کارگێڕی باڵاوە دەرچوون، بەڵام ئەوەی بارودۆخەکە لە هەرێم جیا دەکاتەوە ئەوەیە لە سەر ئاستی عێراق هەوڵدراوە چارەسەری ئاسەوارەکان و ئەو دۆخانەی دروست دەبن لەڕێگەی دەقە یاساییەکانەوە بکرێت، وەک ئەوەی ئاماژەی پێکرا لە بابەتی خێراکردنی پایەبڵندکردن (تسريع ترقية) کە لە یاسای ژمارە (١٠٣)ی ساڵی ٢٠١٢ دا هاتبوو، هەروەها جارێکی دیکە لە یاسای بوجەی گشتی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٨ دا هاتووە چەند دۆخێکی لەم بارەیەوە ڕێکخستووە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان چارەسەری دۆخەکان نەدراوە بە پەرلەمان و لەلایەن خۆیانەوە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و

وەزارەتی خوێندنی باڵا لەرێگەی بڕیار و پێرەو ڕێنماییەکان چارەسەریان کردووە کە بەبڕوای ئێمە ئەمەش کەموکورتییەکی یاساییەوە و دروست نییە پێرەو ڕێنمایی جێگەی دەقی یاسا بگرێتەوە، تەنانەت پێرەوی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن بە فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان جێگەی ماددەی (٥٠) ی یاسای راژەی شارستانی گرتۆتەوە لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لە کاتێکدا پێویستە ئەم بابەتە لەرێگەی یاسادانەرەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت چونکە لە بنەڕەتدا یاسادانەر حوکمە سەرەکییەکانی ڕێکخستووە، بۆیە پیشنیار دەکەم لە خولەکانی داهاتووی پەرلەماندا ئەم بابەتە بەهەند وەربگیرێت بنەمایەکی مەحکەم و تۆکمە لەرێگەی یاسایەکی سەربەخۆ یان هەموارکار دەربچێت لەم بارەیەوە.

# مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان
# دەرفەت و ئاڵنگارییەکان

پارێزەر/ عیماد حەمید عەلی | خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای تایبەت

چەسپاندندنی دیموکراسی بەبێ بەدیهێنانی بنەماکانی بەدینایەت ، لەئێستادا کە هەرێمی کوردستان بە قۆناغی ڕاگوزەری دیموکراسیدا دا تێدەپەڕێت و هەموو هەوڵەکان بۆ بەرەو بەهێزکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەنرێت ، یەکێک لەبنەما گرنگەکان دەستکەوتنی زانیارییە لەهەرێمی کوردستان لەلایەن هاوڵاتیان و ڕۆژنامە نوسانەوە ، بەتایبەت ئەوزانیاریانەی پەیوەندی بە ماف و ئازادییەگشتییەکان و گەندەڵی و بەهەدەردانەوە هەیە ، لەپێناو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی شەفافیەت و بنبڕکردنی گەندەڵی ، کارکردن بە یاساکانی پەیوەندیدار بە دەستکەوتنی زانیاری پێویستییەکی گرنگە تا هاوڵاتیان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بتوانن ڕای خۆیان سەبارەت بە پرسەکانی شەفافییەت و ماف و ئازادییەکانیان بخەنە ڕوو.

**مەبەستمان لە مافی دەستکەوتنی زانیاری چییە؟**

مەبەستمان مافی دەستکەوتنی زانیاری مافی هاوڵاتی یان کەسێکی یاساییە بۆ زانینی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن دەسەڵات و فەرمانگەکانی حکومەت یان هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە بە هەر شێوەیەک بێت پارێزراون.

زانیاری ئەوەیە کە لە هەریەکێک لەو تۆمار و بەڵگەنامە نووسراوانە یان ئەلیکترۆنییانەی کە بە شێوەی ئەلیکترۆنی هەڵگیراون، وێنەکێشان، نەخشە، وێنە، فیلم، مایکرۆفیلم، تۆماری دەنگی، شریتی ڤیدیۆیی، هێڵکاری، یان هەر داتایەک کە لەسەر ئامێرە تایبەتەکان بخوێنرێتەوە دەدۆزرێتەوە.......... .هتد.[1]

١ . سالم رضوان الموسوي،حق الحصول على المعلومة حق من حقوق الانسان، مقال منشور في مجلة ،الحوار المتمدن، العدد ٢٨٩٧في ٢٠١٠/١/٤

بە دڵنیاییەوە ئەم زانیاریانە بۆ زانایان، ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە مەدەنییە تایبەتمەندەکان گرنگ دەبن کە پێویستیان بە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری هەیە بۆ خوێندن و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و چاودێریکردن، بۆیە زانیاری فراوان بە شەفافیەتێکی بەرزەوە بۆ ئەو کەسانە دابین دەکرێت کە مافی زانینیان هەیە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەیان. ئەمەش پێویستی بە دامودەزگاکانی حکومەت هەیە، بۆ نموونە بەڵام سنووردار نییە بەمانەی خوارەوە:[٢]

1- بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ساڵانە، مانگانە، یان چارەکێک بۆ بەدواداچوون بۆ دۆخی دامەزراوەی دیاریکراو.

٢- زانیاری کارگێڕی سەبارەت بە میکانیزم و بڕیارەکانی کارکردنی ڕێکخراوەکە.

٣- چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان کە تاکەکان بتوانن فێری پرۆژەکان بن لە دامەزراوەی گشتیدا.

٤-چ زانیارییەک لەلایەن دامەزراوەی گشتیەوە دەهێڵرێتەوە.

## هەڵوێستی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ سەبارەت بە مافی وەرگرتنی زانیاری:

لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا بەڕوونی مافی وەرگرتنی زانیاریی تاکەکانی نەخستووەتەڕوو، بەڵام لە مادەی (٣٨) ی ئەو دەستوورەدا گەرەنتیکردنی ئازادی ڕادەربڕین لەلایەن هەموانەوە دیاریکراوە واتە ئازادی ڕۆژنامەگەری، ئازادی کۆبوونەوە، خۆپیشاندانی ئاشتیانە، چاپکردن، ڕیکلام، میدیا و بڵاوکردنەوە.

بێگومان تاکەکان سەبارەت بە هەریەکێک لە دامودەزگا و دەسەڵات و کارەکانی دەوڵەت بۆچوونێک پێکدەهێنن، کە ئەم بۆچوونە ئەرێنی بێت یان نەرێنی و دەربڕینی تەنیا لە ڕێگەی زانینی ڕاستەقینەی چالاکیی ئەو دەسەڵات و دامەزراوانە و ئایا دەگونجێت یان نا بۆ یاسا. دەستوور بە دانپێدانانی بە ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕین، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانی بە مافی تاکەکان داناوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کە تاک بۆچوونەکانی لەسەر بنیات بنێت و ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دەستووری عێراق، تەنانەت ئەگەر خاڵی بێت لە ئاماژەدان بە شتێکی ڕوون و ئاشکرا دانپێدانان بەم مافە.

بەڵام بە ڕوونی دیارینەکردنی ئەمە بەو مانایە نییە کە دانپێدانانی دەستووری بەم مافە نییە، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێت ئاماژە بە مافی ئازادی ڕادەربڕین بکات کە بەپێی بڕگەکانی مادەی (٣٨)ی دەستوور گەرەنتی کراوە، وەک چۆن زۆرێک لە زانایانی یاسایی بیر لە بەدەستهێنانی دەکەنەوە زانیاری بەشێکی دانەبڕاوە لە ئازادی ڕادەربڕین، هەڵگرتنی زانیاری قۆناغێکی سەرەتاییە بۆ بەکارهێنانی دەربڕینی بۆچوون، دوای ئەوە ڕاستییەکی دیاریکراو پەسەند دەکرێت و بڕیارێک یان ئاراستەیەک لەسەر بنەمای

٢. د. علي هادي عطية النظرية العامة في تفسير الدستور واتجاهات المحكمة الاتحادية العليا في تفسير الدستور العراقي، ط ٨، منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١١

خۆی دەگیرێتەبەر، لێرەوە مافی بەدەستهێنانی زانیاری بە شێوەیەکی دەستوور وەک... بنەمایەک بۆ ئازادی ڕادەربڕین، خاوەندارێتی زانیاری ئامرازێکی گرنگە کە تاک دەبێت خاوەنی بێت بۆ چاودێریکردن، هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە.

پێدانی ئەم مافە پلەی مافە دەستووریەکان بەو مانایەیە کە بەهرەمەندە لەو باڵادەستییەی کە تایبەتمەندی دەقەکانی دەستوورە بەسەر باقی دەقە یاساییە ئاساییەکان، لەگەڵ ئەو گەرەنتییەی کە ئەم ئیمتیازە هەڵیگرتووە، نوێنەرایەتی دەکرێت بە پاراستنی لە دەستدرێژی لەلایەن دەسەڵاتە گشتییەکانەوە، جا چ بە لادان یان ڤیتۆ، وەک چۆن مادەی (٤٦) م/دووەمی دەستوور قەدەغە دەکات کە جگە لەوەش.. بۆ ئەو وەستانە سەپێنراوە کە مادەی (دووەم/١٢٦)ی دەستوور سەپێنراوە، کە ڕێگری لە هەموارکردنەوەی بڕگەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادییەکان کردووە جگە لە دوای دوو خولی هەڵبژاردن پەسەند کرابوو و پەسەندکردنی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و پەسەندکردنی بە ڕیفراندۆمی جەماوەری. هەرچەندە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بەپێی دەربڕینی فیقهی (٣)[٣]، دەربڕین و دارشتنێکی دیاریکراوی بۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بە گشتی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی دانەناوە، چونکە نەدەکرا مانایەکی دیسپلینکراو بۆ وشەکانی دەقەکە لە چوارچێوەی دیاریکردنی بەهای یاسایی ئەم ڕێسایانەدا، کاتێک ڕێزی خۆی بۆ هەموو پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕاگەیاند).[٤]

پەیوەستبوونی عێراق بە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ساڵی (٢٠٠٤) بەپێی یاسای ژمارە (٣٥) ی ساڵی (٢٠٠٧) کە عێراق و دەوڵەتانی ڕێکخەری ڕێککەوتننامەکەی پابەند کرد بە گرتنەبەری "ڕێوشوێنی گونجاو، لە چوارچێوەی سنووری تواناکانیان و بەپێی بنەما سەرەکییەکانی یاسای ناوخۆیی خۆیان، بۆ هاندانی ئەو کەس و گروپانەی کە سەر بە کەرتی گشتی نین، وەک کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان." وە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییەکان، بۆ بەشداری چالاکانە لە ڕێگریکردن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، و زیرەکی و هۆشیاری خەڵک سەبارەت بە بوونی... گەندەڵی و هۆکارەکانی و کێشکردنی و ئەو مەترسییەی کە نوێنەرایەتی دەکات، پێویستە ئەم بەشدارییە بە ڕێوشوێنی وەک:

١) پێشخستنی شەفافیەت لە پرۆسەکانی بڕیاردان و هاندانی بەشداریکردنی خەڵک بۆیان.

٢)پێدانی زانیاری بەهەوڵاتیان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست

٣. د. محمد حافظ غانم، مبادىء القانون الدولي العام، ط ،٩ مطبعة نهضة مصر، القاهرة، ١٩٦٤

٤. وائل منذر البياتي، الرقابة على دستورية المعاهدات الدولية في العراق –دراسة مقارنة -، اطروحة دكتوراه، كلية الحقوق، جامعة النهرين، ٢٠١٦

٣) ئەنجامدانی چالاکی میدیایی کە بەشدارن لە لێخۆشنەبون ،ە گەندەڵی، هەروەها بەرنامەی هۆشیاری گشتی کە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکان بەشێک بن لەو هەڵمەتی هۆشیارییە.

٤) ڕێزگرتن و بەرەوپێشبردن و پاراستنی ئازادیی گەڕان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاریی تایبەت بە گەندەڵی، ئەم ئازادییە دەتوانێت هەندێک سنووردارکردنی هەبێت، بە مەرجێک ئەو سنووردارکردنانە سنووردار بێت بەو شتانەی کە لە یاسادا هاتووە و ئەوەی پێویستە بۆ ڕێزگرتن لەماف یان ناوبانگی کەسانی تر، یان بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی یان ئادابی عام یان پاراستنی تەندروستی خەڵک.

جگە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەڵک لەو دەزگا پەیوەندیدارانەی دژە گەندەڵی ئاگادار دەکرێنەوە کە لەم پەیماننامەیەدا ئاماژەیان پێکراوە، و کە بەپێی پێویست ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەو دەزگایانەیان بۆ دابین دەکرێت بۆهاوڵاتیان «بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بە بێناو ناونیشان، بۆ ڕێگەگرتن هەر ڕووداوێک کە ڕەنگە بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕووبدات.»[٥]

عێراق وا لێ دەکات پابەند بێت بە بڕگەکانی ئەم پەیماننامەیە و ئەوەی تێدایە لە پابەندکردنی دەسەڵاتداران بۆ ئاشکراکردنی زانیاری دەربارەی دەسەڵاتە گشتیەکان.

## مافی بەدەستهێنانی زانیاری لەهەرێمی کوردستان

لەدوای دروستبوونی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) ژمارەیەک یاسا دەرچوێنراون کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ماف و ئازادییەگشتییەکانی خەڵکەوە هەیە ، هەندێک لەو یاسایانە ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان بینوە لە ئاراستەکردنی گۆڕانکارییەکان لە هەرێمی کوردستان وەک یاسای (کاری ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥) ی ساڵی (٢٠٠٨) و یاسای کاری ڕێکخراوەکان ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١١) و یاسای خۆپیشاندان ژمارە( ١١ ) ی ساڵی ( ٢٠١٣) ، لەپاڵ ئەم یاسایانەدا کەدەتوانین بڵێین لەچاو یاسا کارپێکراوەکانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر بەیاساگەلێکی پێشکەوتوو دادەنرێن ، لە هەمانکاتدا یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری ژمارە ( ١١ ) ی سالی ( ٢٠١٣) یەکێکیترە لەدەستکەوتەکانیتری پەرلەمانی کوردستان لەخولەکانی پێشودا.

ئەو یاسایانەی هەرێمی کوردستان کە تێدا ئاماژە کراوە بۆ مافی بەدەستهێنانی زانیاری:

یەکەم: یاسای ژمارە(٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٤ ساڵی (١٩٩٨)ی سەندیکای ڕۆژنامەوانان

دووەم: یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان

٥ .مادەی (١٣) لە ڕێککەوتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ساڵی (٢٠٠٨) ا

سێیەم: یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان . عێراق

## سودەکانی بونی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان

بونی یاسای ئازادی دەستراگەیشتنی هاوڵاتیان بە زانیاری کۆمەڵێک سود و دەسکەوتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە گرنگترینیان بریتین لە:

١.بە پێی ئەو پرەنسیپەی کە «ماف» یەکەیەکی گشتگیرەو بەش بەش ناکرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین «مافی بەدەستهێنانی زانیاری جگە لەوەی بۆ خۆی مافێکە؛ لە هەمان کاتدا میکانیزمێکە بۆ دەسکەوتنی مافەکانی دیکە. ئەرکی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە مافی دەستراگەیشتن بە زانیارییەکان بە پێی برگەو مادەکانی ئەم یاسایە بۆ هاوڵاتیانی خۆی دەستەبەر بکات، ئەوە مافەش کاریگەری لە سەر ژیانیان دادەنێت، چونکە رێگەیان بۆ خۆش دەکات زانیاری بابەتیانەیان لە سەر هەموو مافەکانیان دیکەیان هەبێت.

٢.بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بە قەناعەت و لە رووی هۆشیارییەوە بەشداری پرۆسەی سیاسی وڵات بکەن، دەبێ خاوەنی زانیاری بن، هەر بۆیە دەبێ حکومەت ژینگەیەکی وا دروست بکات کە هاوڵاتیان ئاگاداری سیاسەت و کاروچالاکیەکانی ئەوان بن و سنوری ماف و بەرژەوەندیەکانی خۆیان بزانن. بۆیە بونی ئەم یاسایە دەبێتە هۆی فراوانبونی بەشداری هاوڵاتیان لە دروستکردنی بڕیار لە هەموو ئاستەکاندا.

٣.کاتێک هاوڵاتی ئاسایی لە هۆکارەکانی بڕیارەکانی حکومەت ئاگادار بێت و بزانێت ئەو بڕیارە لە بەرژەوەندی گشتیدایە، نەک کەس یان لایەنێکی دیاریکراو، بێگومان دەبێتە چاودێرێکی باش بەسەر کاروکردەوەی بەرپرسە هەڵبژێراوەکانی خۆیان، ئەمەش وادەکات مەترسیەکانی برەوێتەوە و متمانەی بە حکومەت زیاتر بێ. هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین لە کۆمەڵگا دیموکراتەکاندا بە هۆی مافی دەستکەوتنی زانیارییەوە ئاستی چاودێری هاوڵاتیان بەرزە، بە پێچەوانەی ئەوانیش لە کۆمەڵگا نادیموکراتەکاندا چاودێری هاوڵاتیان بەسەر ئەدائی حکومەتەوە هەر نییە، بۆیە دەسەڵات هەردەم جێگەی گومانی هاوڵاتیانە و کاربەدەستانیش متمانەیان لە دەستداوە.

٤.ئازادی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانی دەبێتە هۆی فراوان بونی شەفافیەت لە چالاکیە ئابوریی و سیاسیەکانی دەوڵەت، لە راستیدا «ئازادی زانیاری بەتەنها بۆ خەڵک گرنگ نییە، بەڵکو بۆ دەوڵەتیش گرنگ و حاشا هەڵنەگرە، دەوڵەتی گەندەڵ بۆ مانەوە پێوستی بە شاردنەوەیە، شاردنەوەش دەبێتە هۆی ناکارایی و سەرەرۆیی و بێ متمانەیی".

٥.هەروەها ئازادی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان دەبێتە هۆی «پتەوبونی ئازادی کاری رۆژنامەوانی و بەهێزبونی دەسەڵاتی چوارەم و زیاتر کردنی توانای گوشارەکانی و کارئاسانی دەکات بۆ رۆژنامەنوسان تاوەکو

راستیەکان دەرخەن،ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە لایەن حزبە سیاسیەکان و بەرپرسانی باڵا.

٦.دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پڕوپاگەندە و واتەوات، کە بەداخەوە ئەم دیاردەیە بوەتە مۆرانە و بەردەوم کار لە سەر بێ متمانەکردنی دامودەزگاکانی حکومەت دەکات لای خەڵک.

٧.هەڵەو هەموکورییەکان ئاشکرادەکات بەر لە روودانی دەگرێت و ورێگە بۆ رەخنەو دیبەیتی پۆزەتیف خۆش دەکات کارئاسانی بۆ لێپرسینەوە دەکات.[٦]

## ئاڵنگارییەکانی بەردەم مافی دەستکەوتنی زانیاری

یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە رۆژی ٢٠١٣/٦/٥ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و لە ٢٢ مادە پێکهاتووە کە جەخت لە پێدانی زانیاری دەکەنەوە لەلایەن دامەزراوە حکومیەکان بە کەس و دەزگاکان,بەڵام ناوەڕۆکی یاساکە تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە و جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە و یاساکانی پەیوەندیدار بە مافی دەستکەوتنی زانیاری و رۆژنامەوانی کە لەژمارەی پێشوودا ئاماژەمان پێدا رووبەرووی چەندین ئاڵنگاریی و بەربست دەبنەوە ، کە لێرەدا ئاماأە بە چەند خاڵێک دەکەین:

١- لەکاتی دەستگیرکردنی رۆژنامەوانانندا، پشت بە یاسای سزادانی عێراقی دەبەسترێت لەبری یاسای کاری رۆژنامەوانی و یاسای مافی بەدەست هێنانی زانیاری.

٢-یاساکە یاسایەکی باشە بەراورد بەو یاسایانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە، لە زۆربەیان باشترە و وەک دەقی یاسایی هیچ کێشەیەکمان لەگەڵیدا نییە. بەڵام کێشەی گەورە لە جێبەجێکردنی یاساکەدایە هەرچەندە لە هەندێک شوێن پەیرەو دەکرێت و هەندێک فەرمانگە بەشی تایبەتیان بەو یاسایە کردووەتەوە، بە نمونە دیوانی پارێزگای سلێمانی، ئەم یاسایە بۆ هەموو هاوڵاتیانە نەک بەتەنها میدیا

٣-یەکێکی تر لە کێشەکان ئەوەیە کە خەڵک هۆشیاری لەسەر ئەو یاسایە نییە و تائێسات نەتوانراوە هۆشیارییەکی گشتی سەبارەت بەم یاسایە دروستبکرێت.

٤-تائێستا دەستەی مافی مرۆڤ تا رێنماییەکانیان ئامادە نەکردووە بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە کە دەستەی مافی مرۆڤ و ئەنجومەنی وەزیرابن دەبێت رێنمایی تایبەت دەربچوێنن بۆ باشتر جێبەجێکردنی یاساکە

. ٥- لەدوای ئەم یاسایەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین فەرمانی دەرکردووە کە دژ بەم یاسایەن، بۆ نمونە فەرمانی دەرکردووە بە وەزارەتی دارایی کە کەس بۆی نییە لێدوان و زانیاری بدات، بۆ وەزارەتی

٦ . مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری، م.ی مەجید ساڵح عەزیز ، https://www.pfo-ku.org/بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٣/٣/٩

ناوخۆش بە هەمان شێوە , هەروەها دیارترین ڕێنمایی کە دژ و ناکۆکە بە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە ڕێنمایی ژمارە(١) ی ساڵی (٢٠٢٣) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری (تایبەت بە ڕێکخستنی فریکوێنسی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) کە تەواو ناکۆکە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەو یاسای ڕۆژنامەگەری.

٦. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی تا ئێستا هیچ گوشارێکیان نەکردووە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە کە وەک گروپی فشار و وەک لایەنێکی پەیوەندیدار بەم یاسایە دەبووکارو پرۆژەی جدیان لەسەر ئەم یاسایە بکردایە، هەروەها پەرلەمانیش لە ڕێگەی لیژنەکانیەوە هیچ لێپرسینەوەیەکی نەکردووە کە ئایا ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت یاخوس نا؟ وە لێپرسینەوە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتەکان بکات لە کاتی دەرکردنی ڕێنمایی کە پێچەوانەی ڕۆحی ئەم یاسایە بێت.

٧.تا ئێستا تێگەیشتنی کۆی دام و دەزگاکان لە هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویستی تێگەیشتن لەم یاسایە نین ، تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین ئاستی یاساکە بەرزترە لە ئاستی دامەزراوەکان و یاسایەکی پێشکەوتوە بەبەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە بەوهۆیەوە تائێستا دامەزراوەکان نەیانتوانیوە خۆیان بگونجێنن لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## کۆتایی

سەرچاوەی شەرعیەت لە دەستوورە هاوچەرخەکاندا گەلە، کە مافی ئەم گەلە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری بە هەر شێوەیەک بێت پشتڕاست دەکاتەوە و هەر بۆیە بەرژەوەندی گشتی بە خوێندنەوە و زانینی ئەو بەڵگەنامە و زانیاریانە بەدەست دێت کە تایبەتن بەو دامەزراوانەی کە وڵات بەڕیوەدەبەن ، مافی بەدەستهێنانی زانیاری یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بزانین چۆن فەزای گفتوگۆکردن لەسەر ئەم سیاسەتانە، سیاسەتی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کارەکانیان و پلانەکانیان دابڕێژن کە یارمەتیدەرن بۆ ڕاستکردنەوەی ئامانج یان ستراتیژییە کاتیەکان ، بە مەرجێک کە جێگەی سەرنجی خەڵک بن، ئەمەش واتە پێویستی بەشداری خەڵک - لە دانپێدانان و دەربڕینی بۆچوون - پەسەندکردن یان ڕاستکردنەوە - هەروەها ڕاگرتنی زانیاری لەگەڵ بیرۆکەی نهێنی و شاردنەوە و لێکۆڵینەوە لە زانیارییەکان ناتەبایە.

بۆیە تاووتوێی ئەم مافەمان کرد لەڕووی بوونی لە دەستوور و یاساکاندا و چۆن ئەو یاسایانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و لە دەقەکانی خۆیاندا ڕێکخستوویانە، ئەمەش ئەگەری چاودێری خەڵک بەسەر دام ودەزگاکانەوە بەرزتر دەکاتەوە ، کە هاوڵاتیان دڵنیادەکاتەوە کە کۆی دامەزراوەکان ڕەچاوی یاساکان دەکەن و لێیان لا نادەن یان تەنانەت خراپ بەکارهێنانی مافەکەیان کە بەپێی دەقێکی یاسایی تایبەت پێی دراوە چونکە هەموو کارەکانی دەتوانێت لە ژێر چاوی تاکەکاندا بێت، و هەربۆیە بەرپرسیار دەبێت لێی و بەرگەی دەرئەنجامەکانی هەموو کردارەکانی دەگرێت.

## سەرچاوەکان:

1.سالم رضوان الموسوي،حق الحصول على المعلومة حق من حقوق الانسان، مقال منشور في مجلة ،الحوار المتمدن، العدد ٢٨٩٧في ٢٠١٠/١/٤.

٢. د. علي هادي عطية النظرية العامة في تفسير الدستور واتجاهات المحكمة الاتحادية العليا في تفسير الدستور العراقي، ط ،٨ منشورات زين الحقوقية، بيروت، ٢٠١١.

.3 د. محمد حافظ غانم، مبادىء القانون الدولي العام، ط ،٩ مطبعة نهضة مصر، القاهرة، ١٩٦٤.

.4 وائل منذر البياتي، الرقابة على دستورية المعاهدات الدولية في العراق –دراسة مقارنة ،- اطروحة دكتوراه، كلية الحقوق، جامعة النهرين، ٢٠١٦.

.5 ڕێککەوتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ساڵی (٢٠٠٨) .

. 6مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری، م.ی مەجید ساڵح عەزیز، .ku-pfo.www//:https org/بەرواری سەردانیکردن ٢٠٢٣/٣/٩.

٧.یاسای دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١) ی ساڵی (٢٠١٣).

٨.یاسای کاری ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥) ی ساڵی (٢٠٠٨) .

# خوێندنەوەیەک بۆ یاسای ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان

پارێزەر: سەرخێڵ کامەران محمد

ڕۆژنامەگەری یان ڕۆژنامەوانی بریتیە لە کۆکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری، بەڵگە، دەنگوباس و وێنە و بڵاوکردنەوەی بەپێی ئەخلاق و یاسای ڕۆژنامەوانی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی گشتیدا، سەرەکیترین ئەرکی ڕۆژنامەوانی بریتیە لە گواستنەوەی زانیاریی و چاودێریکردنی کارو کردەوەی دەسەڵات و بەرپرسانی حکومی، بۆ ئەوەی بەرامبەر هاوڵاتیان وەڵامدەرەوە بن و بەرامبەر کارەکانیشیان بەرپرسیار بن.
ئازادی ڕۆژنامەوانی بنچینەی پەیوەندیکردن و ڕادەربڕینە بە شێوازی گەیاندنی جۆراوجۆر، دەبێت مامەڵەی ئازاد وەک ماف تەماشا بکرێت و ماف بدرێت بە ڕۆژنامەنووسان ئازادانە کاری خۆیان بکەن، جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاماژەی بەوەکردووە هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافە بریتییە لە مافی هەبوونی بیروڕا بەبێ دەستوەردان، هەروەها مافی بەدواداچوون، وەرگرتن و گەیاندنی زانیاری و بۆچوون لە ڕێی هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە بە بێ بوونی بەربەست.

### ڕۆژنامەگەری وەک ماف و ئازادی

ئازادی ڕۆژنامەگەری لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا دەکەوێتە بازنەی ئازادی ڕادەربڕینەوە کە یەکێکە لە مافە بنچینەیەکانی مرۆڤ، بە جۆرێک کە هەموو کەسێک شایستەیە پێی، ئازادی ڕادەربڕین لەناو گروپی مافە مەدەنی و سیاسییەکان پۆلێن دەکرێت، مافە مەدەنی و سیاسیەکان لە بنەڕەتدا دانراون بۆ پارێزگاری تاک لە چەوساندنەوە و سەرکوتکردنی دەوڵەت، ماددەی ١٩ لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ناوەڕۆکی ماددەی ١٩ی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دووبارە

دەکاتـەوە و دڵـنـیـایی دەدات کـە هـەمـوو کەسێک مافی ئـازادی ڕادەربڕینی هەیە و ئەو مـافـەش گـەڕان و بـەدەسـتـهێـنـان و پێدانی زانیاری لەخۆدەگرێت بەشێوەی زارەکی یان نووسین، ئەوەی جیگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئـازادی ڕادەربـڕیـن لـە چەندین بەڵگەنامەی تـری نێودەوڵەتی و هەرێمیدا، وەک مافێکی بنچینەیی دڵنیایی لەسەر دراوە و دەوڵەتان بەرپرسیاریەتیان لەسەرشانە، تەنیا لەو بارودۆخانە نەبێت، کە یاسای نێودەوڵەتی دیاری کردووە و دەتوانن بە مەرجی یاسایی بوون و پێویستی بوون و گونجاو بوون و کاتی بوون، سنورداری بکەن بۆ پاراستنی ناوبانگی خەڵک لە ڕووشـان، بـۆ پاراسـتنی ئاسـایشی نەتەوەیی، سیستمی گشتی، یان پاراستنی تەندروستی و ڕەوشتی گشتی.

## یـاسـای کـاری ڕۆژنـامـەگـەری لـەهـەرێمی کوردستان

بەرلـە ڕاپەرینی ئـازاری ١٩٩١ ی کۆمەڵانی خەڵک لەباشوری کوردستان ، لەسەردەمی کۆماری عێراقدا ، بۆدەرچوونی هەر ڕۆژنامە و گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆنێک بەگوێرەی یاسای چاپەمەنی عێراق ژمارە ٢٠٦ ساڵی ١٩٦٨ ڕێگەی پێدەدرا و لەدوای ڕاپەڕین و دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە ٢٥-٤-١٩٩٣ ئەنجومەنی نیشتمانی کـوردسـتـان یـاسـای ژمـارە ١٠ چـاپـەمـەنی هەرێمی کوردستانی لەسەرپێشنیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری دەرکرد .ئەم یاسایە لە نۆزدە مادە پێک هاتبوو ئەم یاسایە ، جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ یاسایی ژمارە ٢٠٦ چاپەمەنی عێراق و لەهەندێک مـادەش وەکـو یاسا عێراقیەکە بوو، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق ئەگەرچی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق، هاوشێوەی ناوچەکانیتری عێراق دەبێت پابەند بێت بە دەستوری عێراقەوە، ئازادی ڕادەربڕینیش مافێکە بۆ هەر هاوڵاتییەکی عێراقی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق دەستەبەرکراوە ، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش دوای نزیکەی ١٤ ساڵ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لـەسـەرداوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان یاسایی ژمارە ٣٥ یاسای ڕۆژنامەگەری لەساڵی ٢٠٠٧ دەرچوواند، کەتائیستاش یاساکە بەرکارە و لەدادگاکان کاری پێ دەکرێت.وە لە دانیشتنی ژمارە ٢٨ی ٢٠١٣ ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای ژمارەیەك پەرلەمانتاری کوردستان بە حوکمی برگەی ١ لە ماددەی ٥٦ی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکرا وهەروەها پەرلەمانی کوردستان "یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان- عێراق" دەرچوواند، یاساکە پێکهاتووە لە ٢٢ ماددە لە پێنج بەشدا دابەشکراوە، پێش یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان بۆ دەستهێنانی زانیاری، پشت دەبەستترا بە یاسای ژمارە ٤٠ی ساڵی ٢٠٠٤ ساڵی١٩٩٨ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان.

یاسای ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ رۆژنامەگەری کوردستان لەچواردە مادە پێک هاتوە و لەهۆکاری دەرچواندنی یاساکە هاتوە ، ئەمرۆ رۆژنامەگەری لەکۆمەڵگای کوردستانی و نێودەوڵەتیدا گرنگی زۆری هەیە و ئاسۆیەکی فراوانی لەئازادی لەبەردەمدایە ، ئەمەش وای خواستوە یاسایەکی تایبەتی بۆ دەربچێت تاکو کاری رۆژنامەگەری بەجۆرێکی وا رێک بخات کەلەگەڵ گیانی سەردەم و گەشەسەندنەکانیدا بگونجێ و وابکات هاولاتی ئاگاداری راستی روداوەکان بێت و لەپێناو دابینکردنی پێداویستیەکانی ئازادیی رۆژنامەگەری بەرونی و پیشەیی و دەربرینی بیرو بۆچونەکان بۆ بەشداریکردنی کاریگەر لەدامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی و رەخساندنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ئەم یاسایە دانرا.

### بەگوێرەی مادەی دووی یاسای ٣٥ ساڵی ٢٠٠٧ یاسای کاری رۆژنامەنوسی

**یەکەم:** رۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆرێکی لەسەرنیە و ئازادیی دەربرین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاولاتیان دەستەبەرە.

**دووەم :** رۆژنامەنوس بۆی هەیە لەسەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیاریەک کەبایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندی بەبەرژەوەندی گشتیەوە بێ بەدەست بێنێ بەپێی یاسا.

**سێ هەم :** سەبارەت بەو داواکاریانەی دەخرێتە بەردەم دادگا رۆژنامەنوس بۆی هەیە ، سەرچاوەی ئەو زانیاری ، یان ئەو هەواڵانەی کەبەدەستیان دێنێ نهێنیان بپارێزێ مەگەر دادگای تایبەتمەند ، بەپێچەوانەوە بریار بدا.

**چوارەم :** هەرکەسێکی سروشتی یان مەعنەوی مافی خاوەندارێتی رۆژنامەی هەیە ، دەتوانێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسا دەری بکات.

**پێنجەم :** رۆژنامە قەدەغە ناکرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ

مادەی سێهەمی ئەم یاسایە خاڵی جەوهەری گرنگ و وەرچەرخانی گرنگ بوو کار ئاسانی بۆ دەرکردنی رۆژنامە و بلاوکراوەکان کرد، بەگوێرەی ئەم مادەیە دەرکردنی رۆژنامە پێویستی بەوەیە ،خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەری راگەیاندنێک لەدوو رۆژنامەی رۆژانەی هەرێم بڵاو بکاتەوە ، کەناو نازناوو رەگەزنامە وشوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز یاخود ، دامەزرێنەر و ناوی رۆژنامەکەو ئەو زمانەی کەپێی بڵاو دەکرێتەوە ، لەگەڵ ناوی سەرنوسەر و ماوەی دەرچونی تێدا بنوسرێ ، راگەیاندنەکەش بەبەیانی دەرکردنی رۆژنامە دادەنرێت.

خاڵێکی تری گرنگی یاسای رۆژنامەنوسی مادەی شەشەمە کە ئەگەر رۆژنامە زانیاری نادروستی بڵاوکردەوە ، ئەوا ئەو کەسەی کەبابەتە بڵاوکراوەکەی پێ پەیوەستە ، یاخود یەکێک لەمیراتگرانی ، یان ئەوەی لەرووی یاساییەوە جێگریەتی بۆی هەیە داوای راستکردنەوەی بکا و وەڵامی هەوال ، یان وتارەکەبداتەوە، پێویستە

سەرنوسەریش راستکردنەوە ، یاخود وەڵامدانەوەکە لەیەکێک لەدوو ژمارەی دوای مێژووی گەیشتنی وەلامەکە لەهەمان جێ و بەهەمان پیت و هەمان ئەو قەبارەیەی کەپێ بلاوکراوەتەوە بڵاو بکاتەوە. ئەگەر رۆژنامە وەلامدانەوە یان راستکردنەوەی بڵاونەکردەوە بەبڕێک پارە کە لەیەک ملیۆن دینار کەمتر و لەدووملیۆن دینار زیاتر نەبێت غەرامە دەکرێت،بەپێچەوانە سەرنووسەر مافی بلانەکردنەوەی وەلامدانەوەکەی هەیە.

١- ئەگەر رۆژنامەکە بەر لەگەیشتنی وەلام یان راستکردنەوەکە ،بابەتە بڵاوکراوەکەی بەشێوەیەکی وردتر و تەواو راستکردبووە ،

٢-ئەگەر وەڵامدانەوە ، یان راستکردنەوەکە بەناوێکی خوازراوە بوو

٣-ئەگەر وەڵامدانەوە و راستکردنەوەکە پێچەوانەی یاسا بێت

٤-ئەگەر وەڵامدانەو و راستکردنەوە دوای ٩٠رۆژ لەبڵاوکردنەوەی هەواڵ یان وتارە وەڵامدراوەکە گەیشت.

لەمادەی حەوتەمی یاساکە ، باس لەماف و ئیمتیازەکانی رۆژنامەنوسان دەکات ، هاتوە تێیدا، رۆژنامەنوس سەربەخۆیە لەکاتی ئەنجامدانی پیشەکەی و هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نیە ، جگە لەدەسەڵاتی یاسا . نابێ راو بۆچون و ئەو زانیاریانەی کەبڵاویان دەکاتەوا و ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی ، یان زیان بەخۆی و مافەکانی بگەیەنێت و رۆژنامەنوس مافی ئەوەی هەیە سەرچاوەی زانیاری ئاشکرا نەکات و مافی بەشداری لەکۆنگرەو چالاکییە گشتیەکاندا هەیە و سوکایەتیکردن یان دەستدرێژیکردنە سەر رۆژنامەنوس ، وەکو سوکایەتیکردنە بەفەرمانبەرێک دەوڵەت.

مادەی نۆیەمی یاساکەش ئەو سزایانە دەگریتەوە کەرۆژنامەنوس و سەرنوسەری پێ غرامە دەکرێت کە لەیەک ملیۆن دینار کەمتر و لەو پێنج ملیۆن دینار پتر نەبێت لەکاتێکدا یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوەی بڵاوکردەوە:

١- چاندنی تۆی رق و کینە و لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ.

٢- سوکایەتیکردن بەبیروباوەڕ و رێورەسمە ئاینیەکان.

٣-سوکایەتیکردن بەسیمبوڵ و پیرۆزیەکانی هەر ئاین و ئاینزایەک و لەکەدارکردنیان.

٤-هەر بابەتێک پەیوەندیی بەنهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ ، هەر چەندە راستیش بێت ، بەلام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەدار بوونی .

٥- جنێودان و توانجی نارەواو ناوزڕاندن.

٦- هەربابەتێک زیان بەرێکاری لێکۆڵینەوە و دادوەری بگەیەنێت تەنیا مەگەر دادگا رێگای بەبڵاوکردنەوەی دابێت.

٧- پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی بەڵێنامەی (میساق شەرەف) فیدراسیۆنی نیودەوڵەتی ساڵی ١٩٥٤ی هەموارکراو.

مادەی یازدەهەمی یاساکەش دەڵێت ،هەربابەتێک لەسەرچاوەکانی دەرەوەی هرێم وەرگیرابێت ،یاخود وەرگێڕدرابێت،

لەبەرپرسیاریتی تاوانەکانی بڵاوکردنەوە نابوردرێت.

### کەموکورتییەکانی یاساکە

لە ماددەی یەک، پێناسەی دەستەواژەکان لاواز و لاستیکییە. لە خاڵەکانی چوار و پێنج و شەش، بە زەقی دیارە و لێرە و لەخوارەوە نموونەکان وەکخۆی تایپ دەکەمەوە: (ڕۆژنامەگەری: پیشەی ڕۆژنامەگەرییە لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا). (ڕۆژنامەنووس: هەر کەسێک کە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کار دەکا). (ڕۆژنامە: هەر چاپکراوێک کە بە شێوەیەکی خولی و بە ناوێکی دیاریکراو و بە ژمارەی ڕیز بەندو بەڕێکوپێکی دەربچێ و دابەش بکرێ). ئەگەر بە وردی ئەو سێ خاڵەی سەرەوە بخوێنینەوە دەبینین، پێناسەکان هەڵە و خراپن، دیارە کەسانێک کاریان لەسەر نووسین و داڕشتنی ئەم یاسایە کردییە، لە زمان و یاسا و خاڵبەندی و ڕاگەیاندن پسپۆڕنین.

لە ماددەی دوو، باس لە ئازادی ڕۆژنامەگەری دەکا، وەک لە خاڵی یەکەم نووسرایە: (ڕۆژنامەگەری ئازادەو هیچ سانسۆڕێکی لەسەرنییە و ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاوڵاتیان دەستە بەرە، لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتیەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیی ژیانیان بەپێ ی یاسا و پابەند بوون بە ئێتیکی ڕۆژنامەگەری بەپێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان (ساڵی ١٩٥٤ هەموارکراو).). ئەم ماددەیەش هیچ ڕوون نییە، لەلایەک دەڵێ ڕۆژنامەنووس ئازادە، لەلایەکی دیکە دەنووسێ بەپێی یاسا و پابەندبوون بە ئێتیکی ڕۆژنامەگەری... نووسەرانی ئەم یاسایە نازانن، یاسا و ئێتیک زۆر لەیەک دوورن، هەرچەندە هەردووکیان بۆ جوانکردنی ڕاگەیاندن پێویستن. یاسا دەبێ وەکخۆی جێبەجێ بکرێ، بەڵام ڕۆژنامەنووس هیچ لەسەری پێویست نییە، پەیڕەوی ئێتیکی ڕاگەیاندن بکا. لە خاڵی سێیەمی هەمان ماددەی دوو نووسرایە: (سەبارەت بەو داواکاریانەی دەخرێنە بەردەم دادگا ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە سەرچاوەی زانیاری، یان ئەو هەواڵانەی کە بەدەستیان دێنێ نهێنیان بپارێزێ، مەگەر دادگای تایبەتمەند بە پێچەوانە بڕیار بدا.). لێرەش ڕۆژنامەنووس فێڵی لێدەکرێ، لەلایەک دەنووسن ئازادە، لە لایەکی دیکە، بەگوێرەی بڕیاری دادگای تایبەت، واجبە لەسەری سەرچاوەی هەواڵ ئاشکرا بکا.

بەگوێرەی ماددەی دوو لە یاسای ژمارە ٣٥ و بەگوێرەی ئەو بڕگانەی ئێمە لەم نووسینە باسمان کرد، ڕۆژنامەنووس، لەلایەک ئازادە، لە هەمان خاڵ و بەشی دووەمی، ئەوجارە ئازادنییە، نووسینەکان ڕووننین، ئەوەش گەورەترین مەترسییە لەسەر ڕۆژنامەنووس، چونکە حاکم چۆن بخوازی، بەوجۆر دەتوانی حوکمی ڕۆژنامەنووس بدا.

لە هەموو ماددەکان، سەندیکا بۆتە

مەرجەعێکی گەورە. لە ماددەی سێ و خاڵی سێ هاتییە: (پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش و لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان تۆماری بکا.). هەروەها لە ماددەی حەوت و لە خاڵی حەوت هاتییە: (پێویستە دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەکان پابەندی هەموو ئەومافانە بن کە لە یاسا بەرکارەکان و گرێبەستی پەسندکراو لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕۆژنامەنووسان دیاریکراون.). ڕۆژنامە بەڕێوەبەرایەتی نییە، بەڵکو سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی هەیە.

لە ماددەی هەشت و خاڵی یەکەم هاتییە: (لەکاتی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووس کە بەکارێک تۆمەتبار دەکرێ پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگادار دەکرێتەوە.).

لە ماددەی سێ لە خاڵی یەکەم نووسرایە: (خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی ڕاگەیاندنێک لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتە...). لە زمانی کوردی لەجیاتی وشەی (ڕاگەیاندنێک) زیاتر (ئاگاداری) دەنووسرێ. لەخاڵی دووەمی هەمان ماددە هاتییە: (دەشێ خاوەن هەر بەرژەوەندییەک لە دەرکردنی ڕۆژنامەکە نارازی بێ و بۆی هەیە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنەکەوە لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەکە...). لێرە و لە تەواوی ئەم یاسایە، بە جوانی دیارە، بە عەرەبی بیرکرایەتەوە و بە کوردی نووسرایە.

لە ماددەی چوارەم لە خاڵی دووەم هاتییە: (سەرنووسەرو نووسەر بەرپرسیارێتیی مەدەنی و سزایی ئەو بابەتانەیان لە ئەستۆدایە کە بڵاو دەکرێنەوە، هەرچی خاوەن ئیمتیازە بەرپرسیارێتیی مەدەنی دەکەوێتە ئەستۆ...). خاڵێکی زۆر لاوازە، ڕاستەوخۆ دژ بە ڕۆژنامەنووسە. لێرە دەبێ وەک لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی جیهان، خاوەن ئیمتیاز و سەنووسەر لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامە بەرپرسبن نەک ڕۆژنامەنووس! ئەم برگەیە بە ئەنقەست نووسرایە، چونکە باش دەزانن، خاوەن ئیمتیاز لە زۆربەی کات، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حزبە، بەو یاسایە لە لێپێچینەوە بەدووری دەگرن.

لە ماددەی حەوتەم و خاڵی یەک هاتییە: (ڕۆژنامەنووس سەربەخۆیە و لە بەجێهێنانی ئەرکە پیشەیەکەی هیچ دەستەڵاتێکی بەسەرەوە نییە جگە لە دەستەڵاتی یاسا). لەو ماددەیەش، لەلایەک ڕۆژنامەنووس ئازاد دەکا، لەلایەکی دیکە بەگوێرەی یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ، نەشنووسرایە، بە کامە یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ.

هەر لە ماددەی حەوت و خاڵی دوو نووسرایە: (ئەو ڕاو بۆچوونەی کە لە لای ڕۆژنامەنووس دەردەچێ، یان ئەو زانیارییانەی کە بڵاویان دەکاتەوە، بینە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بەخۆی و مافەکانی بگەیێنی). ڕاووبۆچوون لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامە دەرناچی، بەڵکو دەنووسرێ... لەهەمان ماددە و برگەی خاڵی هەشت هاتییە: (لە بارێکدا ئەگەر

ڕۆژنامەنووس هەموو مۆڵەتە ئاساییەکانی، یان هەندێکیانی دوای کۆتایی ساڵی دارایی وەرنەگرتبوو، ئەوا ئەو پارەیەی پێدەدرێ کە دەیکەوێ بە مەرجێک لە مووچەی مانگێکی پتر نەبێ.). ئەو بڕگەیەش دژ بە ڕۆژنامەنووسە، چونکە رووەدا، پشووی کەڵەکەکراو لە مانگێک زیاترە... هەرچەندە ئەوە نابێ بە یاسا چارەسەر بکرێ، بەڵکو بە پێکهاتن لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەندیکاری ڕۆژنامەنووسان دەکرێ.

لە ماددەی نۆیەم و پێنج خاڵی پێش نووسرایە: (چاندنی تۆی ڕق و کینە و لێکترازاندنی پێکهاتەکانی کۆمەڵ، سوکایەتیکردن بە بیرو باوەڕو رێ و ڕەسمە ئاینیەکان، سوکایەتیکردن بە سیمبۆل و پیرۆزییەکانی هار ئایین و ئایینزایەک و لەکەدارکردنیان، هەربابەتێک پەیوەندی بە نهێنیەکانی ژیانی تایبەتی تاکەوە هەبێ...، جنێودان وتوانجی نارەواو ناوزڕاندن، ...هتد.) لەم ماددەیە حەوت خاڵ هەیە، کە من پێنجم لەسەرەوە نووسی، هەر هەموویان پەیوەندییان بە لایەنی ئەخلاقییەوە هەیە و پێویست ناکا لەناو یاسا هەبن.

## ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی یاساکە

ئاستەنگی گەورەی بەردەم جێبەجێ کردنی یاساکە ئەو کەموکورتییانەیە کە لەخودی یاساکەدا بوونی هەیە و ئەمەش دەبیتە هۆی ئەوەی کە زۆرجار لەلایەن دادگاکانی لیکۆڵینەوە و کەتنەوە پەنابریتە بەر یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی ژمارە(٦) ی ساڵی (٢٠٠٨) و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرژمارە(١) ی ساڵی (٢٠٠٦) کە ئەمەش زۆرجار نیگەرانی ڕۆژنامەنووسانی لێدەکەوێتەوە بەهۆی ئەوەی لە یاسای ڕۆژنامەگەری ژەمارە (٣٥) ی ساڵی (٢٠٠٨) هیچ دەقێک نییە باس لە ڕاگرتن یان بەندکردنی ڕۆژنامەنووس بکات بەڵام بەهۆی ئەوکەلێنانەی لەناویاساکەدا هەن زۆرجار دادوەرپەنادەباتە بەر یاساکانیتر بۆمامەلە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان ، هەروەها ئاستەنگێکیتری بەردەم جێبەجێ نەکردنی یاساکە بریتییە لەو پێشێلکارییانەی کەبەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدەدرێت، بەپێی ئەو ئامارانەی سەنتەری میترۆ کۆیکردۆتەوە لە ساڵی ٢٠٢٢دا ، ٤٣١ پێشێلکاری بەرامبەر بە ٣٠١ ڕۆژنامەنووس و دامەزراوەی میدیایی تۆمار کراون، بەجۆرێک، ڕێگریکردن ١٩٥ حاڵەت بووە، زەوتکردن و شکاندنی کەلوپەلی ڕۆژنامەوانی ٦٨ حاڵەت بووە، ، هەڕەشە و سووکایەتی ٤٦ حاڵەت، دەستبەسەرکردن بەبێ بڕیاری دادگا ٦٤ حاڵەت، دەستگیرکردن بەبڕیاری دادگا ٤ حاڵەت، لێدان و بریندااربوون ٢٦ حاڵەت، داخستنی نووسینگەی کەناڵ ١ حاڵەت، هێرشی مووشەکی ٢ حاڵەت، هەڵکوتانە سەرماڵی ڕۆژنامەنووس ٣ حاڵەت، هێرشی ئەلیکترۆنی ٦ حاڵەت و پرکردنەوەی بەڵێننامە ١٦ حاڵەت.

هەواڵنامەی کتێب

# المواضيع العربية

# عقود الزواج خارج المحاكم الشرعية - الأسباب والمآلات والحلول

د. نوري حمه سعيد حيدر | الأستاذ المساعد بجامعة جيهان السليمانية- قسم القانون

**مقدمة:**

من المعلوم أن الزواج ينعقد بمجرد توافر الأركان والشروط المطلوبة، وانتفاء الموانع الشرعية، ويترتب عليه الآثار المعروفة من نفقة ومهر وعدَّة وتوارث، وغيرها. فمتى ما تطابق القبول مع الإيجاب انعقد الزواج، وإن كان خارج المحاكم المختصة، ولا يبقى على العاقدين سوى تسجيله أمام القاضي، وهذا التسجيل يعد من الشروط الشكلية في عقد الزواج.

صحيح وموافق للقانون للاسباب المعتمدة لذا تقرر تصديق قراري التجريم والعقوبة وسائر القرارات الفرعية الأخرى الصادرة في الدعوى لموافقتها للقانون باستثناء الفقرة (٤) من قرار العقوبة والذي يخص الدعوى المدنية غير صحيح ومخالف للقانون ذلك أن تنازل الممثل القانوني للمديرية العامة لشؤون الالغام / السليمانية جاء مطلقاً ولم يبين للمحكمة تنازله عن الشكوى الجزائية والتعويض أي عن الحقين الجزائي والمدني بشكل واضح علما أنه لا يجوز للمثل القانوني لاي جهة حكومية التنازل عن الشكوى الجزائية والمدنية لكونه لا يملك هذا الحق لان الضرر يلحق بالحق العام ولا يلحق به شخصياً لكي يتنازل عنه لذا تقرر نقضه ولما كان الموضوع صالحاً للفصل فيه واستناداً لاحكام المادة ٢٠ من قانون الاصول الجزائية . تقرر اعطاء حق الاحتفاظ للمديرية العامة لشؤون الالغام السليمانية بمراجعة المحاكم المدنية للمطالبة بالتعويض ضد المتهم ان شاء ذلك مع تنويه المحكمة عند ذكر اسباب تخفيف العقوبة يجب ذكر المادة القانونية التي بنيت ذلك استناداً الى احكام المادتين ١٣٤ / عقوبات و ٢٢٤/١ الاصولية وصدر القرار بالاتفاق في ٢٧/١/٢٠٢٢ .

## (٢)

**رقم القرار: ٩٣ / ده سته ی سزایی / نه وجه وانان / ٢٠٢٢**

**جهة الاصدار: دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كودستان**

**التاريخ: ٢٥ / ٤ / ٢٠٢٢**

**مبدأ الحكم:**
بۆ دیاریكردنی ماددەی یاسایی گونجاو كە لەسەر واقعەكە بچەسپێ دەبێت ڕێژەی پەككەوتەیی دیاری بكرێت و جێگیربكرێت كەئایا پەككەوتەییەكە هەمیشەییە یان نا.

**نص الحكم:**
دادگای نەوجەوانانی دهۆك لە ١٥/٢/٢٠٢٢ لە داوای سزایی ژمارە ٢١ / ج / ٢٠٢٢ بڕیاریدا بەئیدانەكردنی تۆمەتبار (ج/ر / (ج) بەپێی ماددەی ٤١٢/٢ لە یاسای سزاكان و بەڕێنوێنی ماددەكانی ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ لە هەمان یاسا بەڕێنوێنی ماددەی (٧٧ یە كەم) لەیاسای چاودێری نەوجەوانان دانانی تۆمەتباری ناوبراو لەژێر چاودێری ڕەوشت بۆ ماوەی دوو ساڵ وە هەژمار كردنی ماوەی ڕاگرتنی لە ١٧/١١/٢٠٢١ تا ١٧/٢/٢٠٢٢ سەرۆكایەتی داواكاری گشتی پاش ڕادەربڕینیان بە ژمارە ٢١٧ لە ٣١/٣/٢٠٢٢ داوای هەڵوەشانە وەی بڕیارەكان دەكات، دۆسییەكە یان نارد بۆ ئەم دادگایە وە تۆماركرا و خرایە ژێر وردبینی و تاوتوێكردن.

**بڕیار:**
دوای وردبینی و تاوتوێ دەركەوت كە بڕیاری دادگای نەوجەوانانی دهۆكی ئاماژە بۆ كراوی سەرەوە بەئیدانەكردنی تۆمەتبار (ج) ر ج) بەپێی ماددەی ٤١٢/٢ لە یاسای سزادانی عێراقی و بەدەلالەتی ماددەكانی هاوبەش ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ لە هەمان یاسا و تەدبری سەپێنراو و دانانی لەژێر چاودێری ڕەوشت بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕاست نییە و پێش وەختە (سابق لاداٰنهما) چونكە بە پێی ڕەوتی ڕووداوەكە و ووتەی لایەنەكان دەردەكەوی كە سكاڵاكار (ح/ را ١) تووشی پلەی پەك كەوتەیی بووە بەڕێژە ی ٢٠ بەبێ ئەوەی دیاریكرابێت كەئایا پەككە و تەبیە كەهەمیشەییە یان نا بۆ دیاری كردنی ماددەی یاسایی گونجاو كە لەسەر واقعەكە بچەسپی چونكە ئەگەر پەككەوتەییە كەهەمیشەیی نەبێ دەق و تكییف (قانوونی) دەگۆڕێ و نەكرێ دەقی ماددەی (٢٣٠) لە هەمان یاسای لەسەر بچەسپی بۆیە بڕیاردرا بە هەڵوەشانەوەی تەواوی بڕگەكانی بڕیارەكە و ناردنەوەی داواكە بۆ دادگاكەی بەمەبەستی دووبارە دادگاییكردنەوە و وەرگرتنی ڕای لیژنەی پزیشكی لەوبارەیەوە و ئایا ئەو كەمئەندامییە هەمیشەییە یان نا؟ و دەركردنی بڕیاری گونجاو لەبەر ڕۆشنایی ووڵامی فەرمی لیژنەكە وە بڕیارە كەش بەكۆی دەنگ پاڵپشت بەدەقی ماددەی ٢٥٩/١/٧ لەیاسای بنەماكانی دادبینی سزایی لە ڕۆژی ٨/٥/٢٠٢٢ دەرچوو.

## (٣)

### رقم القرار: ١٠/ الهيئة الكمركية / ٢٠٢٢

### جهة الاصدار: محكمة التمييز اقليم كوردستان

### التاريخ: / ٢٢/٥/٢٠٢٢

**مبدأ الحكم:**
ان ادخال السيارة الى اقليم كوردستان باعتبارها موديل ٢٠١٨ في حين انها موديل ٢٠١٧ والتلاعب برقم الشاصي، يعد خرقاً لأحكام المادة ( ١٩٤ / اولاً أ و ب - ٣) من قانون الكمارك .

**نص الحكم:**
أحالت محكمة تحقيق السليمانية ٧ بموجب قرار الاحالة المرقمة ٩٩/١حالة / ٢٠٢١ في ٦/٤/٢٠٢١ المتهمين (ع) م و م ق ح و دعم ) مكفلين على محكمة كمرك سليمانية الاجراء محاكمتهم بموجب احكام المادة (٢٠٢) من قانون الكمارك رقم (٢٣) لسنة( ١٩٨٤) المعدل فأصدرت المحكمة كمرك السليمانية بتاريخ ٣٠/٣/٢٠٢٢ وبعدد ١٥ / ك. ج/٢٠٢١ حكماً حضورياً قابلة للتمييز بحق المتهمين الحاضرين وقابلاً للاعتراض والتمييز بحق المتهمين الغابين يقضي بـ( ١- لعدم وجود الادلة التامة المقنعة ضد المتهمان (ع) م و م ق ح ) للتهمة الموجه اليهما بموجب المادة (١٩٤ / اولاً ١ - ب -٣) من قانون الكمارك المرقم (٢٣) لسنة (١٩٨٤) وبابطال التهمة المسندة اليهما والافراج والغاء الكفالة الماخوذه منهم بموجب احكام المادة (١٨٢/ج) من العقوبات، ٢- الحكم على المتهم (د ع م) بغرامة مالية قدرها ( ٥٠,٠٠٠) خمسون الف دينار استنادا لاحكام - المادة (١٩٤ / اولاً )) من قانون الكومركي المرقم (٢٣) لسنة ١٩٨٤) وفي حالة عدم دفعها للغرامة - حسبها لمدة (١٥) يوماً -٣- الحكم بتفكيك السيارة المرقمة (......) فحص موقت سليمانية ) نوع دوج جالجر صالون لون اسود موديل (٢٠١٧) بموجب التعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٠) ٤- اعادة التامينات الماخوذه منه والخاصة بالسيارة موضوعة الدعوى بموجب الوصل المرقم (...) في ٥/٤/٢٠١٩ من مديرية كمرك باشماخ عن طريق شركة( ..... )بموجب التعليمات المعمولة بها بالسيارة المفككة بعد تقطعيها بموجب التعريف الكمركي، ٥-اعادة التأمينات الماخوذة من مالكها الشرعي بعد اكتساب الحكم الدرجة القطعية - تقدير العاب المحاماة للمحامي المنتدب (ب) (١) بمبلغ قدره ( ٦٠,٠٠٠) ستون الف دينار بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية. ولعدم قناعة المتهم بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية المؤرخة في ١١/٤/٢٠٢٢. ولدى ورود الأضبارة الى هذه الهيئة ووضعت قيد التدقيق والمداولة.

**القرار:**

بعد التدقيق والمداولة وجد أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية و لدى امعان النظر في قرار كمرك السليمانية بتأريخ ٣٠/٣/٢٠٢٢ وفي الدعوى كمركية المرقمة (١٥ / ٥ / ٢٠٢١) بادانة المتهم (د ع م ) وفق أحكام المادة ( ١٩٤ / اولاً أ و ب - (٣) من قانون الكمارك ولحكم عليه بغرامة ماليه قدره (٥٠,٠٠٠) دينار تبين أنه صحيح وموافق للقانون لثبوت قيامه بادخال السيارة موضوعة الدعوى الى داخل اراضي الاقليم على اعتبارها موديل (٢٠١٨) في حين انها موديل ٢٠١٧ وظهر فيما تلاعب واختلاف في رقم الشاصي بموجب محضر الكشف المشترك من قبل اللجان المشكلة في مديرية مرور السليمانية لذا تقرر تصديق قرار الادانة تعديلاً بحذف مواد الاشترك منه وتصديق قرار العقوبة وسائر الفقرات الحكمية الأخرى الصادرة في الدعوى وصدر القرار بالإتفاق في ٢٢/٥/٢٠٢٢ . لموافقتها للقانون مع تنوية المحكمة الى ان العضو الايسر لم يوقع على كل النسخ من قرار الادانة .

کتێبخانەی کتێب

## (٤)

**رقم القرار: ١١٨ / الهيئة الجزائية - الثانية / ٢٠٢٢**

**جهة الاصدار: محكمة التمييز اقليم كوردستان**

**التاريخ: ١ / ٢ / ٢٠٢٢**

**مبدأ الحكم:**
ان طلب المتهم من محكمة الجنايات أثناء تدوين اقواله (بنقل) دعواه الى المحاكم الفيدرالية ، يجعل من اللازم على المحكمة وقبل حسمها للدعوى البت في الطلب وذلك برفعه الى محكمة التمييز للنظر فيه وفق القانون .

**نص الحكم:**
اصدرت محكمة جنايات السليمانية / ٣ قرارها المؤرخ ٢١/١١/٢٠٢١ وفي الدعوى الجزائية المرقمة ٢٠٥ / ت / ٢٠٢١ توجيه خمس تهم الى المتهم (هـ / و / م / كل تهمة وفق المادة (٢٢٦) من قانون العقوبات وحكمت عليه بمقتضاها بالحبس لمدة (١) سنة واحدة عن التهمة الاولى و (٦) ستة اشهر لكل من التهمة الثانية والثالثة والرابعة والخامسة وتنفذ عليه بالتعاقب ، مع احتساب مدة موقوفيته من ١٢/١٢/٢٠٢٠ لغاية ١٩/٤/٢٠٢١ و ١٩/١٠/٢٠٢١ لغاية ٢٠/١١/٢٠٢١، والاحتفاظ بحق المشتكى مجلس القضاء للمطالبة بالتعويض بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية ، حكماً حضورياً قابلاً للتميز ، ولعدم قناعة المميز المتهم اعلاه بالقرار المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً لدى هذه المحكمة بواسطة وكيله المحامي اعلاه بلائحته التمييزية المؤرخة في ١٥/١٢/٢٠٢١ طلب فيها نقض القرار للاسباب الواردة في اللائحته ، ولدى ورودها سجلت ووضعت قيد التدقيق والمداولة.

**القرار:**
لدى التدقيق والمداولة وجد أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً ، ولدى عطف النظر على القرارات التي اصدرتها محكمة جنايات السليمانية بتاريخ ٢١/١١/٢٠٢١ في الدعوى الجزائية المرقمة ٢٠٥ / ج ٣/ ٢٠٢١، تبين أنها غير صحيحة ومخالفة للقانون ، حيث ان المتهم (هـ / و / م ) قد طلب من محكمة الجنايات أثناء تدوين اقواله (نقل) دعواه الى المحاكم الفيدرالية، مما يقتضي معه قبل حسم الدعوى البت في الطلب وذلك برفعه الى محكمة التمييز للنظر في الطلب وفق القانون وحيث ان هذا الخطأ الأصولي يخل بالحق في المحاكمة العادلة عليه قرر نقض كافة القرارات الصادرة في الدعوى اعادة اوراق الدعوى الى محكمتها لأتباع ما سلف بيانه، وذلك إستناداً لاحكام المادة ٢٥٩/١/٧ من قانون اصول المحاكمات الجزائية رقم ٢٣ لسنة ١٩٧١ المعدل وصدر القرار بالأتفاق في ١/٢/٢٠٢٢ .

# قرارات و فتاوى في القانون الاداري
## (١)

**رقم الفتاوى: ٣٤ / ٢٠١٣**
**جهة الاصدار: مجلس شورى اقليم كوردستان**
**التاريخ: ٢٩ / ١٠ / ٢٠١٣**

**مبدأ الحكم:**
إن الحكومة، تعد حكومة تصريف اعمال بحكم عدها مستقيلة عند بدء ولاية الدورة البرلمانية الجديدة لحين تشكيل الحكومة المنبثقة عن البرلمان الجديد.

**نص الفتاوى:**
تطلب وزارة العدل في إقليم كوردستان. العراق بكتابها المرقم (١٦٥) في ٢١/١٠/٢٠١٣، المرفق به كتاب رئاسة مجلس الوزراء / رئاسة الديوان المرقم (١٠٠١٤) في ٢١/١٠/٢٠١٣ ، الرأي من مجلس شورى إقليم كوردستان حول متى تعد حكومة إقليم كوردستان العراق حكومة تصريف أعمال.
استناداً إلى مبادئ القانون الدستوري، والتجارب الدستورية للدول التي تتبع النظام السياسي ذاته المطبق في إقليم كوردستان العراق، ولعدم وجود نص يحدد الفترة التي تمارس فيها الحكومة أعمالها بصفة عادية أو بتصريف أعمال، في المرحلة الانتقالية بين الدورات البرلمانية المتلاحقة، فإن الحكومة تعد حكومة تصريف أعمال عند إقالتها، أو قبول إستقالتها، أو عدها في حكم المستقيلة، والحكومة تعد في حكم المستقيلة، عند بدء أعمال الدورة البرلمانية الجديدة، لحين تشكيل الحكومة المنبثقة عن البرلمان الجديد.

## (٢)

**رقم القرار: ٧٤ / الهيئة العامة / انضباطية / ٢٠١٣**

**جهة الاصدار: الهيئة العامة لمجلس شورى لاقليم كوردستان**

**التاريخ: ٢٣ / ٧ / ٢٠١٣**

**مبدأ الحكم:**

لا تسري القرارات الادارية بأثر رجعي على الوقائع السابقة ما لم ينص القانون على خلاف ذلك .

**نص الحكم:**

ادعى وكيل المدعي ( ت. ر. ع) في الدعوى المرقمة (٢٢/ الهيئة الانضباطية /٢٠١٣) بانه موظف بعنوان مشرف اختصاصي في علوم الكيمياء على ملاك وزارة التربية لاقليم كوردستان ، وبتاريخ ١٥/١١/٢٠١١ قدم طلبا للقبول ضمن برنامج تنمية الموارد البشرية للدراسة خارج الاقليم بموجب تعليمات وشروط وزارة التربية المرقم (١٩٧) في ١٦/١٠/٢٠١١ ، وتم قبوله في الدورة الثانية للدراسة للحصول على شهادة الماجستير في اختصاص الكيمياء ، وبعد استكمال جميع الاجراءات القانونية والموافقات من الجهات المعنية طلب موكلي منحه اجازة دراسية بموجب التعليمات ، وحصل موكله على كتاب عدم ممانعة من وزارة التربية لغرض الدراسة واثناء ذلك صدر أمر من مجلس الوزراء يشترط في المرشح للدراسة ضمن برنامج تنمية الموارد البشرية بان لا يزيد عمره عن (٤٠) سنة ، ونتيجة ذلك لم يوافق المدعى عليه اضافة الوظيفته على سفر موكله وتبلغ بذلك قبل موعد سفره ب (٦) سنة ايام ، علما بان موعد دراسة اللغة كان بتاريخ ١٧/١/٢٠١٣ في المملكة المتحدة ، لذا طلب دعوة المدعى عليه اضافة الوظيفته المرافعة والحكم بالزامه بمنحه الإجازة الدراسية وتعويضه عن الاضرار المادية والمعنوية التي لحقت موكله نتيجة فقده فرصة الدراسة في جامعة نيوكاسل خلال تلك السنة ، ونتيجة المرافعة الحضورية العلنية وبحضور عضو الادعاء العام ) لي في اصدرت الهيئة الانضباطية بتاريخ ١١/٦/٢٠١٣ حكما حضورياً قابلاً التميز يقضي بالزام المدعى عليه اضافة الوظيفته بعدم ممانعة المدعي (ت. ر.ع) والإجازة الدراسية الممنوحة له مع عدم سريان اثار و احكام القرار المرقم (٢٠٤٢٠) في ٢٣/٩/٢٠١٢ الصادر من مجلس الوزراء على الإجازة الدراسية الممنوحة المدعي مع تحميل المدعى عليه اضافة الوظيفته المصاريف واتعاب المحاماة لوكيل المدعي المحامي د. أنت مبلغ قدره (١٥٠٠٠) خمسة

عشر الف دينار يصرف وفقا للتفصيل الوارد في المادة ٣٥/ثالثا من قانون المحاماة رقم (١٧) لسنة ١٩٩٥ المعدل النافذ في الاقليم، والعدم قناعة المدعى عليه بالحكم المذكور طعن فيه تمييزاً امام الهيئة العامة المجلس شورى اقليم كوردستان بموجب الا تحته التمييزية المقدمة من قبل وكيله والمدفوع عنها الرسم بتاريخ ٢٣/٦/٢٠١٣ طالباً الاسباب الواردة فيها وسجلت لدينا تحت (٧٤/ الهيئة العامة / انضباطية / ٢٠١٣) ، كما وطعنا فيه عضوا الادعاء العام في هيئة انضباط موظفي اقليم كوردستان بموجب لاتحتهما التمييزية المقدمة بتاريخ ٢٤/٦/٢٠١٣ طالبين نقضه للاسباب الواردة فيها وسجلت لدينا تحت عدد (٧٥/ الهيئة العامة / انضباطية /٢٠١٣) ، وبعد ورودها الينا مع اضبارة الدعوى نقطه عند وضعت موضع التدقيق والمداولة لدى الهيئة العامة .

**القرار:**

لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعنين التميزين مقدمات ضمن العدة القانونية ، قرر قبولهما شكلاً ولتعلقهما بنفس الحكم قرر توحيدهما والنظر فيهما معاً واعتبار الطعن المقدم اولا هو الأصل لسبق التقديم ولدى عطف النظر على القرار المميز تبين انه صحيح وموافق للقانون ، حيث ان المدعي قد حصل على موافقات الجهات المعنية لمنحه الاجازة الدراسية وفقا للتعليمات المرقمة (١٦٥) لسنة ٢٠١١ الصادرة في ٢٧/٦/٢٠١١ والتعليمات المرقمة (١١) في ٢٦/٣/٢٠١٢ الصادرة من وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان، ومن ثم لا يمكن ان تسري القرارات والتعليمات التي صدرت بعد هذه التواريخ بأثر رجعي على الوقائع السابقة مالم ينص القانون على خلاف ذلك ، وحيث ان الحكم المميز التزم وجهة النظر القانونية اعلاه يكون قد التزم صحيح القانون عليه قرر تصديقه ورد اللائحة التمييزية وتحميل المميز المدعى عليه رسم التمييز وصدر القرار بالاكثرية في ٢٣/٧/٢٠١٣ .

## (٣)

**رقم القرار : ١٣١ / الهيئة العامة / ادارية / ٢٠١٢**

**جهة الاصدار: الهيئة العامة لمجلس شورى لاقليم كوردستان.**

**التاريخ: ٣١ / ١٢ / ٢٠١٢ .**

**مبدأ الحكم:**

اذا انصب موضوع الدعوى على الاخلال بالتزام عقدي فأنه يخرج عن اختصاص المحكمة الادارية و يدخل ضمن اختصاص محكمة البداءة .

**نص الحكم:**

ادعى وكيل المدعي في الدعوى المرقمة (٩٦/ك / ٢٠١٢) لدى المحكمة الادارية في اربيل بان المدعى عليه قام بخصم مبلغ (٣٤١٥٥١٥٦) اربعة و ثلاثون مليون و مائة و خمسة وخمسون الف ومائة وستة وخمسون دينار كغرامة تأخيرية لمدة (١١) احدى عشرة يوما من انجاز بناء مدرسة مكونة من ثمانية عشرة صفا في مدينة كفري و رغم اعلام وكلاء المدعى عليه بان سبب التاخير يعود الى هطول الامطار ، و رغم صدور أمر من مجلس الوزراء المرقم (٣٨٠٨) في ١٢/١/٢٠١١ المتضمن تعويض منفذي المشاريع في موعدها المحدد بسبب الامطار ، و ان المبلغ المستقطع من موكله كغرامة تاخيرية يلحق الضرر به ، عليه طلب دعوة المدعى عليه إضافة لوظيفته للمرافعة و الحكم بالغاء مبلغ الغرامة عن احدى عشرة يوما) و تحميله المصاريف واتعاب المحاماة ونتيجة المرافعة الحضورية العلنية وبحضور عضوي الادعاء العام في المحكمة الادارية (ك) . ف . م و ق . ح . ش) اصدرت المحكمة المذكورة بتاريخ ١٨/١١/٢٠١٢ حكما حضوريا قابلا للتمييز يقضي برد دعوى المدعي شكلا وتحميله المصاريف و اجور وكلاء المدعى عليه مبلغ قدره (٣٠٠٠٠) ثلاثون الف دينار توزع عليهم وفق التفصيل الوارد من المادة ٣٥ ثالثا من قانون المحاماة ، ولعدم قناعة المدعي بالحكم المذكور اعلاه طعن فيه تمييزاً امام الهيئة العامة لمجلس شورى اقليم كوردستان بموجب لائحته التميزية المقدمة و المدفوع عنها الرسم في ٣/١٢/٢٠١٢ طالبا نقضه للاسباب الواردة فيها وبعد ورودها الينا مع اضبارة الدعوى وضعت موضع التدقيق والمداولة لدى الهيئة العامة.

**القرار:**

لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية ، قرر قبوله شكلا ، و لدى عطف النظر على القرار المميز تبين انه غير صحيح و مخالف للقانون ، حيث ان موضوع الدعوى ينصب على إخلال

بالتزام عقدي والحالة هذه يخرج النزاع من اختصاص المحكمة الادارية و يدخل ضمن اختصاص محكمة البداءة و حيث ان الدفع بالاختصاص الوظيفي من النظام العام تحكم به المحكمة من تلقاء نفسها ، و يجوز إبداؤه في أية حالة تكون عليها الدعوى ، وحيث ان هذا النوع من الدفع يقدم على غيره من الدفوع ، لذا كان على المحكمة ان تحيل الدعوى على المحكمة المختصة تطبيقا لاحكام المادة (٧٨) من قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ المعدل وحيث ان الحكم المميز قد خالف وجهة النظر المتقدمة ، عليه قرر نقضه وإعادة أوراق الدعوى إلى محكمتها للسير فيها على وفق المنوال المشروح أعلاه على ان يبقى رسم التمييز تابعا للنتيجة وصدر القرار بالاتفاق في ٣١/١٢/٢٠١٢ .

هەولاتەی کتێب

# القرارات التمييزية الاتحادية
## قرارات في القانون المدني
## (١)

**رقم القرار: ٣٤٨ / علاقة زراعية / ٢٠٠٩**

**جهة الاصدار: محكمة التمييز الاتحادية**

**التاريخ: ٢٠٠٩/١/٢٩**

**مبدأ الحكم:**

اقامة دعوى منع المعارضة وطلب تسليم الارض المغصوبة لايجوز اقامتها على من له علاقة زراعية في هذه الارض وقيام صاحب العلاقة الزراعية بغرس الاشجار يشكل دعوى مستقلة لرفع التجاوز لأن العلاقة الزراعية لاتخول صاحبها حق الغراس .

**نص الحكم:**

لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على الحكم المميز وجد ان المميزين /المستأنف عليهم/ المدعين / كانوا قد اقاموا دعواهم البدائية ٦/ب/٢٠٠٨ المستانف حكمها بالاضبارة المميز حكمها على المميز عليه / المدعى عليه / المستانف طالبين الزامه بمنع معارضته لهم لجزء من القطعة ١/٤٧ م٦ (امام مدّين) بحجة انه قد غصبها وتبين من التحقيقات الجارية من قبل محكمة البداءة ان هناك مساحة ٤ دونم من القطعة مزروعة بالاشجار وحيث قد ثبت من ان المميز عليه /المدعى عليه/فلاّح في عموم القطعة اعلاه فيكون استغلاله لها بموجب علاقته الزراعية ولايعد غاصباً لمنفعتها فلا تصح دعوى منع المعارضة بالانتفاع وطلب تسليم هذا الجزء اما بالنسبة للادعاء بشان تجاوز المميز عليه على الارض بغرسها بالاشجار الدائمية فانه يشكل موضوعاً لدعوى رفع التجاوز ان شاء المميزين اقامتها وان توفرت شروطها ذلك ان العلاقة الزراعية بحد ذاتها لاتبيح للفلاح غرس الاشجار في الارض موضوع تلك العلاقة دون اتفاق مع اصحاب حق التصرف وللاسباب اعلاه تكون دعوى المميزين بطلب منع المعارضة وتسليم الجزء المتنازع عليه غير واردة قانوناً للاسباب المتقدمة وبما ان محكمة الاستئناف قد فسخت الحكم البدائي ورد الدعوى لسبب اخر فيكون حكمها صحيحاً وموافقاً للقانون من حيث النتيجة قرر تصديقه ورد اللائحة التمييزية وتحميل المميزين رسم التمييز وصدر القرار بالاتفاق في ٣/صفر/١٤٣٠هـ الموافق ٢٠٠٩/١/٢٩ م .

## (٢)

**رقم القرار: ٨٤١٠ / الهيئة المدنية / ٢٠٢٣**
**جهة الاصدار: محكمة التمييز الاتحادية**
**التاريخ: ١٨ / ٩ / ٢٠٢٣**

**مبدأ الحكم:**
تعقيب المعاملات في دوائر الدولة محظور قانوناً لمخالفته النظام العام .

**نص الحكم:**
لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا قرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر في الحكم المميز وجد انه غير صحيح ومخالف لأحكام القانون ذلك أن الثابت من وقائع وادلة الدعوى ان المدعي (المميز عليه طلب الزام المدعى عليه ( المميز) بمبلغ (سبعة ملايين دينار) عن تعقيب انجاز معاملة تقاعدية واستند في ذلك عن الوكالة العامة المصدقة من كاتب عدل (الحلة) بالعدد العمومي (٣٠٣٤٣) في (٢٦/٨/٢٠١٥) وان المحكمة ذهبت الى الحكم للمدعي بمبلغ مليونين وخمسمائة ألف دينار دون ان ترد الدعوى بالزيادة وحيث ما ذهبت اليه المحكمة غير وارد قانوناً لان موضوع تعقيب المعاملات في دوائر الدولة محظور قانوناً لمخالفته النظام العام ثم انه يتعين على المحكمة ان تذكر في حكمها الأوجه التي حملتها على قبول او رد الادعاءات والدفوع التي أوردها الخصوم والمواد القانونية التي استندت اليها عملاً بأحكام المادة (١٥٩/٢) من قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩) المعدل، فتكون الدعوى والحالة هذه فاقدة لسندها القانوني وحرية بالرد، وحيث ان المحكمة ذهبت الى خلاف ذلك، لذا قرر نقض الحكم المميز وإعادة اضبارة الدعوى الى محكمتها لاتباع ما تقدم على ان يبقى رسم التمييز تابعاً للنتيجة وصدر القرار بالاتفاق في ١٨/٩/٢٠٢٣م.

# قرارات في قانون الجنائي

# (١)

**رقم القرار:١٨١٤/هيئة الاحداث/٢٠٢٣**

**جهة الاصدار: محكمة التمييز الاتحادية**

**التاريخ: : ٢٠٢٣/٩/١٧**

**مبدأ الحكم:**

إن إتحاد المكان والزمان وتعاصرهما يشكل نشاط إجرامياً واحداً ولا تتعدد الجريمة بتعدد المالكين للمسروقات وانما يشكل جريمة واحدة.

**نص الحكم:**

لدى التدقيق والمداولة وجد ان القرار الصادر بالدعوى ٢٣٦/احداث/٢٠٢٣ في ٢٠٢٣/٨/١٤ من محكمة احداث المثنى بإدانة الحدث (ع. ع. ت) وفق احكام المادة ٤٤٣/ ثالثا"/رابعا من قانون العقوبات والحكم عليه بمقتضاها غير صحيح ومخالف لأحكام القانون ذلك لان جريمة السرقة تمت من دار واحدة وفي زمان واحد لذا فأن اتحاد المكان والزمان وتعاصرهما يشكل نشاط اجرامي واحد ولا يتعدد بتعدد المالكين للمسروقات ويشكل جريمة واحدة وحيث ان المحكمة فردت فعل المتهم وادانته عن جريمتين خلافاً لأحكام القانون مما اخل بصحة حكمها المذكور عليه قرر نقض كافة القرارات الصادرة بالدعوى واعادتها الى محكمتها لأجراء المحاكمة مجدداً وتوجيه تهمة واحدة للمتهم عن هذه الجريمة وصدر القرار بالاتفاق استنادا" لأحكام المادة ٢٥٩/أ/٧ من قانون أصول المحاكمات الجزائية في ٢٠٢٣/٩/١٧ .

## (٢)

**رقم القرار: ٥٥ / ٢٠٠٦**

**جهة الاصدار: محكمة التمييز الاتحادية**

**التاريخ: ٣٠ / ١ / ٢٠٠٦**

**مبدأ الحكم:**

اذا رجع المتهم عن اعترافه الوارد في دور التحقيق , أمام المحكمة المختصة موضوعاً وكانت الوقائع المادية تخالف ما جاء بذلك الاعتراف فلا يعتد به .

**نص الحكم:**

لدى التدقيق والمداولة من قبل الهيئة العامة في محكمة التمييز الاتحادية وجد ان وقائع الدعوى وعلى النحو الذي أظهرته وقائعها تحقيقياً ومحاكمة ان مجموعة مسلحة داهمت دار المجني عليه (م ا) بتاريخ ٢٠٠٤/١٢/٧ والواقعة في منطقة المدائن وقامت بخطف المجني عليه مع سيارته حيث تم تسجيل إخبار بالحادث وبعد مرور خمسة اشهر تم العثور على الجثة في مدينة الصويرة حيث تم انتشالها من نهر دجلة من قبل شرطة الصويرة وقد لوحظ أثار التعذيب والرمي بالرصاص على رأس المجني عليه وتم تنظيم شهادة وفاة من قبل مستشفى الصويرة ودفنت الجثة ولم تثبت الأسباب الحقيقية للوفاة في شهادة الوفاة وبتاريخ ٢٠٠٥/٦/٨ تم القبض على المشتبه به (خ ض) وبعد إجراء التحقيق أمام محكمة تحقيق الكوت/الهيئة التحقيقية اعترف المتهم بالجريمة الموضحة أعلاه بالاشتراك مع المتهمين المفرقة قضيتهم حيث قاموا بخطفه من منطقة طاق كسرى قبل حوالي ثلاثة اشهر من تاريخ تدوين أقواله وتم التوجه بالمخطوف إلى مزرعة (خ م) حيث ذبح المجني عليه بالسكين ووضعت الجثة في كيس ورمي في نهر دجلة , هذا الاعتراف الموصوف أعلاه والمدون أمام الهيئة التحقيقية في محكمة تحقيق الكوت كان الدليل الوحيد في القضية وعلى الرغم من كونه الدليل الوحيد ولم يتعزز بقرينة أو دليل أخر فأنه جاء متناقضاً مع أقوال المدعية بالحق الشخصي زوجة المجني عليه (س هـ) حيث ورد في أقوالها أن زوجها قتل رمياً بالرصاص وان شهادة الوفاة لم توضح الأسباب الحقيقية للوفاة يضاف إلى ذلك الاختلاف الحاصل في تاريخ وقوع الفعل حيث جاء بأقوال المتهم انه لا يتجاوز شهر حزيران من عام ٢٠٠٤ بينما أن التاريخ الحقيقي للفعل هو ٢٠٠٤/١٢/٧ , كما إن المتهم رجع عن اعترافه أمام محكمة الموضوع مسبباً ذلك إلى الضغط والإكراه مما يجعل الأدلة والوقائع بالشكل المتقدم يشوبه الشك وعدم الاطمئنان وعلى وجه الخصوص إن عقوبة الجريمة الإعدام وان الأدلة في مثل هذه الجريمة يجب أن تبنى على الجزم

هـو والـتـمـدي كـثـيـر

واليقين, عليه واستناداً لنص المادة ٢٥٩/أ-٦ من قانون أصول المحاكمات الجزائية قرر نقض كافة القرارات الصادرة بالدعوى وإلغاء التهمة والإفراج عن المتهم (خ ض) وإطلاق سراحه حالاً من السجن إن لم يكن مطلوباً عن جريمة أخرى وإشعار دائرة سجنه بذلك وصدر القرار بالاتفاق في ٨/شوال /١٤٢٧ هـ الموافق ٢٠٠٦/١٠/٣٠.

# قرارات في قانون الاحوال الشخصية

# (١)

**رقم القرار: العدد : ٥٠٩٨ / ٢٠٢٢**

**جهة الاصدار: محكمة التمييز الاتحادية**

**التاريخ: ٢٧ / ٣ / ٢٠٢٣**

**مبدأ الحكم:**

اذا لم يتجاوز المحضونون ، الخامسة عشرة من عمرهم تصح الخصومة لوالدتهم المدعية باعتبارها حاضنة لهم .

**نص الحكم:**

ادعت المدعية بواسطة وكيلها لدى محكمة الأحوال الشخصية في الاعظمية بأنها سبق وان استحصلت على قرار يلزم المدعى عليه بتأديته نفقة مستمرة لأولادها علي - عبد الله - رقية) وحيث أنها لا تكفي لسد متطلبات المعيشة لذا طلبت دعوته للمرافعة والحكم بزيادة النفقة المفروضة وتحميله المصاريف والرسوم والأتعاب أصدرت محكمة الموضوع بالعدد ٤٤١ /ش/ ٢٠٢٢ في ٩/٢/٢٠٢٢ حكما حضوريا يقضي برد دعوى المدعية وتحميلها المصاريف والأتعاب ، طعن وكيل المدعية بالحكم تمييزاً في ٩/٣/٢٠٢٢

القرار // لدى التدقيق والمداولة وجد أن الطعن التمييزي واقع ضمن المدة القانونية لذا قرر قبوله شكلا ولدى عطف النظر على الحكم المميز وجد انه غير صحيح ومخالف لأحكام الشرع والقانون لان المحضونين لم يتجاوزوا الخامسة عشرة من عمرهم وبذلك تصح الخصومة والدتهم المدعية باعتبارها حاضنة لهم استنادا لأحكام المادة (٣٠٦/٤) من قانون المرافعات المدنية ، وحيث أن المحكمة أصدرت حكمها المميز دون مراعاة ما تقدم مما اخل بصحته لذا قرر نقضه وإعادة الدعوى إلى محكمتها لإتباع ما تقدم على أن يبقى رسم التمييز تابعا للنتيجة وصدر القرار بالاتفاق في ٢٤ / شعبان / ١٤٤٣ هـ الموافق ٢٧/٣/٢٠٢٢ م .

## (٢)

## رقم القرار: / ٦٢٨٣ / هيئة الأحوال الشخصية والمواد الشخصية / ٢٠٢١
## جهة الاصدار: محكمة التمييز الاتحادية
## التاريخ: ٢٨ / ٤ / ٢٠٢١

**مبدأ الحكم:**
أن ارتفاع تكاليف المعيشة تكون موجبة لزيادة نفقة الأولاد .

**نص الحكم:**
ادعت المدعية بواسطة وكيلها لدى محكمة الأحوال الشخصية في النجف أنها سبق وان استحصلت على قرار يلزم المدعى عليه بتأديته نفقة مستمرة لأطفاله كل من محمد وزينب وملاك) وحيث أنها لا تكفي لسد متطلبات المعيشة لذا طلبت دعوته للمرافعة والحكم بزيادة النفقة المفروضة وتحميله المصاريف . أصدرت محكمة الموضوع بعدد ٦/ /ش/ ٢٠٢٠ وتاريخ ٢٢/٣/٢٠٢١ حكما حضوريا يقضي برد دعوى المدعية وتحميلها الرسوم والمصاريف والأتعاب ، طعنت المدعية بالحكم تمييزا بلائحة وكيلها المؤرخة في ١٨ / ٤ / ٢٠١٢١ .

**القرار:**
لدى التدقيق والمداولة وجد أن الطعن التمييزي واقع ضمن المدة القانونية لذا قرر قبوله شكلا ولدى عطف النظر على الحكم المميز وجد انه غير صحيح ومخالف لأحكام الشرع والقانون لان تقدم من الأولاد وارتفاع تكاليف المعيشة موجبة لزيادة نفقة الأولاد وان ذلك غير مرتبط بزيادة موارد المدعى عليه مما كان يقتضي بالمحكمة إحالة موضوع الدعوى لخبير أو أكثر لتقدير الزيادة في النفقة لأولاد المتداعيين مع توجيه الخبراء بعدم المغالاة بذلك ، وحيث أن المحكمة أصدرت حكمها المميز دون مراعاة ما تقدم مما أخل بصحته لذا قرر نقضه وإعادة الدعوى إلى محكمتها لإتباع ما تقدم على أن يبقى رسم التمييز تابعا للنتيجة وصدر القرار بالاتفاق في ١٦ / رمضان / ١٤٤٢ هـ الموافق ٢٨/٤/٢٠٢١ م .

هەواڵنامەی کتێب

# خستنەڕووی کتێب

# خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی :

# ( الضمانات السياسية لاستمرار الدولة الفدرالية )

نوسینی : پ.د.شۆڕش حسن عمر | خوێندنەوەی : د.ئیسماعیل نەجمەدین

كتێبی ناونیشان هاتو لەسەرەوە یەكێكە لەكتێبە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كاروباری یاسایی (ی.ن.ك)، لەدو توێی نزیكەی ١٠٠ لاپەڕەی قەبارە گەورەدا چاپكراوە. بابەتی كتێبەكە بابەتێكی گرنگ و هەستیارە، بەتایبەت بۆ وڵاتی فیدراڵی عێراق و، لەناو عێراقیشدا بۆ هەرێمی كوردستان و قەوارەكەی.. چونكە لەبنەڕەتدا باس لەو گەرانتیانە دەكات كە وادەكەن ئەزمونی وڵاتێكی فیدراڵی بەردەوامی هەبێت، بەجۆرێك فرە ئاستی دەسەڵات تێیدا هۆكاری بەهێزی و پێكەوەژیان و پێكەوە هەڵكردن بێت، نەوەك ببێتەی مایەی شپرزەیی و فشەڵی و لەدەرەنجامیشداهەڵوەشانەوەی ئەزمونەكەی بەدوادا بێت.

ئەم كتێبە بەزمانی عەرەبی نوسراوە لەلایەن مامۆستا و پسپۆڕی یاسای دەستوریی پرۆفیسۆر دكتۆر شۆڕش حسن عمر، پلانی كتێبەكە بەجۆرێك دارێژراوەكە لە دوو بەش پێكهاتووە لەگەڵ پێشەكییەكدا كەنوسەر تێیدا كورتەیەك دەربارەی بابەتی كتێبەكە شرۆڤە دەكات، دواتر گرنگی بابەتەكە ڕووندەكاتەوە بەو پێیەی هەوڵێكە بۆ دەرخستنی ئەو بنەمایانەی وڵاتی فیدراڵی لەسەر ڕاوەستاوە، ئەو بنەمایانەی گونجاو نیە لێكتر جیابكرێنەوە، چونكە بنەمای پێكەوە بەستراو و تەواوكاری یەكترن، وگەرانتی گەلێك دارێژراوە بۆ پاراستنیان، چ گەرانتی یاسایی بن، كەلە بوونی دەستور و خەسڵەتەكانی خۆی ببینێتەوە بەتایبەت ئەو كاتەی سەربەخۆیی بۆ هەرێمەكان دیاریدەكات و بەشداریان لەحكومەتی فیدراڵیدا بەرجەستە دەكات، یان دەكرێت گەرانتی دادوەریی بن تایبەت بەپێكهێنانی دادگایەكی فیدراڵی بێلایەن لەهەردوو حكومەتی فیدراڵی و هەرێمەكان، هەروەها گەرانتی واقیعیش ڕۆڵی بەرچاو هەیە لەوبارەیەوە، ئەمانەش بەرجەستە دەبێت لەچۆنییەتی پێكهێنانی یەكێتیە فیدرالیەكە لەسەر بنەمای ئارەزومەندانە و دیموكراسیبوون.

بەشی یەکەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی پایە بنچینەییەکانی وڵاتی فیدراڵی، تێیدا نوسەر لەچوارچێوەی دوو تەوەردا هەوڵ دەدات ئەو بنەمایانە گەنگەشە بکات؛ تەوەری یەکەمی تایبەتکردوە بە بابەتی ( دووانەیی دەستور لەوڵاتی فیدراڵی و ڕێگەکانی دابەشکردنی تایبەتکارییەکان)، تەوەرەکەش دابەشکراوە بۆ دووباس: لەباسی یەکەمدا دووانەیی دەستوری باسکردوە، دەستوری فیدراڵی و دەستوری هەرێمەکان لەو نێوەندەشدا بابەتێکی هەستیار و گرنگی خستۆتەگەڕ، کە لەوڵاتانی فیدراڵی جێگەیەکی تایبەتی پێدەدرێت ئەویش هەموارکردنی دەستوری فیدراڵیە..لەباسی یەکەمدا، نوسەر تیشکی خستۆتە سەر سەر گرنگی بێ ئەندازەی دەستوری فیدراڵی لەپێکهاتن و ژیانی وڵاتی فیدراڵیدا، بەو پێیەی ئەم دەستورە وەزیفەیەکی گرنگی هەیە تایبەت بەدیاریکردنی سنوری دەسەڵاتەکان ( فیدراڵی و هەرێمەکان).. بۆیە دەستورێکی گشتگیر هەیە بەسەر تەواوی سنوری وڵاتەکەدا جێبەجێ دەبێت. لە لقی یەکەمی ئەم باسەدا شەنوکەوی چۆنییەتی دانانی دەستوری فیدراڵی و سیماکانی کراوە. بەجۆرێك دەستوری ئەو وڵاتە فیدراڵیانەی لەڕێگەی گواستنەوە لە وڵاتێکی سادەدە وە بۆ وڵاتێکی فیدراڵی ئەوا بەهەمان شێوەی دەستوری وڵاتانی ئاسایی یان سادە دادەنرێن، لەڕێگەی ئەنجومەنی دامەزراندن یان لەڕێگەی ڕاپرسی دەستورییەوە، لەهەردوو باریشدا ڕەزامەندی هاوڵاتیانی یەکە فیدراڵیەکانی لەسەربێت لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە لەئەنجومەنی دامەزراندن . هەرچی ئەو وڵاتە فیدراڵیانەیە کە لەڕێگەی یەکگرتنی ژمارەیەك لەوڵاتانەوە پێکدێت، ئەوا ڕێکارەکانی دانانی دەستور بەڕێکەوتننامەیەك دەستپێدەکات کەپایەکانی وڵاتە فیدراڵیەکەی تێدا دیاریکراوە و، پرۆژەی دەستورە فیدراڵیەکەشی پێوە هاوپێچ دەکرێت. دوای پەسەندکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیە لەلایەن وڵاتانەوە، دەخرێتە بەردەست ئەنجومەنی دامەزراندنی هەر وڵاتێك، گەر ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕی ئەوا سیفەتی یاسایی بەدەستدەهێنێت. لەگەڵ ئەوانەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت پێکهاتنی وڵاتی فیدراڵی زادەی ئەو ڕێککەوتننامەیە نیە، بەڵکو زادەی ئەو کارەی دەسەڵاتە کەڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە، بۆیە دروستبونی وڵاتەکە کارێکی ناوخۆیە نەوەك نێودەوڵەتیی..

هەروەك دەستوری فیدراڵی باڵاترین یاسای ناوخۆییە لەوڵاتی فیدراڵیدا، بۆیە باڵادەستی هەیە بەسەر دەستورەکانی یەکە پێکهێنەرەکانیدا، و باڵادەستیشی هەیە بەسەر ئەو یاساییانەی کەلەلایەن هەرێمەکانەوە دەردەکرێت، یان بەسەر یاسا فیدراڵیەکانیشدا..

دیارە ئەو باڵا دەستیەش لەهەردوو ڕووی بابەتی و ڕووکارییەوە سەرچاوە دەگرێت، لەڕووی بابەتیەوە گوزارشتە لەئیرادەی هاوڵاتیان و پێکهێنەرە جیاوازەکانی وڵاتی فیدراڵی، هەروەك هەموو ئەو ڕێسا

گشتیانەش لەخۆ دەگرێت، کە پرنسیپە بنچینەییەکانی یاسادانان و ئەوانەی پەیوەندارن بە بونیادنانی سیاسی وڵاتەکەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا دەقگەلێکی لەخۆگرتوە بۆ دابەشکردنی تایبەتکاریەکان لەنێوان دەستە فیدراڵی و هەرێمەکان.

شیاوی باسکردنیشە، ئەم باڵادەستیە وایکردوە دەستوری وڵاتانی فیدراڵی بەردەوام دەستورێکی چەقبەستو بێت و، نەتوانرێت بەهەمان شێوازی دەستوری وڵاتانی یەکگرتوو یان یاسا ئاساییەکان هەمواربکرێتەوە.. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستوری ئەمجۆرە وڵاتانە لەبنەڕەتدا تایبەتکاری و دەسەڵاتەکانی حکومەتە فیدراڵیەکە و حکومەتی هەرێمەکان دیاریدەکات، بۆیە هەر گۆڕانکارییەك و هەموارکردنێك کاریگەری لەسەر پێگەی دەستوریی یەکە فیدراڵیەکان دروستبکات..

هەرچی باڵادەستی ڕووکارییە، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو ڕێکارانەی پێویستن بۆ هەموارەکە، چونکە هەموارکردنی دەستورەکە ئەنجام نادرێت مەگەر بەکۆمەڵێ ڕێکاری دیاریکراو و ئاڵۆز نەبێت.. بۆیە پێویست دەکات دەستوری وڵاتانی فیدراڵی ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و هەموارکردن نەبێتەوە لەلایەن دەسەڵاتی فیدراڵی یان دەسەڵاتەکانی هەرێمەکانەوە..

هەرچی لقی دووەمی باسی یەکەمە، ئەوا نوسەر باس لەئەزموونی وڵاتانی فیدراڵی ئەکات تایبەت بەهەمواری دەستوری فیدراڵی بەو پێیەی ئاڵۆزی هەموارکردنی دەستور وەك یەکێك لەگەرانتیەکانی ئەو وڵاتانە وێنا دەکرێت، ئەوەش هاوشانی کۆمەڵێ پارێزبەندی داڕێژراو تایبەت بەبەشێك لەمادده و بڕگەکانی دەستور کە پەیوەستن بە سروشتی فیدراڵی بوونی سیستەمی وڵاتەکە و ماف و دەسکەوتە دەستوریەکانی هەرێمەکانەوە..

لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی فیدراڵی یەك ڕێکار و شێوازیان دەسنیشان نەکردوە بۆ ئەنجامدانی هەمواری دەستوری فیدراڵی، هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕاپرسی گشتی وەك گرنگترین شێوازی دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ، بەو واتایەی هەمواری دەستورەکە کاتێك دەبێت کە زۆرینە دەنگەکانی لەزۆرینەی هەرێمەکان ڕەزامەندی لەسەر بدەن. دەستوری سویسرا و ئوسترالیا و عێراق لەم نمونانەن. ئەگەرچی لەهەرسێ وڵات ڕێکارەکانی پێشنیازکردنی هەموارکردن و ڕێکارەکانیی دیکەی جیاوازن وەك نوسەر لەم لقەدا باسیکردون.

وهەندێك لەوڵاتە فیدراڵیەکانی دیکە کاریان بە شێوازی دیموکراسیەتی ناڕاستەوخۆ یان نوێنەرایەتی کردوە، بەو پێیەی هەمواری دەستورەکە بەڕەزامەندی نوێنەرانی گەل دەبێت، ئەوەش بەدوو شێواز ڕێکخراوە؛ یان ئەوەیە هەموارەکە پێویستی بەزۆرینەی پەرلەمانی فیدراڵی دەبێت، و زۆرینەی پەرلەمانی هەرێمە ئەندامەکان لەسەر هەموارەکە. وەکو ویلایەتییە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و مەکسیك.. یان شێوازی بەتەنها ڕەزامەندی دەربڕینی پەرلەمانی فیدراڵی لەسەر

هەمەوارەکە بەزۆرینەیەکی تایبەت، وەك وڵاتانی ئەرجەنتین و بەرازیل.

لقی سێیەمی ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی دەستوری هەرێمە فیدرالیەکان، لەبەرئەوەی هەرێمە فیدرالیەکان بەشێك لەتایبەتکاری ناوخۆییان لا دەمێنێتەوە، بۆیە هەریەکەیان دەگونجێ دەستوری تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆ رێکخستنی ئەو تایبەتکاری و دەسەڵاتانە، و بۆ رایکردنی سەروەریی و دەسەڵاتە ناوخۆییەکانیش پێویستیان بەدەسەڵاتە گشتیەکانیش دەبێت(یاسادانان، جێبەجێکردن، و دادوەریی) .

کەواتە لەوڵاتانی فیدرالی دوو جۆر دەستور بەرکار دەبن، دەستوری فیدرالی کە باڵادەستی بەسەر تەواوی وڵاتەکەدا هەیە و دەستوری هەرێمەکان یان یاساگەلێکی بنچینەیی کەپێگەیان باڵاتر لەیاسای ئاسایی لەهەرێمەکاندا و بەکاردەبن بەسەر خودی هەرێمەکە و هاوڵاتیانیدا.. لەگەڵ هەبوونی ئەم مافەشدا بۆ دەستورێکی خودی هەرێمەکان، بەڵام ئەم دەستورە دەبێت هەماهەنگ بێت لەگەڵ بیرۆکەی یاسایی باو و پەیرەوکراو لەوڵاتە فیدرالیەکە. هەر بۆیە وەك نوسەر ئاماژەی بۆ دەکات چەندین کۆتوبەندی دەستوریی لەسەر ئاستی فیدرالی هەن کەپێویست دەکات هەرێمەکان لەکاتی دانانی دەستور و هەموارکردنەوەشیدا پێوەی پابەندبن.

لەباسی دووەمی تەوەری یەکەمدا نوسەر تیشك دەخاتەسەر بابەتی دابەشکاریی تایبەتکاریەکان لەنێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتەکانی هەرێمەکان، وباسکردنی ئەمەش دابەشکراوەبۆ دوولق، لەلقی یەکەمدا هەمو ئەو رێگایانە باسکراون کە لەئەزموونی دەستوری وڵاتانی فیدرالیەوە هەڵێنجراوە بۆ چۆنییەتی ئەو دابەشکردنە، ئەوەش بێگومان پەیوەندار دەبێت بەشێوازی پێکهاتنی خودی وڵاتە فیدرالیەکەوە .. رێگەکانیش وەك نوسەر باسیکردون لەسێ رێگەی سەرەکیدا چڕدەبنەوە ، ئەوانیش ( قەتیسکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان ، قەتیسکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی ، و قەتیسکردنی دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمەکان).

لەلقی دووەمدا نوسەر باس لەبابەتێکی گرنگ دەکات، کەپەیوەنداره بەئاراستەکانی بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی و زیادکردنی تایبەتکاریەکانی گەر لەسەر حیسابی سەربەخۆیی خودی هەرێمەکانیش بێت. ئەو بابەتەی ناوی لێناوە ( ئاراستەی نوێی دابەشکردنی تایبەتکاریەکان).

هۆکارەکانی ئەو ئاراستە نوێیەش دەگەرێتەوە بۆ پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە لەو وڵاتانە روویانداوە، یان بەشێکیان دەگەرێتەوە بۆ ئەو بارودۆخانەی لەسەر گۆرەپانی ناوخۆیی و دەرەکیی روویانداوە.. بۆ ئەوەش ئەو وڵاتانە سودیان لەهەمواری دەستورەکە وەرنەگرتوە بەقەدەر ئەوەی پشتیان بەراڤەکردنی فراوانی ئەو دەقە

دەستوریيانە بەستوەکە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی دیاریدەکەن.. هەروەك ڕێسای قەتیسکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی زیاتر بەتیۆریی ماوەتەوە نەوەك کرداریی..بەجۆرێك خودی ئەو لیستەیەش کەدەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی تێدا هاتوە بەجۆرێك دێت کەزۆر دوورودرێژن و ژمارەیەکی زۆری تایبەتکاری تێدا کۆکراوەتەوە، ئەوەش گەواهیەکەی حاشاهەڵنەگرە کە دەسەڵاتە فیدرالیەکان کە وادەردەکەون سنوردار و بەرتەسك بن لەبنچینەدا وانیە، بەڵکو زۆر بەرفراوانن..

لەرووی ئەزموونیشەوە دادگای باڵای ئەمریکا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە نوێکەرییە گرنگەکان لەو بارەیەوە بە ڕاڤەی دەستوریی لەچوارچێوەی دروستکردن و جێبەجێکردنی ئەوەی ناودەبرێت بە ( تایبەتکارییە ناواخنیەکان-شاراوەکان) ئەوەش لەڕێگەی کنە و پشکنینی دەستور بۆ دۆزینەوەی ئاماژەیەك یان دەستەواژەیەك لێوەی حکومەتی فیدرالی بتوانێت تایبەتکارییەك یان دەسەڵاتێك پیادە بکات.

تەوەری دووەمی بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ بابەتی دووانەیی دەسەڵاتە گشتیەکان لەوڵاتانی فیدرالیدا، وباسکردنیشی دابەشکردوە بۆ دوو باس: لەباسی یەکەمدا دەسەڵاتە گشتیەکانی حکومەتی فیدرالی باسکراوە، لەباسی دووەمیشدا هەمان دەسەڵاتە گشتیەکان لەسەر ئاستی هەرێمەکان باسکراون.

تایبەت بەدەسەڵاتە گشتیەکانی ئاستی فیدرالی، ئەوا نووسەر بەسێ لق هەرسێ دەسەڵاتە گشتیەکەی باسکردوە( یاسادانان، جێبەجێکردن، و دادوەریی)..

دەسەڵاتی یاسادانان لەزۆربەی وڵاتانی فیدرالیدا پێکدێت لەدوو ئەنجومەن: ئەنجومەنێك نوێنەرایەتی گەلی سیاسی دەکات و، ئەنجومەنێك نوێنەرایەتی هەرێمەکان یان ویلایەتەکان دەکات. ئەنجومەنی یەکەم یان ئەنجومەنی گەل بەهەڵبژاردنی گشتی هەڵدەبژێردرێن، ڕێگە و شێواز و ژمارە و ماوەی خولی پەرلەمانیی ئەم ئەنجومەنانە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت.

هەرچی ئەنجومەنی دووەمە؛ ئەوا نوێنەرایەتی هەرێمە پێکهێنەرەکانی وڵاتەکە دەکات، وەك باویشە لەژمارەی نوێنەرایەتیکردنی هەرێمەکان لەم ئەنجومەنەدا کار بەپرنسیپی یەکسانیی کراوە ، لەنمونەی ئەو وڵاتانەش ئەرجەنتین، ئوسترالیا، نیجیریا، مەکسیك، ڕوسیا، سویسرا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا..تد.

لەگەڵ ئەوەشدا بنەمای یەکسانیی نێوان هەرێمەکان لەژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ویلایەتەکان یان ئەنجومەنی فیدرالی یان ئەنجومەنی باڵا لەلایەن بەشێك لەوڵاتانی فیدرالیەوە ڕەچاو نەکراوە، بەڵکو جیاوازی کراوە لەنێو یەکە پێکهێنەرەکانی وڵاتە فیدرالیەکە لەوبارەیەوە، نمونەی ئەو وڵاتانەش نەمسا، بەلژیکا، کەندا ، ئەسیوبیا، ئەڵمانیا، و هندستان. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەو بابەتەش نووسەر نمونەی وڵاتی کەنەدای خستۆتە بەرباسکردن .

هەرچی وڵاتی فیدراڵی عێراقە ئەوا ئەنجومەنی هەرێمەکان کەدەستور ناوی بردوە بە ئەنجومەنی فیدراڵی و نوێنەرانی هەرێمەکان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمدا لەخۆدەگرێت تاوەکو ئێستا دروستنەکراوە و هیچ ویستێکی ڕژد نیە بۆ دروستکردنی .. بەتایبەت خودی دەستورەکە لەماددەی ١٣٧یدا بەجۆرێك لەجۆرەکان ماددەی ٦٥ی پەیوەنداری بە ئەنجومەن فیدراڵی پەکخستوەکاتێك بەپێویستی زانیوە هەموو حوکمە پەیوەندارەکان بەئەنجومەنەکەوە دوابخرێت تاوەکو بڕیارێك لەئەنجومەنی نوێنەرانەوە بەزۆرینەی دوسێیەکی دەنگەکان دەربکرێت دەربارەیی، لەیەکەم خولی هەڵبژاردن دوای بەرکاربوونی دەستوور. ئەو بارەش نوسەر بەئاستەنگێکی ڕونی دەبینێت لەبەرامبەر دروستکردنی ئەو ئەنجومەنە لەداهاتودا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێکهاتە دەستورییەی بۆ ئەنجومەنەکە دیاریکراوە بۆ ئەنجومەنەکە بۆ خۆی ئاستەنگی زیاتری دروستکردووە لەبەردەم پێکهاتنیدا..

هەر لەم بەشەدا نووسەر باس لەچۆنییەتی ڕێکخستنی دەستوری پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات لەنێوان هەردوو ئەنجومەنەکە لەوڵاتانی فیدرالیدا، ئەو ڕێکخستنە بەتەواوی چونیەك نیە، ئەگەرچی زۆرینەی ئەو وڵاتانە دەسەڵاتی یاسادانانی یەکسان دەبەخشێتە هەردوو ئەنجومەنەکە و هیچ یاساییەك دەرناچێت ڕەزامەندی هەردوو ئەنجومەنەکەی لەسەر نەبێت..

هەرچی تایبەتە بە تایبەتکاریی لەدەرەوەی کاری یاسادانان، ئەوا بەشێك لەیاسادانەرانی دەستوریی لەبنەمای یەکسانی نێوان هەردوو ئەنجومەنەکە دەرچوون بۆ بەرژەوەندی ئەنجومەنی هەرێمەکان، لەوەشدا نمونەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باسدەکات ..

هەرچی لقی دووەمە، ئەوا بابەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدرالی خراوەتە بەرباس، تێدا نووسەر باس لەوەدەکات، کە لەوڵاتانی فیدرالیدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن فیدراڵی و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەهەرێمەکانیشدا بوونی هەیە..

لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی پێکهاتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەگۆڕێت بە جیاوازی ئەو سیستەمە سیاسیەی پەیڕەوی لێدەکات، گەر سیستەمەکە سەرۆکایەتی بێت ئەوا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لای سەرۆك کۆمار چڕدەبێتەوە ، وەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. وئەگەر سیستەمی سیاسی پەرلەمانی بێت ئەوا ئەوا پێکهاتەکە دوانەیی دەبێت، سەرۆکی وڵات کە دەسەڵاتەکانی پرۆتۆکۆلی ئەبێت لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران کە لەسەرۆك وەزیرانێکی بەرپرس و ژمارەیەك وەزیر پێکدێت، کەهەریەکەیان بەرپرسی دۆسێیەکی حکومڕانی تایبەت دەبێت. نمونەی ئەم جۆرە ڕێکخستنە لەوڵاتانی فیدراڵی زۆرە (ئوسترالیا، نەمسا، المانیا، هندستان، عێراق).

هەرچی هەردوو وڵاتی ڕوسیا و باشوری ئەفریکایە ئەوا سیستەمی تێکەڵ پەیڕەوی لێدەکەن. و سویسراش سیستەمی

ئەنجومەنەی پەیڕەوی لێدەکات.
کاری سەرەکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارە فیدرالیەکانە لەهەرێمەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەرچی شێوازی ئەو جێبەجێکردنە لەوڵاتانی فیدرالیدا چونیەك نیە ، بەشێك لەوڵاتان کار بەجێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ دەکەن، واتە دەسەڵاتی فیدرالی لەڕێگەی دامەزراوە و فەرمانبەری خۆیەوە جێبەجێیان دەکات لەهەرێمەکان. بەشێکی دیکە، لەڕێگەی شێوازی ناڕاستەوخۆ وە یاسا و بڕیارە فیدرالیەکان دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەش بە سپاردنی ئەرکی جێبەجێکردنەکە بەدەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمەکان لەژێر چاودێری دەسەڵاتی فیدرالی، هەرچی ڕێگای سێیەمە ئەوا تێکەڵەیەکە لە هەردوو ڕێگەی پێشوو بۆ بەشێك لەیاسا و بڕیارەکان حکومەتی فیدرالی دامەزراوە و فەرمانبەری تایبەت بەخۆی جێبەجێی دەکەن، هەرچی بۆ بەشەکانی دیکەیە ئەوا ئەرکی جێبەجێکردنە کە دەسپێردرێتە حکومەتی هەرێمەکان لەژێر چاودێری دەسەڵاتی فیدرالیدا.
لقی سێیەم، تەرخانکراوە بۆ باسکردنی دەسەڵاتی دادوەریی فیدرالی، لێرەدا نووسەر دەڵێت لەبنەڕەتدا دەسەڵاتی دادوەریی لە وڵاتانی فیدرالیدا لەبوونی دادگایەکی باڵادا بەرجەستە دەبێت، کە ئەرکی یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانە دەگرێتە ئەستۆ، کە لەنێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان، یان حکومەتی هەرێمەکان لەنێو خۆیاندا، یان لەنێوان هاوڵاتیانی هەرێمە جیاوازەکان..

هەروەك تایبەتکاری چاودێری دەستورێتیی یاسا فیدرالی و هەرێمەکان دەکات بۆ دڵنیابونەوە لە ڕەوایەتیی دەستوریيان، لەگەڵ چەند تایبەتکارییەکی دیکە کە دەستور دیاریيان دەکات.
لەباسی دووەمدا دەسەڵاتە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمەکان باسکراوە، هەر هەرێمێکی فیدرالی هەمان شێوەی حکومەتە فیدرالیەکە هەرسێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی) هەیە.. لەڕووی پێکهاتە دەگونجێ هاوشێوەی دەسەڵاتی حکومەتە فیدرالیەکە بێت یان جیاواز بێت لەگەڵیدا.. ئەوەش بێگومان لەژێر ڕەوایەتیی دەستورە فیدرالیەکەدا دەبێت..
بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی پرنسیپە گشتیەکانی بەردەوامبوونی وڵاتە فیدرالیەکە، ئەوەش دابەشکراوە بۆ سێ تەوەر: لەتەوەری یەکەمدا نووسەر باس لە لەپێشینەبوونی حکومەتە فیدرالیەکە دەکات لەسەر حکومەتی هەرێمەکان، بەجۆرێك لەوڵاتە فیدرالیەکاندا حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان لەیەك ئاستدا نابن، بەڵکو جۆرێك لەباڵادەستیی یەکەمیان بەسەر دووەمیاندا لەخۆ دەگرێت . ئەو ڕوخسارانەش بەتەنها قەتیس نابێت لەسەر ئاستی دەرەوە، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆش بەدیدەکرێت..
لەسەر ئاستی دەرەوە ڕوخسارەکانی باڵادەستیی حکومەتی فیدرالی بریتین لە( حکومەتی فیدرالی بەتەنها کەسێتی یاسای نێودەوڵەتییە، یەك ڕەگەزنامەیی، یەك هەرێمیی، یەك سەرۆکی وڵات) هەمو ئەوانە پەیوەستن بەحکومەتی

فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان بەهەرەمەند نین لەو ڕوخسارانە.

لەسەر ئاستی ناوخۆش ڕوخسارەکانی ئەو باڵادەستیە بریتین لە ( سەروەری دەستوری فیدراڵی، دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فیدراڵی، دادوەریی فیدراڵی).

باسی دووەمی ئەم تەوەرە ، بابەتی دانانی بەمافی هەرێمەکان لە بڕیاردان باسدەکات، بەو واتایەی هەرێمەکان بەتەواوی ناچنە ژێر ڕکێفی حکومەتە فیدرالیەکەوە، بەڵکو یەکەیەکی خاوەن مافی بڕیاردانن لەسەر ڕێکخستنی سیستەمی یاسایی تایبەت بەخۆیان، بەجۆرێك مافی هەبوونی دەستوری تایبەت بەخۆیان هەیە، لەوەشەوە مافی ڕێکخستنی تایبەتیی دەسەڵاتە گشتیەکانیان دەبێت لەسەر ئاستی هەرێمەکە.

ئەم سەربەخۆییەی هەرێمەکان نووسەر دەیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵێك بنەما، دیارترینیان( بەهرەمەندبوونی هەرێمەکان بەسەربەخۆیی دەستوریی، بەهرمەندبوونی هەرێمەکان بەڕێکخستنی تایبەتی دەسەڵاتە گشتیەکانی تایبەت بەخودی هەرێمەکە، خاوەنداریکردنی هەرێمەکان بۆ تایبەتکاریی دەستوریی، پاراستنی سەربەخۆیی هەرێمەکان لەبەرامبەر وڵاتە فیدرالیەکە ..) .

باسی سێیەمی ئەم تەوەرە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی بابەتی بەرجەستەکردنی بەشداری کاریگەری هەرێمەکان لە حکومەتی فیدراڵی، تێیدا نووسەر ئەو پێدراوانە باسدەکات کە هەرێمەکان دەتوانن بەشداریی کاریگەریان هەبێت لەبڕیاردان و پێکهێنانی ویستی و ئیرادەی وڵاتە فیدرالیەکە..

بەتایبەت جەخت لەسەر دوو بوار دەکات لەو بەشداریکردنەدا زیاتر بەرجەستەن، ئەوانیش پێکهاتەی دەسەڵاتی یاسادانان، و هەمووارکردنی دەستوری فیدراڵی ..

تەوەری دووەمی ئەم بەشەی کتێبەکە، پرنسیپە واقعیەکانی بەردەوامبوونی وڵاتی فیدراڵی باسکراوە، لەڕێگەی دابەشکردنیەوە بۆ سێ باس؛ لەباسی یەکەمدا سروشتی ئارەزومەندانەی پێکهاتنی وڵاتی فیدراڵی شەنوکەو دەکرێت.. بەو واتایەی وڵاتی فیدراڵی وڵاتێك نیە بەزۆر پێکەوە گرێدرابێت، بەڵکو یەککگرتنێکە یەکەکانی بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە دەچنە ناو ئەو یەکێتیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەوڵاتانە دوو هەست بەئاشکرا درکیان پێدەکرێت، هەستێك بۆ یەککگرتن و یەکبوون ، وهەستێك بۆ پارێزگاریکردن زۆرترین ئەندازەی سەربەخۆیی خودی و سەروەرێتی ناوخۆیی..

هەرچی باسی دوەمە، ئەوا بابەتی دروستکردنی یەکێتیی فیدراڵی لەسەر بنەمای ژمارەیەکی لۆژیکی هەرێمەکان وەك پرنسیپێکی دیکەی واقیعی وێنا کراوە لەمەڕ بەردەوامبونی وڵاتە فیدرالیەکە، بەجۆرێك هەموو ئەو وڵاتانەی لەژمارەیەکی زۆر یەکەی فیدراڵی پێکهاتبێتن زیاتر سەقامگیر و جێگیر دەبن و دەرفەتی بەردەوامبونیان زیاتر دەبێت، نمونەی وڵاتانی ئەمریکا و ئەڵمانیا و سویسرا باسدەکات

لەوبارەیەوە .. لەبەرامبەریشدا ئەو وڵاتە فیدرالیانەی ژمارەی هەرێمەکانی کەمن لەدوو یان سێ هەرێم پێکدێن، ئەوا زۆرجار رووبەڕووی بارودۆخی ناسەقامگیری دەبنەوە لەڕووی سیاسی و یاساییەوە . لەو رووەشەوە نمونەی چەند یەکێتیەکی فیدرالی دەخرێتە بەرباس..

باسی سێیەم و کۆتایی، نووسەر باس لەگەرانتیەکی دیکەی بەردەوام بوونی وڵاتی فیدرالی دەکات ئەویش پەیڕەوکردنی دیموکراسیە، بەجۆرێك ئەو یەکێتیانە سیستەمی دیموکراسی تێدا پەیڕەوی کرابێت زۆرتر رووبەڕووی ئاڵنگاریەکان دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت وەك سیستەمێکی فیدرالی .. جیاواز لەو وڵاتانەی پەیڕەوی لەو سیستەمە بەشێوەیەکی واقعی ناکرێت، بەردەوام ئەزمونە فیدرالیەکە دوچاری مەترسی و ئاڵێنگاری توند و قورس دەبێتەوە. لێرەشدا نووسەر باس لەپەرچەکرداری حکومەتی فیدرالی عێراق دەکات بەرامبەر ئەو راپرسیەی لەساڵی ٢٠١٧ لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامدرا گەواهیەکی رونن ئەو ئەزموونە فیدرالیەی لەسەر بنەما و پرنسیپەکانی دیموکراسی بونیاد نەنراوە..

لەکۆتایی بابەتەکەدا، نووسەر چەند خاڵێکی گرنگی لەمەڕ ئەزمونی دەستوری و سیاسی فیدرالی عێراق باسکردووە..

# مجلة المركز القانوني

مجلة قانونية فصلية, يصدرها مركز الشؤون القانونية




## خستنەڕووی کتێب

- خوێندنەوەیەک بۆ پەرتوکی( الضمانات السياسية لأستمرار الدولة الفدرالية )
- نوسینی : پ.د.شۆڕش حسن عمر

العدد 9 السنة الثالث، شباط 2024